# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.502 Wed 1/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | ژمارە 502 چوارشەممە 1/ 7/ 2009




ڕێبین هەردی،

مەترسییەکانی دەستوور

ڕووندەکاتەوە

ل٤، ٥

# کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک/ باڵی ریفۆرم)

# پشتیوانی خۆی بۆ لیستی گۆڕان ڕاگەیاند

**ڕۆژنامە**

کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ باڵی ریفۆڕم پشتیوانی خۆی بۆ لیستی گۆڕان دووپاتدەکاتەوەو داوا لە ئەندامو پێشمەرگەو کادیرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان.

لە ڕاگەیەنراوی ژمارە (٢)ی دا ئەو کۆمیتەیە داوادەکات «ئەو هەڤاڵانەی لە ریزەکانی یەکێتیدا ماونەتەوە لە جێگاکانی خۆیان بمێننەوەو لەکاتی دەنگداندا ویژدانی خۆیان ئاسودە بکەن‌و دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان».

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

**ڕاگەیاندنی ژمارە (٢)ی**
**کۆمیتەی سەرکردایەتي یەکێتی نیشتمانی کوردستان/**
**باڵی ڕیفۆرم**

پاش ئەوەی لە ڕاگەیاندنی ژمارە (١)ی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ باڵی ریفۆرمدا هەڵوێستی ڕوونی خۆمان ڕاگەیاند سەبارەت بە دۆخی نالەباری ناو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان‌و دوای ئەوەی هیچ وەڵامێکی ئەرێنیمان چنگ نەکەوت، تەنانەت زۆر بێباکانە گروپی باڵادەست درێـژەی دا بە ڕەفتارە نادیموکراتەکانی خۆی، درێژەی دا بە تەنگ هەڵچنین بە ئەندامە خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان‌و دیدو بۆچوونیان، درێژەدان بە نانبڕینی کادرو ئەندامانی (ی.ن.ک) و هەڕەشەکردن لە پاروی منداڵ‌و خێزانەکانیان، هەروەها پۆست و پلەسەندنەوەی ئەندامان لە حیزب و حکومەت و هێزە چەکدارەکان ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هیچ ئومێدێکی باش لەم گروپە باڵادەستە ناکرێت، بە دیاریکراویش پاش ئەوەی لە ڕێکەوتنێکی نادیاردا، لەناو ژوورە داخراوەکاندا، گرنگترین پرۆژە کە دەستورە هەڵپروکاند، کە زۆر لە مێژە لە چەکمەجەکاندا قەتیس ماوە نەخراوەتەبەر ڕای گشتی گەلەکەمان لەلایەن پەرلەمانێکی ماوەبەسەرچووەوە کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤دا دەنگی لەسەردراو سەپاندیان بەسەر ئیرادەی گەلەکەماندا، ئەوەش بە فەرامۆشکردنی دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ناوچە جێ ناکۆکەکان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی کوردستان لەلایەک، وە بەم هەنگاوەشیان زەمینە خۆش دەکەن بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندێتی لە بەغدا بۆ هەمان سیستمی سەرۆکایەتی لە کوردستان نەک پەرلەمانی، وە بێ بایەخکردنی سیستمی فیدڕاڵی‌و بەهێزکردنی سیستمی ناوەندێتی لە داهاتوودا لەلایەکی تر.

لەم ساتەوەختە ناسکەی مێژووی گەلەکەماندا، کە ڕیزبەندییەکی نوێ بۆ گـۆڕان لەناو کۆمەڵانی خەڵک بە هەموو چین‌و توێژو پێکهاتەکانی دروستبووە لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بۆ جیابوونەوەی حیزب لە حکومەت بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی‌و دیموکراتیەت بۆ پاوەننەکردنی دەسەڵات بۆ شەفافیەت‌و بۆ نەمانی گەندەڵی‌و بوونی دادپـەروەری کۆمەڵایەتی‌و بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەری لەیەکتری بۆ سەروەری یاسا، بۆ دەستورێک کە لە قازانجی کۆمەڵانی خەڵک بێت دوور لە پاوانکردنی دەسەڵات بۆ ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی‌و جەماوەر لە بڕیاری سیاسی بۆ هێنانەدی سیستمی نوێ. ئا لەم کاتەدا کە گەلەکەمان لەبەردەم چەندین هەڵبژاردندایە لەوانە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، باڵی ریفۆرمی (ی.ن.ک)ڕای دەگەیەنێ کە پاڵپشتی لە لیستی گۆڕان ئەکات‌و داوا لە هەموو هەڤاڵان ئەکات دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان دەنگ بخەنە پاڵ دەنگی ئەو هێزە بەرینەی گۆڕان کە زۆر لە جەماوەرو تێکۆشەرانی حیزب‌و لایەنەکانی ترو خەڵکی بێلایەنی کوردستان جگە لە ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتی‌و هەڤاڵانی پشتگیری ئەکەن، ئەو جەماوەرە بەرینەی کە چەندین خەڵکی هەقبێژی سەربەخۆ لەناوەوەو دەرەوەی وڵات پشتگیریی دەکەن.

گۆڕان ئێستا بووەتە دیاردەیەکی جەماوەری سەرتاسەریی هێندە گەورە، کە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی گەلەکەمان کە مافی دەنگدانی هەیە بە جیاوازی ڕەگەزو بیروبۆچونی جیاوازو پێگەی چینایەتی‌و ئایینی‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ سەرخستنی لیستی گۆڕان. کە بۆ ئێمە سەربەرزییە ببینە پاڵپشتی ئەو ڕەوتەو بەوپەڕی توانامانەوە کار بۆ سەرخستنی بکەین.

جارێکی تر وەک باڵی ریفۆرم داوا لەو ئەندام پێشمەرگەو کادیرو تێکۆشەرانە دەکەین کە هێشتا لەناو ئۆرگانەکانی یەکێتیدان، لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان، ماونەتەوە، داوایان لێدەکەین لە جێگاکانی خۆیاندا بمێننەوە. دڵنیابن کە ئەوان هەروەک جاران هاوڕێ‌و هاوخەباتی ئێمەن، ئێمە چاک دەزانین کە ئەو سیاسەتی پاوانکردنی دەسەڵات‌و دارایـی وڵات لەلایەن حزبەوە بەرژەوەندیی ئابووریی‌و ژیانی خەڵکانێکی زۆری بەستۆتەوە بەخۆیەوە، کە ئەمەش مەترسیدارە. ئا لەم کاتەدا هەڵوێستێک کە گەلەکەمان لە ئێوەی دەوێت تەنها ئەوەیە لەکاتی دەنگداندا ویژدانی خۆتان ئاسودە بکەن‌و دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان، لیستی ئێستاو ئایندەی کوردستان.

بەم ڕاگەیاندنەی باڵی ریفۆرم لە (ی.ن.ک) دەبینە پاڵپشت‌و هاندەرو دەنگدەر لەو ڕەوتە بەرفراوانەی گۆڕان کە جگە لە ئێمە چەندین بەش‌و کەرتی کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیریی‌و سیاسیی لە خۆدەگرێت‌و بۆتە هیواو ئومێدێک کە لە ناخی هەموو هاوڵاتییەکی کوردستاندا وەک مۆم دەدرەوشێتەوە.

**کۆمیتەی سەرکردایەتي یەکێتی نیشتمانی کوردستان/**
**باڵی ریفۆرم**
٢٩/ ٦/ ٢٠٠٩

# ئەمریکا هاوکاری لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردن دەکات

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

سەرۆکی تیمێکی ئەمریکی ڕایدەگەیەنێت، تیمەکەیان هاوکاری لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کۆمسیۆن بە بایەخەوە کار بە سەرنج‌و تێبینییەکانی ئەو تیمە ئەمریکییە دەکات.

لـویـس تـامـلـن، سـەرۆکـی تیمی ئـاوەدانـکـردنـەوەی ئەمریکی ڕایگەیاند: تیمەکەیان لە مامەڵەکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان‌و چۆنێتی بانگەشەکانی هەڵبژاردن، بەشێوەیەکی دروست ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە هاوکاریکردن‌و یارمەتیدانی لیستە ڕکابەرەکانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان. ئاماژەی بەوەشکرد، تیمەکەیان چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەگرێتە ئەستۆو دواتر لە ڕێگەی ڕاپۆرتەوە باڵیۆزخانەی ئەمریکای لێ ئاگادار دەکەنەوە.

تاملن، جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە، کە ئامادەبوونی تیمەکانی ئەمریکا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمدا لە کاتێکدایە، کە تیمێکی دبلۆماسی دیکە لەگەڵ ژمارەیەک ڕێکخراوی دیکەدا چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەکەن.

لویس پێشیوایە، بوونی ئەو تیمە چاودێرانە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن‌و ئەکتیڤکردنی دیموکراسی لای دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

هەندرێن محەمەد ساڵح، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: پێش (١٥)ی ئەم مانگە تیمەکە دەسـت بەکارەکانی خۆی دەکـات، وتیشی: «کۆمسیۆن بەگرنگییەوە کار بە ڕاپۆرت‌و تێبینییەکانی ئەو ڕێکخراوانە دەکات‌و سەرنج‌و تێبینییەکانیان بەهەند وەردەگیرێت».

# کێ لە خروقاتەکان دەپێچێتەوە

ل ٣

# پەیامی نەوشیروان مستەفا بۆ لایەنگرانی لیستی گۆڕان




## پەیامێ بۆ لایەنگرانی لیستی گۆڕان!

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

**پشتیوانان، لایەنگران، دۆستانی لیستی گۆڕان**

وەکو لە پەیامێکی پێشودا هەوڵم دا ئەو ڕاستیەتان بۆ ڕون بکەمەوە کە داواکاری ئێمە بۆ گۆڕان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کراوە کە ڕای جیاوازو موعارەزەی تێدا قبوڵکراوو ڕێزلێگیراوبێ، هەر بانگەشەیەکی هەڵبژاردن نیە، بەڵکو یەکێکە لە بڕوا سەرەکیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و بەجدی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەکات.

ئێمە پشت ئەستور بە خوای گەورەو پشت ئەستور بە میللەتەکەمان ئەمانەوێ کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو کراوە دروست بکەین کە هیچ دەنگێ تیایدا بەهیچ بیانویەک نەچەوسێنرێتەوەو هەمو دەنگێک مافی پارێزراو بێت.

لێرەوە داوا لە هەموو لایەنگرانی بەرفراوانی لیستەکەمان ئەکەم لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا:

– ڕێز لە لایەنگرانی لیستەکانی تر بگرن‌و بەهیچ شێوەیەک ڕەفتاری ناشایستەیان بەرامبەر نەکەن.

– پەیڕەوی یاسا بکەن.

– هەرکەسێ دەستدرێژی‌و ڕەفتاری ناشایستەی بەرامبەر کردن دان بە خۆتاندا بگرن‌و لایەنە پەیوەندیدارە فەرمیەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە.

– داواتان لێدەکەم ڕێز لە یاساکانی هاتوچۆ بگرن‌و نەبنە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ سەرنشینانی ئۆتۆمبێلی ترو ڕێبوارو هاتوچۆکەران‌و پۆلیسی هاتوچۆ.

– ئەبێ هەموتان وا دەربکەون کە بەڕاستی گۆڕانتان ئەوێ، سەروەری یاساتان ئەوێ، ڕێزگرتن‌و پاراستنی مافی هەموو کەسێکتان ئەوێ، تەنانەت ئەوانەش کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێوەدا نین. چونکە ئەمانە داوای ڕاستەقینەو بەرنامەی سەرەکی لیستی گۆڕانن کە ئێوە وا بە حەماسەتەوە پشتیوانیی لێ ئەکەن.

من لەکاتێکدا دەستی یەک بە یەکتان ئەگوشم‌و سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو حەماسەت‌و گڕوتینەی دەری ئەبڕن بۆ سەرکەوتنی لیستی گۆڕان کە لیستی خۆتانە، داواتان لێ ئەکەم بەشێوەیەکی شارستانیانەو مەدەنیانە بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن‌و نەبنە هۆی دروستکردنی هیچ گرژی‌و نائارامیەک. تەنها لە کەشێکی هێمن‌و ئازادا ئەتوانین سەرکەوتن بۆ خۆمان‌و داواکانی ئێوە مسۆگەر بکەین.

لەهەمان کاتدا داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەکەم سنورێک دابنێن بۆ ڕەفتاری دزێوی پۆستەر دڕاندن‌و هەڕەشەکردن لە لایەنگرانی ئێمەو ئازاردانی پشتیوانەکانمان، چونکە ئەم ڕەفتارە لەهەموو ڕویەکەوە دورە لە هەموو ڕێوشوێنێکی شارستانی‌و دیموکراتی‌و ئەبێتە هۆی دروستبوونی گرژی‌و ئاڵۆزان.

دۆستان‌و لایەنگرانی بەرفراوانی لیستی گۆڕان، لەهەر کوێیەک هەن‌و لەهەر شوێنێکی ئەم وڵاتەدا کار ئەکەن هیوام گەورەیە کە ڕەفتارو کردەوەکانتان بەڵگە بێت بۆ ڕاستگۆیی داواو بەڵێنەکانی لیستی گۆڕان. ڕەفتارو کردەوەکانتان نمونەیی بێت‌و بە ئەخلاقێکی بەرزەوە بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕێوەبەرن.

**بۆ پێشەوە بەرەو هەڵبژاردنێکی هێمن... بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە**

**براتان نەوشیروان مستەفا**
٢٠٠٩/٦/٣٠

# کێ لە خروقاتەکان دەپێچێتەوە؟

ئیبراهیم عەلی

هەولێر

## سەرۆکی حکومەت خروقات دەکات

نێچیرڤان بارزانی کە ئێستا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دەکات، هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە وتارێکدا لە ئاهەنگی بانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی لە یاریگای هەولێر بەشداریکردو داوایکرد کە خەڵک دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندیی حیزبیو تایبەتی بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیەو دەبێت کەسی سەرپێچیکەر سزا بدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تائێستا چەند ڕۆژێک بەسەر ئەو خروقاتەی سەرۆکی حکومەتدا ڕۆیشتووە، تائێستا سزای نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت نەدراوە، بەهۆی ئەو پێشێلکارییەی کە ئەنجامیداوە.

غەفور مەخموری، پەرلەمانتارو سەرۆکی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، پێیوایە کە «بە هیچ شێوەیەک نابێت بە سەروەتو سامانی میللەتو کەسە حکومییەکان بانگەشە بۆ لیستێکی دیاریکراو بکەن، ئەگەر بشکرێت ئەوا پێچەوانەی یاسایە».

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا نابێت کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بەکاربێت، جگە لەوەش بەهەموو شێوەیەک بەشداری ئەو کەسانەی کە پۆستی حکومییان هەیە لە ئاهەنگی لیستێکی دیاریکراودا پێچەوانەی یاسایە».

## پۆستەری لیستە جیاوازەکان لێدەکرێنەوە

لە دوای دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستیانکرد بە هەڵمەتی پڕوپاگەندەکردن بۆ لیستەکانی خۆیانو هەڵواسینی پۆستەریش یەکێکە لە ڕێگاکانی بانگەشەکردن بۆ لیستەکانی خۆیان، بەڵام دوای هەڵواسینی پۆستەرەکان بە چەند ڕۆژێک ئەو پۆستەرانە لێدەکرێنەوە، تائێستاش هیچ ئیجرائاتێک لەم بارەیەوە نەکراوە.

غەفور مەخموری سەرۆکی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە بارەی پێشێلکارییەکان بۆ ڕۆژنامە وتی: «لەژێر ناوچەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پۆستەرەکانمان لێکراونەتەوە، هەست دەکەین هەڵمەتێک دەستپێکردووە بۆ لێکردنەوەی پۆستەرەکان، ئێمە داوادەکەین کە ئازادیی بۆ هەموو لایەنەکان هەبێت، دەنگی هاوڵاتییان سەنگی مەحەک بێت».

مەخموری داوادەکات کە ڕێگا لە لایەنە سیاسییەکان نەگیرێت، ئازادیی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان هەبێت، لەهەمانکاتدا ناوبراو داوا دەکات کە هەڵمەتی لێکردنەوەی پۆستەرەکان بوەستێت، بەشێوەیەکی مەدەنیانە مامەڵە لەگەڵ پۆستەرەکان بکرێت.

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لەبارەی ئەنجامدانی پێشێلکارییەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبێت لایەنێک هەبێت کە سکاڵا لە کۆمسیۆن تۆمار بکات، رایبەگەیەنێت کە پێشێلکاریی بەرامبەری کراوە، بەڵام تائێستا تەنیا یەک لایەن سکاڵای تۆمارکردووە، ئەویش هیچ بەڵگەیەکی وانەبووە کە بیسەلمێنێت کە کێ ئەو پۆستەرانەی دڕاندووە، بۆیە دەبێت لەم ڕووەوە بەڵگە هەبێت».

ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن ئەوەی ڕوونکردەوە کە بەدوو ڕێگا لیستەکان سزادەدرێن یەکەمیان ئەو لیستانەی کە پۆستەر بە دیواری دەزگا فەرمیەکان هەڵدەواسن ئاگادار دەکرێنەوە، لەوەی کە خۆیان بڕۆن لێیبکەنەوە، هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر لێیان نەکردەوە ئەوا سزای دارایی دەدرێن».

## بۆچی پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی لێناکرێنەوە؟

لەگەڵ ئەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان لیستە سەرەکیەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنە لە ململانێیەکی سەختدانو هەر لیستەو دەیەوێت زۆرترین کورسی بۆخۆی بەدەستبێنێت، یەکێک لە ڕێگاکانی شکاندنی لیستەکان لێکردنەوەی پۆستەرەکانیانە، ئەوەی جێگای گومانە کە تائێستا لە هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی لێنەکراونەتەوە، تەنیا پۆستەری ئەو لیستانە لێکراونەتەوە کە لە دەرەوەی پارتیو یەکێتی لیستی سەربەخۆیان پێکهێناوە، ئەوەش گومانێک دروست دەکاتو تارادەیەکیش نادیاریی ئەو کەسانە ڕووندەکاتەوە کە هەڵدەستن بە لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستەکانی دیکە.

دەڵێت: «لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان چاودێرەکانی شارەوانی ڕاسپێردراون کە پۆستەرەکان لێبکەنەوە، لە کۆمەڵگای کەڵەک ئەو کەسانەی کە پڕوپاگەندە بۆ لیستەکەی ئێمە دەکەن کە نزیکەی (١١) ماڵ دەبن کارەبای موەلیدەیان لێبڕیون».

## ڕێنماییەکان وەک خۆی جێبەجێ ناکرێن

لەگەڵ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تەواوی لیستە بەشداربووەکانی لە ڕێنماییو یاساکانی خۆی ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام تائێستا وەکو پێویست یاساو ڕێنماییەکان جێبەجێنەکراونو کۆمسیۆنیش هیچ بەدواداچوونێکی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نەداوە.

سەرۆکی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «لیستی کوردستانی تەواوی بۆردەکانی ریکلامکردنیان بۆ خۆیان گرتووەو مەجالی ڕیکلامکردنیان زۆر تەسککردووەتەوە، بۆیە بەو شێوەیە ڕێنماییەکان جێبەجێ ناکرێن».



ئۆتۆمبێلی فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای هەولێر لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بەکاردەهێنرێت

# «یەکێتیو پارتی ڕێگربوون»

# ئازادیی ڕادەربڕین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پەرلەمانی کوردستان زیاترە

فەلاح نەجم

ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بەوەدەدات، کە «ئازادیی ڕادەربڕین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زیاترە لە پەرلەمانی کوردستان»و ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش نەبوونی ئەو چالاکییە دەخاتە ئەستۆی یەکێتیو پارتی.

بەهۆی بوونی لیستی جیاوازو کەسایەتی جۆراوجۆرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆچوونی جیاوازو ڕەخنەگرتن لە حکومەتی ناوەندی زۆر چالاکەو ئەندامانی پەرلەمان ڕێگەی ئەوەیان پێدەدرێت ڕەخنە بگرن.


د. مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە سایتی سبەی ڕاگەیاند: «هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان چەند لیستێکی جیاوازی تێدایە، بەڵام نەیانتوانیوە وەک ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆچوونی جیاواز لەناو پەرلەماندا دروست بکەن، چونکە زۆرینەی ئەندامانی سەر بە پارتیو یەکێتین».

هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش نەبوونی ئەو چالاکییە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەخاتە ئەستۆی یەکێتیو پارتی، محەمەد ڕەفعەت ئەندامی پەرلەمانی کوردستان پشتگیری لە ڕای ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردو بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە پەرلەمانی کوردستاندا بۆچوونی جیاواز هەبوو، بەڵام ئەو بۆچوونانەی لەگەڵ بەرژەوەندی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەدا نەبێت ناهێڵن بەتەواوی باسی بکەیتو لە نیوەی قسەکاندا پێت دەبڕن».

ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان ئاماژەی بە هۆکاری ئەو ڕێگرتنەش کرد لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە، وتی: «ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە، ئەو دوو حیزبە نایانەوێت پەرلەمانی کوردستان وەک ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چالاک بێتو ئەو دوو حیزبە کاریگەریی تەواویان لەسەر پەرلەمان هەیە».

# بانگەشەی دیموکراسیو نادیموکراسی

هیوا جەمال



ئێستا دەسەڵات تینی بۆهاتووە لەبەرامبەر ئەو بانگەشەیەی کە لیستی گۆڕان دەستپێکردووەو بەشێوازێکی پۆستمۆدێرن دەیکات، بۆیە دەیەوێت بە هەندێک ناوناتۆرە ئەو بانگەشە دیموکراسییە لەکەدار بکات.

دەسەڵات کە لەماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا تەنانەت مافی ڕەخنەگرتنیشی لە خەڵک سەندبووەوە، بەتایبەت لەماوەی ٦ساڵی ڕابردوودا بەشێوازێکی دیکە سەرەڕای بەردەوامبوون لەسەر کاری پێشووی بیروڕای ئازادیی لەکەدارکردو بەهۆی ڕاگەیاندنە ساختەکانییەوە ڕاستیو ناڕاستی تێکەڵکردو دەیان کەناڵی دروستکرد بۆ شاردنەوەی دەنگە ڕاستییەکانو ڕەخنە دروستەکان، ئێستا دەیەوێت بانگەشەی هەڵبژاردن کە مۆدێرنترین بانگەشەیەو لیستی گۆڕان دەستپێکردووە لەخەڵک بشێوێنێت.

بە بەراورد بەو وڵاتانەی کە سیستمێکی دیکتاتۆریی حکومیان ناکات، ئەو جۆری بانگەشەیەی ئێستا دەستپێکردوە زۆر هێواشترو ساردترە وەک لە وڵاتانی دیکە ئەنجامدەدرێت.

بۆنموونە تائێستا لیستی گۆڕان لەڕێی کەناڵە ڕەسمییەکانییەوە هیچ هێرشێکی نەکردووەتە سەر کەسایەتی بەرامبەرەکانیو دروشمی کەسی نەدڕاندووەو سزانەدراوە، لەبەرئەوەی پێشێلکاریی نەکردووە، ئەوەندەی من ئاگادارم لەبەرنامەشیدا نییە خۆی بچووک بکاتەوە بۆ ئەوجۆرە بانگەشەیە.

لەبەرامبەر ئەو گومانو هێرشانەی دەکرێتە سەر لیستەکەو کەسایەتییەکانی ناوی، لیستی گۆڕان بەرنامەی خۆی بڵاوکردووەتەوە بە جۆرەها شێوازی یاسایی، هاوشانی ئەوانەش لایەنگرانی بەشێوازێکی پۆستمۆدێرن بانگەشەکەیان وردکردووەتەوەو شەوو ڕۆژ خۆبەخشانەو بێ هیچ ڕێکخستنو ئاراستەکردنێکو بێئەوەی بەزۆر لە دەوامی ڕەسمییان بکەنو لە هۆڵەکانی خوێندنو تاقیکردنەوە بیانهێننەدەرەوەو هەڕەشەیان لێبکەن، بانگەشەیان کردووە.

بانگەشەی نادیموکراسی ئەوەنییە کە بەپێی یاساکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەرنامەو پلاتفۆرمی خۆت بڵاوبکەیتەوەو ئاهەنگ بگێڕیتو جەماوەرو لایەنگرانی لیستەکەت خۆشییەکانیان بە کەیفی خۆیان دەرببڕنو خەوو خواردن لەخۆیان بکەن بە دەنگی بڵند بڵێن «بەوخوایەی بە حەواوە یەکدوڕۆژێکتان ماوە، یان بڵێن گۆڕانە گۆڕانە دەنگمان بۆ نەوشیروانە...»، بەڵکو بانگەشەی نادیموکراسی ئەوەیە کە چەندین کەناڵو بڵاوکراوەت هەبێتو بەناوی خوازراوو جیاجیاوە جنێوو تۆمەت بەسەر خەڵکیدا ببەشیتەوەو تۆمەتی خیانەتکردنو خۆشنەویستنی نیشتمانو هەڵگەڕانەوە بدەیتە پاڵ نەیارەکانتو بۆ ناشیرینکردن، خەڵکی خۆت بەکاربهێنیت بۆ دڕاندنی پۆستەرەکانی خۆتو هەڵواسینی پۆستەری دیکە بەسەر پۆستەرەکانی خۆتدا، بۆئەوەی وای نیشانبدەیت خروقاتکراوە.

بانگەشەی نادیموکراسی ئەوەیە کە ئاڵای گەلێک بە هەرچوار پارچەکەیەوە بۆ خۆت قۆرخ بکەیتو لەژێر پیرۆزیی ئەو ئاڵایەدا هەوڵبدەیت گەندەڵییەکانو شکستەکانت بشاریتەوە، بانگەشەی نادیموکراسی ئەوەیە کە پارەی مافی خەڵکو گشتی بۆ کاری تایبەتی بەکاربهێنیتو بیکەیتە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ حیزبەکەت، بانگەشەی نادیموکراتی ئەوەیە دامودەزگا حکومییەکان بۆ بانگەشەی حیزبی بەکاربهێنیت....

بەبڕوای من ئەوەی ئێستا لایەنگرانی گۆڕان دەیکەن، کە لەوبڕوایەدام زۆرینەی خەڵکی لەگەڵدایە، هێشتا ساردوسڕیی پێوەدیارەو کەمینەی جەماوەرەکەی دەستیانپێکردووە، ئەوەی دەکرێت لەچەند سەعاتێکی شەودایە، بۆیە بۆ ئەم جەژنی گۆڕانو هەڵبژاردنە دەبێت سەرجەم لایەنگران شەوڕۆژ بیکەنە ئاهەنگو سەرجەم شارەکانی کوردستان بتەنن بە گێڕانی ئاهەنگی بەگژداچوونەوەی بتەکانو بێنە بەر تریفەی گۆڕان.

## «ناچارم لە دادگای فیدراڵی شکات لە پەرلەمانی کوردستان بکەم»

# پەرلەمانتارێکی مەسیحی: «دەستووری هەرێم لە دژی مەسیحییەکانەو دەنگی پێنادەین»

هەستیار قادر

ئەندامێکی مەسیحی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەستووری هەرێم لەدژی مەسیحییەکانەو دەنگی پێنادەن و خۆپیشاندانیش لەدژی ئەنجامدەدەن و ئەگەر کێشەکانیان لەو دەستوورەدا چارەسەر نەکرا لە دادگای فیدراڵی عێراقی شکات لە پەرلەمانی کوردستان دەکات.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، کە سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کلدانیە، سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لە پەلەکردن لە تێپەڕاندنی دەستوورو رەخنە لەو پەرلەمانتارە مەسیحییانەش دەگرێت کە لە پەرلەمانی کوردستاندا دەنگیان بە دەستووری هەرێم داوەو دەڵێت: «هەندێک لەو پەرلەمانتارە مەسیحییانە وەک جاشی لایەنی دیکەیان لێهاتووە».

پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووەوە، تەنیا دەرگای رەخنەی لەسەر ناشەرعیبوونی ئەو دەستوورەی نەکردووەتەوە کە لەلایەن پەرلەمانێکەوە کە بۆخۆی لە (٦/٤)ەوە شەرعیەتی یاسادانان و کارکردنی نەماوە، بەڵکو بووەتە جێگای ناڕەزایی مەسیحییەکانیش، لەوبارەیەشەوە ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کلدانی و ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رەخنەی توند لە دەستووری هەرێمی کوردستان دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات کە چەندین نامەو نووسراویان بۆ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ناردووەو تیایدا هەڵوێستی خۆیان روونکردووەتەوە کە ئەو دەستوورە رەتدەکەنەوە، چونکە «ناوێکی نەتەوایەتی لێکدراوی بەسەر مەسیحییەکاندا فەرزکردووە» و وتیشی: «لەگەڵ بەرپرسەکانی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم کۆبووینەوەو سەردانمان کردن، بەڵام بەداخەوە پێش (١٠) بۆ (١٢) سەعات لە دەنگدان لەسەر دەستوور لە هۆڵی پەرلەماندا جارێکی دیکە لەسەر داواکاری لایەنێک گۆڕانکاریی لەو دەستوورەدا کراوە کە ئێمە پێی رازی نەبووین».

زۆری رەخنەی مەسیحییەکان لەسەر دەستووری هەرێم هەڵوێستیانی گەیاندووەتە رەتکردنەوەی ئەو دستوورەو ئەنجامدانی خۆپشاندان لەدژی، تەنانەت پەنابردنە بەر دادگای فیدراڵی عێراقی.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا ئاشکرایکرد، کە وەک کلدانییەکان بەو دەستوورە رازی نابن، ئەگەر بخرێتە راپرسیشەوە دەنگی پێنادەن، وتیشی: «پێدەچێت لەچەند رۆژی دهاتوودا وەک هەڵوێستێک لەدژی دەستووری هەرێمی کوردستان، هاوڵاتییانی مەسیحی لە ناوچە مەسیحییەکان خۆپیشاندان ئەنجام بدەن، چونکە «ئەم دەستوورە لەدژی ئێمە دەرچووەو لەگەڵ دەستووری عێراقیشدا ناگونجێت و ئەگەر کێشەکانی ئەو دستوورە سەبارەت بە مەسیحییەکان چارەسەرنەکرا، ناچارم وەک نوێنەری کلدانییەکان لە دادگای فیدراڵی شکات لە پەرلەمانی کوردستان بکەم».

ئەو پەرلەمانتارە مەسیحییە کە نوێنەری کلدانییەکانی موسڵە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لە پەلەکردن لە تێپەڕاندنی دەستووری هەرێمی کوردستان و دەڵێت: «نازانین بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەوەندە پەلەیکرد لە پەسەندکردنی دەستووردا، دەبوایە ئەو دەستوورە بخرایەتە بەردەم هاوڵاتییانی کوردستان و جێگای داخیشە کە نە سەرۆکایەتی هەرێم و نە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتییان نەکرد لە نوێنەری ئێمە کە کاردینال ئەمانۆێلە، کە بۆ ئەو مەبەستەش نامەیەکی بۆ ناردوون».



هەڵوێستی پەرلەمانتارە مەسیحییەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بووەتە جێگای گلەیی لایەنە مەسیحییەکان و بە وتەی ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، تەنیا یەک پەرلەمانتاری مەسیحی کە سەر بە پارتی دیموکراتی کلدانی بووە دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستانی بەجێهێشتووەو قایلنەبووە دەنگ بە دەستووری هەرێم بدات و وتیشی: «جێگای داخە کە پەرلەمانتارە مەسیحییەکانی دیکە هەڵوێستیان نەبوو بەرامبەر بە دەستوورو هەندێکیان وەک جاشی لایەنی دیکەیان لێهاتووە، ئەوکەسانەش راکانیان رای میللەت نییەو بەدەنگی خەڵک نەچوونەتە پەرلەمان و ئێمەش وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوەی مەسیحی لە کوردستان و عێراقدا هەست دەکەین کە هیچ مافێکمان نییە لە کوردستاندا».

## رۆژانە سەدان شۆفێری بیانی بێ پشکنین دێنە هەرێم

سەرکەوت لەتیف

سەرەڕای مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای بەراز لە کوردستان، تائێستا رێوشوێنی تەندروستی پێشکەوتوو لە خاڵە سنوورییەکان بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە نەگیراوەتەبەرو رۆژانەش سەدان شۆفێری بیانی لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیلەوە دێنە هەرێمی کوردستان، بەڵام تەنیا پشکنین بۆ گەشتیارەکان دەکرێت.

لەگەڵ راگەیاندنی چەند حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای بەراز لە هەرێمی کوردستان مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە زیاتر دەبێت و رۆژانەش بە سەدان گەشتیار روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەرپرسی ئاسایشی خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل، عەبدولوەهاب محەمەد، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لیژنەی تەندروستی ئیبراهیم خەلیل ئامادەکاری خۆیان کردووەو رۆژانەش پشکنین بۆ ئەو گەشتیارانە دەکەن کە لە تورکیاوە دێن و ئێمە لێرە ئامێری تاقیگەی پێشکەوتوومان نییە، کە بە تەواوەتی ئەنجامەکە ئاشکرا بکات، پێموابێت لە هەرێمی کوردستانیش ئەوە نییە، بەڵام لیژنەکە بەپێی نیشانەو ئاماژەکان گومانیان لەهەرکەس هەبێت رێگەی پێنادەن بێتە هەرێمی کوردستان».

روونیشی کردەوە «تائێستا هیچ کەس لە ئیبراهیم خەلیلەوە بەگومانی توشبوون بە ئەنفلۆنزا نەگەڕێنراوەتەوە بۆ تورکیا».

بە وتەی ئەو بەرپرسەی ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل ئەوەی کارەکەی زەحمەتکردووە هاتوچۆی رۆژانەی شۆفێری بارهەڵگرە بیانییەکانە، کە زۆرترین مەترسی توشبوون بە ئەنفلۆنزایان لێدەکرێت».

رۆژانە زیاتر لە (٣٠٠-٤٠٠) شۆفێری بیانی لە ئیبراهیم خەلیلەوە دێنە عێراق، پشکنینیش بۆ تەواوی ئەو شۆفێرانە زەحمەتە، هەرچەندە لیژنەی پزیشکی پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکات، بەڵام ئەوە گەرەنتی نییە.

دەروازەی ئیبراهیم خەلیل یەکەمین دەروازەی عێراقە لەگەڵ ئەوروپاو رۆژانە بەسەدان شۆفێرو گەشتیارو بازرگان لەم خاڵە سنوورییەوە دێنە عێراق.

## ناڕەزاییەکانی دژی تێپەڕاندنی دەستوور درێژەی هەیە

سامان بەشارەتی
پشتیوان سەعدوڵڵا

بە مەبەستی رەتکردنەوەی دەنگدان لەسەر پرۆژەدەستووری هەرێمی کوردستان، کە وابڕیارە لە (٧/٢٥)دا بخرێتە راپرسییەوە، کۆمەڵێک رۆشنبیرو کەسی سەربەخۆ کەمپەینێکیان پێکهێناو هاوکات دوێنێ ژمارەیەک ئەندازیاری شاری هەولێر بەیاننامەیەکیان لە دژی پەسەندکردنی دەستوور دەرکردو لەو بەیاننامەیەدا کە وێنەیەکی بۆ رۆژنامە نێردراوە، (٣٩) ئەندازیاری شاری هەولێر، دەڵێن: «ئەم دەستوورەی هەرێم مەترسییەکانی دەرەوە لەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات، بەشێوەیەکی کرچوکاڵ خراوەتە بەردەم خەڵکی کوردستان و پەلەی زۆری تێدا کراوە، بۆ ئەوەی لەم خولەی پەرلەماندا پەسەندبکرێت، کە ئەمەش هەڵەیەکی مێژوویی دەبێت بۆ پەرلەمان».

ئەو ئەندازیارانە داوا لە پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن، کە هەرچی زووترە پرۆسەی دەنگدان بۆ ئەم دەستوورە دوابخەن و هەموارکردنەکەی بسپێرن بە پەرلەمانی داهاتوو، ئەم داواکارییەشیان لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای خەڵکی کوردستاندایە.

هەر دوێنێش کۆمەڵێک کەسی سەربەخۆو رۆشنبیرو بەرپرسیار کەمپەینێکیان بۆ تێنەپەڕاندنی دەستوور پێکهێناو داوای پشتگیریی لە هاوڵاتییان دەکەن و لە راگەیەنراوێکیاندا داوادەکەن، بڕیارەکەی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو هەڵبوەشێنرێتەوەو دەنگدان لەسەر دەستوور دوابخرێت.

ئەژی جەمال، یەکێکە لە هەڵسوڕاوانی کەمپەینەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو کەمپەینە بۆ ئەوەیە کە هاوڵاتییانی کوردستان دەنگی لەسەر نەدەن و فشارێکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی پەرلەمان.

## حکومەت بە پارەی هاوڵاتییان قیرتاو دەکات و لە بانگەشەدا وەک دەستکەوت باسی دەکات



بەرهەم خالید

شارەوانیی سلێمانی پارەی ئەو قیرانە لە هاوڵاتییان وەردەگرێتەوە، کە بۆ گەڕەکەکانی ئەنجامداوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە یەکێتی و پارتی ئەو پرۆژانەی حکومەت وەک چالاکی خۆیان دەخەنەڕوو وەک بەشێک لە بانگەشەی هەڵبژاردن.

پاش ئەوەی لە چەند هەفتەی رابردوودا حکومەتی هەرێم چەند پرۆژەیەکی قیرتاوکردنی لە چەند گەڕەک و شەقامێک ئەنجامداو لە راگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە وەک بەشێک لە چالاکی حیزب و حکومەت خرانەڕوو، ئێستا لەکاتی مامەڵەکردنی هاوڵاتییاندا لە بەڕێوەبەرێتییەکانی شارەوانی پارەی قیرانە لە هاوڵاتییان وەردەگیرێتەوە.

عوسمان حاجی خدر، دانیشتووی گەڕەکی زەرگەتەی کۆن باس لەوە دەکات، کە دوێنێ بە مەبەستی مامەڵەی تاپۆکردنی خانوو سەردانی فەرمانگەی شارەوانی رۆژئاوای کردووە، بەڵام پاش ئەوەی لەبری قیرتاوو خزمەتگوزارییەکانی دیکە بڕی (٩٩٢) هەزار دیناریان لێوەرگرتووە، ئینجا مامەڵەیان بۆ کردووەو وتی: «هەفتەی پێشوو حکومەت ئەو کۆڵانەی قیرتاوکرد بۆیە کاتێک ویستم خانووەکەم لەسەر خۆم تاپۆ بکەم داوای ئەو بڕە پارەیەیان لێکردم، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە حکومەت خزمەتگوزاریی بۆ هاوڵاتییان ئەنجامدەدات».

www.netewe.com

# ...سوکراتییە... کۆمەڵگەی کوردی دووکەرت دەکات

– لەهەر وڵاتێک بڵێیت دەستوور ئەو رۆژەی بڵاوکراوەتەوە دەنگیشی لەسەر دراوە پێکەنینی دێت، ئەمە لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە، ئەمە بەس لە کوردستاندا روودەدات یانی چی ئەو رۆژە بڵاوکرایەوە بۆ بەیانی دەنگی لەسەر دەدەیت، لەکوێی دیکەی دونیادا شتی وابـووە؟ ئەمە چ پەرلەمانێکەو چ ئینسانێکن ئەوانەکە قبوڵی ئەم ئیهانەیە دەکـەن، ئەمە ئیهانەیە بە ئینسانی کوردو بە عەقڵی ئێمە.

عێراق کە ئێمەبە (١٨)ساڵ دواکەوتووتر لە خۆمانی دەزانین، زیاد لە ساڵێک بەس سەرقاڵی ئەوە بوو لە سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا لیژنەی دەستووری هەبوو، کۆڕی دەگرت بۆخەڵک، دەستووری تاووتوێ دەکـرد لە عەشایرەکانەوە تا لادێکان، تا شارەکان، تا نەخوێندەوارەکان، لە کوردستانەوە تا ناوەڕاستو باشوور، بە هەموو شوێنەکاندا دەگەڕانو زیاد لە ساڵێکیان پێچوو، بۆ ئەوەی دەستووری پێشنیازکراو بۆ خەڵک روون بکەنەوە، ئەمە عێراق کە ئێمە بە دواکەوتووی دەزانین.

دیـارە لێرەدا درۆیــەک هەیە دەبێت بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەم، چونکە بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمیش ئەم درۆیەیان کرد بە گوێی خەڵکدا گوایە: «ئـەم رەشنووسەی ئێستا پێنج شەش ساڵە بڵاوبووەتەوە» ئەمە قسەیەکی زۆر ناڕاستە ئەو رەشنووسەی بڵاوبووەتەوە ئەوە نییە کە ئێستا دەنگی بۆ دەدرێـت، من هەر بە ماددە بۆتی رووندەکەمەوە، ئــەوەی بـڵاوکـراوەتــەوە لەسەر سایتی پەرلەمان هەبوو لە (١١٥) ماددە پێکهاتووە، ئەم دەستوورە تازەیە لە (١٢٢) ماددە پێکهاتووە، بــەرواری دەرچــوونـی ئەم دەستوورە تازەیە (٢٠٠٩/٦/٢٢)یـە، بەڵام بەرواری ئەوی دیکە مانگی (٢٠٠٦/٨)ە، واتە ئەمان شتێکیان بڵاوکردووەتەوە ئەوەنییە کە ئێستا ئێمە دەنگی بۆ دەدەین، یان بەزمانێکی دیکە ئێمە دەستوورێکمان خوێندووەتەوە ئــەوان دەستوورێکی دیکەیان بڵاوکردووەتەوە، دەیانەوێت فێڵمان لێبکەن، خەڵک بەڵگەنامەیەکی دیوەو دەنـگ بۆ بەڵگەنامەیەکی دیکە دەدات، ئیتر نازانم پەرلەمانتارەکان چۆن ئەم ئیهاناتانەیان قبوڵکردووە.

ئێمە دەستوور بۆ کاتێک دەنووسین کە رەنگە پارتیو یەکێتی هەر نەمابن، ئێمە بۆ داهاتوو و نەوەکانی دوا رۆژی دەنووسین، لەبەرئەوە نەدەبوو بەم شێوە نابەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

*** لەهەردوو رەشنووسەکەدا ئەوەی (٢٠٠٦)و ئەمەی (٢٠٠٩)، لە هەردووکیاندا کۆمەڵێک دەسەڵاتی بەرفراوانو مەترسیدار دراوە بە سەرۆکی هەرێم تۆدڵێی چی؟**

> **هەموو لایەنەکانی ئەم تێپەڕاندنەی دەستوور عەیبەیە، بەڕاستی پیاو شەرم دەکات لە وڵاتێکی وادا دەژی**

– راستە ئەمانە کە ئەو رەشنووسەیان بڵاوکردەوە وتیان تێبینیمان بۆ بنێرن وامانزانی تێبینییەکانمان گوێ لێدەگرن، بە هەندی وەردەگـرن، خۆیان بە قسەی خۆیان ژوورێک تێبینیان بۆ رۆیشتووە، بــەڵام بەچی چــوو؟ چونکە گوێیان لە کەس نەگرت، نوری تاڵەبانی بۆ خۆی ئەندامی لیژنەی دەستووری پەرلەمان بوو، بۆچی پاشەکشەی کرد؟ لەبەرئەوەی ئەو تێبینیانەی رۆشنبیرانو رێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر دەستوورەکە هەیانبوو گوێی لێنەگیرا، نەخوێنراوەتەوە دەڵـێـن لە ژوورێـک کەڵەکەیانکردووەو دایان ناوە، لەکاتێکدا ئێمە وامانزانی لەسەر بنەمای ئەوتێبینیانە رەشنووسێکی باشترمان بۆ دێننە دەرێ.

خۆی هەر دەبوایە بەپێی ئەو تێبینیانە دەستوورێک دابڕێژرێتەو بدرێتە خەڵک بیخوێننەوە، چونکە دەستوور بەیەک ماددەو بەیەک حەرف جیاواز دەبێـت، ئیتر ناکرێت ئەو فێڵە لە خەڵک بکەن بڵێن ئەمە ئەوەیە، نەخێر بە هیچ شێوەیەک ئەمە ئەوە نییە، لەبەرئەوە دەبوو رەشنووسی کۆتایی ئــەوەی خەڵک دەنگی بۆ دەدا ئەوەیان بڵاوبکردایەتەوە، پاشان لیژنەی بۆ دروستبکرایە وەک ئەوەی لەعێراقدا کرا، بەناو خەڵکدا لیژنەکان بگەڕانایە لەگەڵ چینو توێژە جیاوازەکان کۆببوونایەتەوە.

*** دەمــەوێــت قــســەیــەک لــەســەر هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامیو یەکگرتوی ئیسلامی بکەین، کە بەداخەوە بەشێک لە پەرلەمانتارەکانیان لە ریزی ئەو (٢٥) پەرلەمانتارەدا بوون کە بڕیاریاندابوو بایکۆتی دانیشتنەکەی پەرلەمان بکەن، بــەڵام داوتــر هەڵوێستیان گــۆڕیو لە پڕێکدا بە بەڵێ دەنگیاندا، ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

– فێڵیان لێکردن، زۆر بە داخەوە ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک حیزبی لەم شێوەیەین، چونکە ئەو مادەیەی تایبەت بە ئایینی ئیسلامەو بەڵێنیان پێداون بە دڵی ئەوان بێت کە مادەی شەشە، خۆی لە دەستووری عێراقیدا هاتووە، لە دەستووری کوردستانیشدا هەر دەبێت وابێت، ئیتر ئەو بەڵێنەی بەمانیانداوە زیادەیە، چونکە نابێت، هیچ بڕگەیەک لە دەســتــووری هەرێم ناکۆک بێت لەگەڵ بڕگەکانی دەستووری عێراقی، واتە ئەو بەندەی بۆیان گۆڕیون خۆی لە بنەڕەتدا دەبوو هەر وابوایەو کێشەیەکی ئەوتۆی دروستنەدەکرد، بەڵام ئەوان زۆر بەئاسانی ئەم فریوەیان خوارد، پاشان ناخۆشیەکە لەوەدایە تۆ ئەوەندە نابەرپرسیارانە رەفتار بکەیت، تەنیا لەبەرئەوەی بەندێک لەم بەندانە کە بە دڵی تۆیە چاککراوە، ئیدی چاو لە هەموو کەموکوڕییەکانی دیکە بپۆشیت، هەموو ئەو بەشانەی دیکە کە پەیوەندی بە چارەنووسی کوردستانەوە هەیە پشتگوێی بخەیت، تەنیا ئــەوەی خـۆت لەبەرچاو بگریت! چونکە بەهۆی ئەم دەستوورە هیچ کەس دەسەڵاتی نابێت، ئیسلامیەکانیش دەسەڵاتیان نابێت، ئیتر تۆبە چی دڵت خۆشە! بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێت تۆ دەستوور بکەیت بە قوربانی ململانێی ئایدۆلۆژیو حیزبی، دەستوور زۆر لەوە گەورەترە بە رۆحی ململانێی ئایدۆلۆژیو حیزبی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، ئەم بەڵگەنامەیە دەبێت بەو چــاوەوە سەیر بکرێت کە بۆ دوا رۆژی نەوەکانی ئێمەیە، بەو چاوەوە سەیری بکەین، ئایا ئازادیی بۆ ئینسانی ئێمە مسۆگەر دەکات، رێگا لە دروستبوونی دیکتاتۆری تازە دەگرێت، ئەمە گرنگترین خاڵە بۆ ئێمە، ئــەوەی ئێمە ئــازاردراوە بەدرێژایی مێژوو ژیانە لەناو دیکتاتۆریەتدا، پێویستمان بە دەستوورێک هەیە زەڕەیەک ئەگەر بۆئەوە نەهێڵێتەوە رۆژێک لە رۆژان لە کوردستاندا دیکتاتۆریەت دروست ببێتەوە، دەبوو بەم رۆحەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دەستوورەدا بکەین.

بۆیە بــە بـۆچــوونـی مـن ئـــەوان بە قبوڵکردنی ئەم فێڵە یەکێک لە ناشیرینترین هەڵوێستەکانیان بۆخۆیان تۆمارکرد، هەموومان لیستی ئەو چوارحیزبەمان پـێـخـۆشـبـوو پـێـمـانـوابـوو ئـەمـەش دەوڵەمەندکردنی ئۆپۆزسیۆن بوونە لە کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە ئەو حیزبانەی دەرەوەی پارتیو یەکێتی دەیسەلمێنن نە لەئاست ئەم ئەرکە مێژووییەدانو نەلەئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکیدان، بەمەش سەلماندیان کە ئەو چوار حیزبە توانای هیچ جۆرە بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکیان نییە، هەڵوێستێکی ناشیرینیان تۆمارکرد.

*** پرسیارێکی گرنگتر (مافی ناوچەدابڕواکانی کوردستانە سەبارەت بە دەستووری هەرێمی کوردستان) ئێستا کە بڕیاریانداوە لە (٧/٢٥)دا راپرسی لەسەر دەستوور بکرێت، لەکاتێکدا ئەو ناوچە دابڕاوانەش مافی دەنگدانو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنیان نییە، ئایا ئەمە جگە لە پێشێلکردنی مافی ئەو ناوچانە لە پەسەندکردن یان نەکردنی دەستووردا لەهەمانکاتدا شەرعیەتدان نییە بە دابڕاندنی ئەو ناوچانە لە هەرێم؟**

– ئەمە زۆر راستە نەک هەر ئەوان تەنانەت رەوەندی کورد ناتوانێت لە دەرەوە دەنگ بـدات، واتا ئێمە نزیکەی ملیۆنێک کوردمان لە دەرەوە هەیە، خۆت دەزانی بە بیانووی کات کەمیی سندوقیان بۆ ئەوان دانەنا، ئێمە ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەمە قبوڵبکەین، بەوپێیەی هەڵبژاردنی پەرلەمان چوار ساڵ جارێکە، ئەگەر ئەمجارە نەیانتوانی جارێکی دیکە دەتوانن دەنگ بدەن، ئەمە ئاسانە، بەڵام بۆ بەڵگەنامەیەکی وەک دەستوورچۆن دەبێت رەوەندی کورد لە دەرەوە دەنـگ نـەدات، نۆسەد هەزار ئینسانی کورد کە مافی دەنگدانیان هەیە چۆن بێبەشیان دەکەیت؟ من جارێکی دیکە ئەوەم وتووە نەدەبوو دەستوور موناقەشە بکرێت، تا کێشەی مادەی (١٤٠) نەخرێت بەلایەکدا، بەڵام زۆر سەیرە کاتی خۆی لە نەوەدەکاندا پێشنیازکرا هەرێم دەستووری هەبێت بـیـانـووی پـارتــی دیموکراتی کوردستان ئەوە بوو ناوچە دابڕاوەکانی تیانییە، کەرکوکی تیانییە، بۆیە نابێت ئێمە دەستوور ئێستا بنوسینەوە، لەو کاتەدا کە هیچ ئەگەرێک لەئارادا نەبوو ئێمە کەرکوک وەربگرینەوە، ئەو بیانووە هەبووە، بەڵام زۆر سەیرە ئێستا، ئەگەری وەرگرتنەوەی هەیە، مادەیەکی دەستووریمان هەیە، رەنگە ئەمساڵ یان ساڵێکی کە بتوانین ئەوکێشەیە چارەسەربکەین ئەو پەلەپەلەمان لەدەستوور چییە؟ بەڵام ئەگەر ئەوەشمان قبوڵکرد ئەی رەوەندی کورد چۆن دەبێت لە بەڵگەنامەیەکی وا گرنگدا بێبەشبێت، هەموو لایەنەکانی ئەم تێپەڕاندنەی دەستوور عەیبەیە، بەڕاستی پیاو شەرم دەکات لە وڵاتێکی وادا دەژی.

*** کەواتە ئێمە وەکو خەڵکی ئەم هەرێمە چی بکەین تا ئەم دەستوورە تێنەپەڕێت؟**

– ئەرکمان ئەوەیە تا دەتوانین خەڵک لە مەترسییەکانی هۆشیارکەینەوە، داوا لە خەڵک بکەین دەنگی بۆ نەدەن، هەروەها بانگەوازی سەرۆکی هەرێمیش دەکەم «تکای لێدەکەم ئەم دەستوورە تێنەپەڕێنێت». کاتمان بەرێ زیاتر موناقەشەی بکەین، با رۆشنبیرانو خوێندەوارانی ئێمە زیاتر بواری لێکۆڵینەوەیان هەبێت تێبینییەکەمان بە هەند وەربگرێت، ئەگەر ئەمانە نەکرا با خەڵک هۆشیاربکەینەوە کە ئەم دەستوورە مەترسیدارە تا بەڵکو لە راپرسییەکەدا بیخەینو رایوەستێنین.

> **مەکتەبی سیاسی حوکم دەکات یان پەرلەمان، ئێ ئەم پەرلەمانە بۆ هەیە کەواتە؟! کەوابوو واز لەم پەرلەمانە بهێنینو هەڵیبووەشێننەوە، بە راشکاوی بەمیللەت بڵێنو درۆمان لەگەڵ مەکەن بڵێن: (ئەوەی حوکمی ئەم وڵاتە دەکات نە پەرلەمانەو نەحکومەت، بەڵکو مەکتەبی سیاسی هێزەکانە)**

> **دەستوورێکە بێئەنداز نادیموکراتییە دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆک داوە، ئەمەش روونە کە ئەمانە دەیانەوێت دەسەڵاتی هەمیشەیی خۆیان بەسەر حکومەتو پەرلەمانو بەسەر کۆی دامودەزگاکانی وڵاتەکەدا بهێڵنەوە، بۆیە ئەم هەموو پەلەپەلەی تێدا دەکەن**

ئەم دیدارە رادیۆی گۆڕان لەگەڵ نووسەرو روناکبیر رێبین هەردی ئەنجامیداوەو لەبەر گرنگی دیدارەکە رۆژنامە دەقەکەی بڵاودەکاتەوە.

# ڕێبین هەردی:

# ئەم دەستوورە بێئەنداز نادیمـ



**نووسەرو لێکۆڵەر ڕێبین هەردی داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، هەست بە مەترسی ئەم دۆخە بکات، هەست بەوە بکات کە ئەم دەستوورە خراپەو دەڵێت: «تکای لێدەکەم ئەم دەستوورە تێنەپەڕێنێت کاتی زیاترمان بداتێ گفتوگۆی بکەین». ئەگەر ئەوەش نەکرا داوا دەکات: «با خەڵک هۆشیاربکەینەوە کە ئەم دەستوورە مەترسیدارە، بەڵکو لە ڕاپرسیەکەدا بیخەین‌و ڕایوەستێنین».**

**بە بۆچوونی ڕێبین پـڕۆژەی دەستووری هەرێم، «زۆر خراپو نادیموکراتییە» و دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە، نیگەرانیشە لەوەی ئەوەندە ڕۆشنبیران‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و خەڵکی سیاسی دژی وەستابێتنەوە، کەچی لەناو پەرلەماندا زیاتر لە (٩٦) دەنگ بهێنێت، بۆیە پێیوایە «پەرلەمان کارتۆنیەو گوێ لەمشتی فەرمانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانە».**

ئامادەکردنی: ڕۆژنامە

*** تۆ چۆن تێپەڕاندنی دەستوور لێکدەدیتەوەو ڕات لەم بارەیەوە چییە؟**

– شەرمدەکەی لـەوەی کە خەڵکێک هەیە بە تەنگ بیرکردنەوە لە داهاتووی کوردستانەوە نییە، یاخود بە تەنگ نەوەکانی داهاتووەوە نییەو تەنیا ئەم چەند ساڵەی حوکمڕانی خۆی لەبەرچاو گرتووە، شەرمدەکەی خاوەن ئۆپۆزسیۆنێکی بەناو سیاسیشیت کە یەکێک لە ئەندامانی چوار حیزبەکە بە زمانی خۆی دەڵێت: «مادام ئێمە هەندێک داواکـاری گروپەکەمان ڕەچاوکراوە لەم دەستوورەدا، ئامادەین دەنگی بۆ بدەین، شەرمدەکەی خاوەنی هێزگەلێکی وا سیاسیت کە تەنیا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی گروپێکی بچووکی پاراستووە، ئیدی بیر لەوە ناکاتەوە کە دەستوور بۆمیللەتێکەو بۆ داهاتووی میللەتێکە، ئەوەندە بەنا بەرپرسیارانە ڕەفتار دەکـات، هۆکاری ئاشکرایە، ئەم پەلەپەلکردنە ئەو گومانەمان لادروست دەکـــات، گومانیشی نـاوێـتو ئێستا دەستوورەکە بڵاوبووەتەوەو هەمووومان بینیمان‌و خوێندمانەوەو بۆمان دەرکەوت، ئەم دەستوورە دەستوورێکی زۆر خراپو نادیموکراتیە، دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوە، هەر لە لابردنی وەزیرەوە تا دەسەڵاتی دەرکردنی یاساو دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی بڕیارەکانی پەرلەمانەوە، دەسەڵاتی ئەوەی دەداتێ باری نائاسایی ڕابگەیەنێت لە کۆمەڵێک حاڵەتدا کە هەر هەمووی جێگای مشتومڕە، دەڵێت: (ئەگەر ئـاژاوە بێت، ئەگەر پەتا بێت، ئەگەر کارەساتی سروشتی بێت، سەرۆک دەتوانێت حاڵەتی باری نائاسایی ڕابگەیەنێت)، هەروەها دەسەڵاتی هەیە زۆربەی ئەو دەزگا شەرعیانەی لە وڵاتدا هەیە پەکی بخات، بەپێی ئەمانە بێت کەواتە سبەینێ ئەگەر خۆپیشاندانێک ببینێت ڕەنگە ئەمە لێکبداتەوە بڵێت ئەمە (باری نائاساییە)! واتــە مەبەستم ئـەوەیـە دەستوورێکە بێئەنداز نادیموکراتیە، دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆک داوە، ئەمەش ڕوونە کە ئەمانە دەیانەوێت دەسەڵاتی هەمیشەیی خۆیان بەسەر حکومەتو پەرلەمان‌و بەسەر کۆی دامودەزگاکانی وڵاتەکەدا بهێڵنەوە، بۆیە ئەم هەموو پەلەپەلەی تێدا دەکـەن، خۆ ئەگەر ئەم دەستوورە باشەو ئەوان ڕاست دەکەن‌و دەستوورێکە زۆر دیموکراتییە، کەواتە چ پەلە پەلێکیانە کە ئێمە تەنیا مانگێکمان ماوە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، کەواتە با پەرلەمانی نوێ بڕیاربدات، ئەگەر ئەوەندە متمانەتان بەم دەستوورە هەیە، ئەگەر عەیبێکی تیا نییە، ئەگەر دەزانن دەستوورێکی دیموکراتییەو بەرگری لەخەڵک دەکـات، کەواتە با پەرلەمانی داهاتوو کە مانگێک لێوەی دوورین، با ئەو بڕیار بدات.

خاڵێکی دیکە کە مـرۆڤ بەلایەوە سەیرە موناقەشەنەکردنی بەندەکانی دەستوورەکەیە لەلایەن پەرلەمانەوە، پێم بڵێت لەکوێی دونیادا هەیە پەرلەمان ڕێگای نەبێت موناقەشەی بەندەکانی دەسـتـووربـکـات، لەکوێی دنـیـادا ئەم سیناریۆیە ڕوویـــداوە؟! زۆر سەیرە باشە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان نەتوانێت موناقەشەی دەستووربکات، نەتوانێت بەندەکانی تاوتوێ بکات ئەی کەواتە خەڵک چۆن لەم دەستوورە ئاگاداربێت! ئەوان تەنیا خوێندیانەوە ئەندامی پەرلەمانیش تەنیا ئەوەی لەسەربوو دەنگی بۆ بدات، بۆی نییە گفتوگۆی بکات، بیانووەکەشیان چییە (مەکتەبی سیاسی لە سەری ڕێککەوتووە) ئێ باشە مەکتەبی سیاسی حوکم دەکات یان پەرلەمان، ئێ ئەم پەرلەمانە بۆ هەیە کەواتە؟! کەوابوو واز لەم پەرلەمانە بهێنن‌و هەڵیبووەشێننەوە، بە ڕاشکاوی بە میللەت بڵێن‌و درۆمان لەگەڵ مەکەن بڵێن: (ئەوەی حوکمی ئەم وڵاتە دەکات نە پەرلەمانەو نەحکومەت، بەڵکو مەکتەبی سیاسی هێزەکانە)، دەچـن پێکەوە دادەنیشن‌و ڕێکدەکەون‌و کۆمەڵێک سازش بۆ یەکتر دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایەش بڕیاریانداوە، ئەگینا ئەمانە بە چ ڕوویەکەوە ئەم شتانە دەکەن، لەکوێی دونیادا هەیە پەرلەمان موناقەشەی گرنگترین بەڵگەی مێژوویی خۆی نەکات؟ ئەمە بەس لێرە هەیە.

*** لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا ئەو پەرلەمانتارانەش کە ئیدیعای ئۆپۆزسیۆن دەکەن بەشێکی زۆریان تاقەتیان نەبووە گوێ لەخوێندنەوەی دەستوورەکە بگرن‌و چوونەتە دەرەوە پیاسەیانکردووە؟**

– ناهەقیان نییە، چونکە خوێندنەوەکە شکڵییە، دانیشتنەکان شکڵیین، دەستوورەکە پێش ئـەوەی بێتە پەرلەمان بڕیاری لێدرابێت، کەواتە پەرلەمانەکە کارتۆنییە، ئەم پەرلەمانە زۆر لە پەرلەمانی وڵاتە ناشیرینەکان دەچێت، پەرلەمانێک نەتوانێت موناقەشەی بەندێک بکات بەس تەنیا ئیشی ئەوە بێت دەست بەرزبکاتەوە، هەر دەشبێت دەست بەرزبکاتەوە ناتوانێت بڵێت نەخێر، لە هیچ مێژوویەکدا نەبووە دەستوورێک ئەوەندە ڕۆشنبیران، ئەوەندە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەوەندە خەڵکی سیاسی دژی وەستابێتنەوە، کەچی لەناو پەرلەماندا زیاتر لە (٩٦) دەنگ بهێنێت، ئەم پەرلەمانە پەرلەمانێکی کارتۆنییە، پەرلەمانێکە گوێ لە مشتی فەرمانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانە،

> **شەرمدەکەی لەوەی کە خەڵکێک هەیە بەتەنگ بیرکردنەوە لە داهاتووی کوردستانەوە نییە، یاخود بەتەنگ نەوەکانی داهاتووەوە نییەو تەنیا ئەم چەند ساڵەی حوکمڕانی خۆی لەبەرچاو گرتووە**

یەکێک لە ئەندام پەرلەمانەکان دەیوت: «نابێت موناقەشەی بکەین، چونکە مەکتەب سیاسی موناقەشەی کـردووە». کەواتە پەرلەمان بۆچییە؟ ئێستا بەدیلی پەرلەمان‌و ئەوەی لە کوردستاندا حوکم دەکات، کە دەبێت ئیدی ئەمە کۆتایی پێبێت، مەکتەبی سیاسییە، ئەندام پەرلەمانەکانیش پێیان بڵێن دەست بەرزبکەنەوەو بڵێن دایگرن دایگرن، لەبەر ئەوە بەڕاستی چاوەڕێی هیچ شتێکی باش لەم پەرلەمانە نەدەکرا، کارەساتەکەش ئەوەیە لەکاتێکدا کردیان شەرعیەتی بوونیان لەژێر پرسیاردایە لە (٦/٤)ەوە ئەم پەرلەمانە دەبوو کۆتایی پێبێت، هیچ بڕیارێکی چارەنووسساز لە کوردستاندا نەدات.

دەبوو ئەوان دەرفەتیان بەخەڵک بدایە ئەم دەستوورەی ببینیایە، باشە لەم کاتەدا کە خەڵک هەمووی سەرقاڵی هەڵبژاردن‌و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن‌و هەواڵەکانی هەڵبژاردنە، خەڵک چۆن فریادەکەوێت ئەم دەستوورە بخوێنێتەوە، خەڵک چۆن فریادەکەوێت بەند بە بەندی گفتوگۆ بکات؟ چۆن دەتوانێت تێبینی لەسەر بڵێیتو ڕەخنەکانت ڕوونبکەیتەوەو بیگەیەنیتە شوێنی خـۆی؟ چـۆن دەتـوانـرێـت ئەم دەستوورە لەم ماوەکەمەدا کە سەرقاڵی هەڵبژاردنین بـۆ سـێ ملیۆن مـرۆڤ ڕوونبکەیتەوە؟ کەواتە ڕوون‌و ئاشکرایە فێڵێک لەم تێپەڕاندنەدا هەیە.

ئێستا دەبێت قسە لە دوو خاڵی گرنگ بکەین:

یەکەم: سووکە ئومێدێکمان بەوە هەبێت سەرۆکی هەرێم هەست بە مەترسی ئەم دۆخە بکات، هەست بەوە بکات کە ئەم دەستوورە بەڕاستی خراپەو کۆمەڵگای کوردی دوو کەرت دەکاتو کوردستان دەباتە دواوەو ڕەتی بکاتەوە، هەرچەندە من زۆر نائومێدم لەوەی سەرۆکی هەرێم ئەم کارە بکات، چونکە لە دانیشتنەکەی ڕۆژنامەنووساندا قسەکانی بۆنی ئەوەی لێنەدەهات ئامادە بێت ئەم ڕۆڵە ببینێت، بۆیە دووبارە جەختدەکەمەوە ئەگەر ئەم دەستوورە باشە، بۆ دەرفـەت بە خەڵک نادرێت ببینن‌و موناقەشەی بکەن، بۆپەلە بکەین؟

دووەم: ئەگەر سەرۆکی هەرێمیش ڕازی بوولەسەری، تەنیا کارێک لەبەردەستماندایە ئەوەیە خەڵک هۆشیاربکەینەوە لە مەترسی ئەم بەڵگەنامە مێژوویییەو داوا لە خەڵکی خۆمان بکەین بە هیچ شێوەیەک دەنگی بۆ نەدات، لە ڕیفراندۆمەکەدا بیخەین.

*** هەژدەساڵە حکومەتی هەرێم بوونی هەیەو دەستووریشمان نەبووە، پێمانوابێت گرفتێکی سیستماتیک لە سیستمی حوکمڕانی هەرێمدا دروست نەبووە، جا ئەگەر ئەم مانگەش دوا بکەوتایەو بچێتە خولی سێیەمی پەرلەمانی داهاتوو، چ کێشەیەکی لێدەکەوێتەوە؟**

– کێشەکە ئاشکرایە لەبەرئەوەی دەستوورەکە دەستوورێکی خراپەو باش نییە، دەستوورێکە ئەو شێوازی حوکمڕانییە لە دوای ڕاپەرینەوە تائێستا باڵادەستە، دەیهێڵێتەوە وەکو خۆی، دەسەڵاتێکی زۆر زیاد لە سنووری خۆی دەدا بە سەرۆکی هەرێم کە نابێت هەیبێت، لەهەمانکاتدا دەترسن لە پەرلەمانی داهاتوودا هێزگەلێکی جیاواز بچنە ناو پەرلەمان، هەر بۆیە دەیانەوێت لە ئێستاوە ڕێگا لەمە بگرن ئەمە یەکەم، دووەم دەترسن ئەگەر ماوەیەکی زۆری هەبێت خەڵکی ڕۆشنبیر قسەی لەسەر بکات، بۆ خەڵکی ڕوونبکاتەوە کە ئەم دەستوورە خراپەو دەیانەوێت خەڵک (غافڵگیر) بکەن، خەڵکی ئێمە خۆت دەزانی بەشێکی زۆری نەخوێندەوارەو تائێستاش ڕەنگە لە گرنگی ئەم بەڵگەنامە مێژوویە تێنەگەشتبێت، ئیدی غافڵگیری خەڵکی ئێمە بقۆزنەوەو ناچاریبکەن بەڵێ بۆ دەستوورێک بڵێ کە نازانێ ناوەڕۆکەکەی چییە، یان کەسێک کە کەس بۆی ڕوون نەکردبێتەوە مەترسییەکانی ئەم دەستوورە چییە، ڕەنگە بە شتێکی باشی بزانێت کە دەنگی بۆ بداتو بە شکڵەکەی فریو بخوات، ئەوان نایانەوێت دەرفەتی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە لەبەردەمی ڕۆشنبیراندا هەبێت، بۆ ئەوەی خاڵە خراپەکانی دەستوورەکە بۆ خەڵک ڕوونبکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی گەورەیان لەبەردەستدایەو بڵاویدەکەنەوە کە ئەم دەستوورە زۆر باشەو دەنگی بۆ بدەن‌و ئیدی خەڵک بێئەوی بزانێت ناوەڕۆکەکەی چییەو چی تێدایە دەچن دەنگی بۆ دەدەن، هەروەک ناشیانەوێت بچێتە پەرلەمانی داهـاتـووەوە کـە ئـەگـەری ئـەوە هەیە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەماندا هەبێت، بەئاسانی ڕێگا نەدات ئەم بەندە خراپانەی ناو دەستوور تێپەڕبن.

*** هەمووومان ئاگادارین ساڵی (٢٠٠٥) ئەو کاتەی ئامادەکاری بۆ نووسینەوەی دەسـتـووری هەمیشەیی عێراق دەکـرا، لەوکاتەدا کە بـاری ئەمنی شارەکانی عێراق چەند خراپ بوو لەگەڵ ئەوەشدا لە بەغداو شارەکانی دیکە بە هەرێمی کوردستانیشەوە کـۆڕو سیمیناراتو وۆرکشۆپ ڕێکدەخرا، بۆ تێگەیاندنی خەڵک لەسەر ناوەڕۆکی دەستوورەکە، بەڵام لە کوردستاندا ئەگەرچی هیچ گرفتێک نییە، کەچی حکومەت ئێستا ئامادەنییە ئەوە بکات، تەنیا لە چەند میدیایەکی حیزبیدا دەستوورەکە بڵاودەکاتەوە؟**

# لە كوردستاندا پێوەر بۆ داهاتی تاكەكەس نییە

ستارە عارف

بەپێی وتەی شارەزایانو پسپۆڕانی بـواری ئـابـووری، تائێستا لە هەرێمی كوردستاندا پێوەرێك نییە بۆ خەملاندنی داهاتی تاكەكەس، لەبەرئەوەی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەكاندا ناتوانرێت بەراوردكاریی بكرێتو ناتوانرێت ئاستی بژێویی تاكەكەس دیاریبكرێت.

بــەپــێــی بــەیــانــنــامــەیــەكــی رێـكـخـراوی خـۆراكـی جیهانی سەر بە نەتەوەیەكگرتوەكان (W.F.P) كە لە(٥/٢٦)ی ئەمساڵدا بڵاوكراوەتەوە، (٩٣٠) هەزار كەس لەعێراقدا بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراكەوە دەناڵێننو ئەگەر بارودۆخی ئەو وڵاتەش وا بڕوات، لەماوەی داهاتوودا (٦ ملیۆن)و (٤٠٠ هەزار) كەسی دیكە مەترسی توشبوونیان بەبرسێتی لێدەكرێت، زۆربـەی ئەو كەسانەش كە لەژێر هێڵی هەژارییو برسێتییدان لەهەر چوار پارێزگاگەی عیراق (سلێمانی، دیالە، نەینەواو واسیت)ن، ئەمە لەكاتێكدایە كە بــەردەوام دەسەڵاتدارانی هەرێم باس لــەوە دەكــەن، كە هەرێمی كوردستان لەچاو پارێزگاكانی دیكەی عیراقدا كەمترین هەژارو خەڵكی برسی تێدایە، بەو هۆیەشەوە ئەو رێكخراوە بەنیازە بەرنامەی پێدانی ژەمە خواردن بەمنداڵانی قوتابخانەكان جێبەجێبكات.

بـە بــڕوای د نـەرمـیـن مـەعـروف پسپۆڕی ئابووریو مامۆستا لەزانكۆی سـلـێـمـانـی، ئـەگـەر چـی لـەهـەرێـمـی كوردستاندا توێژینەوەیەكی زۆر ورد بۆ ئەم بابەتە نەكراوە، بەڵام ئەو هەوڵەی كە بۆ دابینكردنی بڕە خۆراك بە كۆبۆن دراوە، پێویستی تاكێك لـە بابەتە خۆراكییەكان رۆژانە چەندە لەسەر ئەم بنەمایە دیاریكراوە، بڕی تاكێك مانگانە دانراوە كە لەرێگای كۆبۆنی خۆراكەوە دابەشدەكرێت.

هەرچەندە وا بڕیارە كە لە مانگی (٩) یان (١٠)ی ئەمساڵدا سەرژمێری دانیشتوانی عێراق بكرێتو بەشێكی سەرژمێرییەكە تایبەت بێت بەبواری گوزەرانو ئابووریو كۆمەڵایەتی خەڵكەوەو لـەم لایەنانە بكۆڵنەوە، واتە ئەوەی پەیوەندی بە باری بژێوییو ناوەندی داهاتی تاكەكەسەوە هــەیــە، بــەڵام د.نــەرمــیــن وتــی: «كـۆی داهاتی نەتەوەیی دابەشی سەر ژمارەی دانیشتووان دەكرێتو ناوەندی داهاتی تاك دەردەكەوێت، بەڵام ئەمە پێوەرێكی زۆر رووكەشە، دەبێت لەوە بكۆڵرێتەوە كە ئایا ئەم داهاتە بەشێوە راستەقینەكەی چۆن بەسەر توێژەكانی كۆمەڵدا دابەشدەكرێت، چونكە پێوەر بۆ دیاریكردنی ناوەندی داهاتی تاك لە وڵاتێكداو ئەوەی كەپێی دەوترێت دابەشكردنی داهاتی نەتەوەیی گرنگە، چینەكانی كۆمەڵ دەكرێن بەسێ بەشەوە، بەرزو مام ناوەندو هەژار، ئەگەر داهاتی نەتەوەیی دابەش بكرێت چەندی بەر سەرەوەو چەندی بەر ناوەندو چەندی بەر خـوارەوە دەكـەوێـت». لێرەدا ئەوە گرنگە، چونكە ئەو رێژەیەی كە دابەش دەبێت داهاتی نەتەوەییە بۆ هەر یەكێك لەم سێ توێژەو چینەكانی ناو كۆمەڵو ناوەندی داهاتی تاكیش دیاریدەكات، بۆیە دەبێت ناوەندی ئەم داهاتە لەناو هەر سێ توێژەكەدا بزانرێت.

لە مانگی نیسانی سـاڵـی(٢٠٠٩)دا سەنتەری تـوێـژیـنـەوەی ئـابـووریو كۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی پلاندانانی حكومەتی هەرێم، رووپێوییەكی سەبارەت بەخەرجی خێزان لە هەرێمی كوردستاندا كردووە، (١٨١٤٤) خێزان وەك نموونەی هــەڵــبــژێــردراو وەرگــیــراوە، بـۆ هەر پارێزگایەك (٩٧٢) خێزان، جگە لەبەغدا كە(١٦٢٠) خێزان بووە، سلێمانی (١٠٨٠) خێزان بوون.

لــەســاڵــی(٢٠٠٧)دا رێـژەی گۆڕانی خەرجی هاوڵاتییان لەسەر شمەكو خزمەتگوزارییەكان ئـەم رێـژەیـە بۆ (٣٥,٦٪) نزم دەبێتەوە.

خەرجی خـێـزان لەسەر شمەكو خزمەتگوزارییە جیاوازەكان، دەركەوتووە كـە خـەرجـی هـەرێـم لـەسـەر بابەتە خۆراكیەكان (٢٧٪) بووەو لەپارێزگاكانی عێراق (٣٩٪) بووە.

لەسەر دابەشبوونی خێزان بەپێی خەرجی مانگانەی تـاك، واتــە توانای خەرجی تاك لە پارێزگاكانی هەرێم (٢٢٪)ی تاكەكانی هەرێم خەرجی مانگانەیان لەسەرووی (٤٠٠) هەزار دینارەوەیەو لەبەغدا (٤,٢٪)و لە پارێزگاكانی دیكەی عێراق (٢٪)ە. لەلایەكی دیكەوە (١٤,٥٪) تاكەكانی هەرێمی كوردستان خەرجی مانگانەیان لەنێوان(٣٠٠)بۆ(٤٠٠) هەزار دینار بـووە، بە كۆی گشتی (٦٢,٤٪)ی تاكەكانی هەرێم خەرجی مانگانەیان لە سـەرووی (٢٠٠)هــەزار دینارەوە بووە، رێــژەی لــە(٢,٧٪)ی تاكەكانی هەرێم خەرجی مانگانەیان كەمترە لە(٨٠) هەزار دینار، گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی كە ئاستی هەژارییو ئەوانەی داهاتیان نزمە رێژەكەی لە پارێزگاكانی دیكەی عێراق هەشت بە قەدەر هەرێمەو خۆشگوزەرانی هەرێم زیاترە بەراورد بەعێراق.


د.نەرمین پێیوایە، هەتا جیاوازی نێوان ناوەندی داهات بەرز بێت، چینایەتی لەناو ئەو كۆمەڵگایەدا بەرز دەبێت، لە وڵاتی ئێمەدا بەحوكمی رەوشی سیاسیو كۆمەڵایەتی تا ئەمڕۆش داتاو زانیاریو ئامارنەبووەو زۆر لاواز بووە، رەنگە ئەمە هۆكارێك بێت بۆ دروستبوونی ئەم حاڵەتە، لەلایەكی دیكەوە هەڵاوسانی نرخەكان خۆی لەخۆیدا هۆكارێكە بۆ نەمانی چینی ناوەندی، «چینی ناوەندی، لەلای ئێمە ئەوانەی كە مووچەخۆری دەوڵەتنو پابەندن بەبودجەی حكومەتەوە، لەوڵاتانی دیكەدا چینی ناوەندی چینی پیشەوەرو خاوەن پرۆژە مامناوەندییەكانن».

لە نەوەدەكاندا گۆڕانكاریی لەبواری ئابووریو داهاتی حكومییدا فاكتەرێك بووە بۆ خراپبوونی گوزەرانی ئەو چینەی كۆمەڵ، بۆیە چینی ناوەندی لە كۆمەڵی ئێمەدا زۆركەمبووەتەوە یان چووەتە پاڵ چینی هەژار، بەڵام لە دوای باشبوونی ئاستی داهاتەكانی حكومەتی هەرێم، لەدوای گۆڕانكاریی لەسیستمی مووچەو كرێدا جارێكی دیكە ئاستی بژێوییو داهاتی چینی مام ناوەند كە بەشێكی زۆری چینی مووچە خۆرە بەرزبووەوە، چونكە حكومەت لە رێگای زیادبوونی خەرجیو كرێو مووچەكانیەوە توانی بڕێكی زیاتر پارە بداتەوە بەم توێژەو ئاستی دەرامەتی ئەمانیش بەرزبووەوە.

سیاسەتی داراییو ئاستی دەرامەتی دەوڵــەت یەكێكە لــەو هۆكارانەی كە كاریگەرە لەسەر ناوەندی داهاتی تاك، بەتایبەتی كەچینی مووچە خۆر لە وڵاتی ئێمەدا لە كۆی دانیشتوان رێژەیەكی زۆر پێكدێنن، بێجگە لەوەی كە حكومەت خۆی دەڵێت(٦٥٪)ی بودجە بۆ مووچەو كرێ دەڕوات، لە هەمانكاتدا ئەگەر بە ژمارەش سەیری بكەین، وا مەزەندە دەكرێت، كە یەك ملیۆن كەس مووچە لە دەوڵەت وەردەگـرێـت، لە كۆی دانیشتوانێك كە نزیكەی (٤-٥) ملیۆنو نیو دەبێت نزیكەی یــەك لــەســەر چــواری٤/١ دانیشتوان مووچەخۆری دەولـەتـن كە دەتوانین بڵێین ئەمانە چینی ناوەڕاستی كۆمەڵگای ئێمەن.



# دیداری سەرۆك بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی دەزگاكانی راگەیاندنی هەرێمی كوردستان



سیروان ئەنوەر

یەكێك لەجیاوازییەكانی ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفە ئەوەیە، كە ئایدۆلۆژیا تاڕادەیەك گەیشتووەتە بنبەستو ئیدی پرسیاركردن لە بابەتەجێگیرەكان قەدەغەیەو بەهیچ شێوەیەك ئەندامی حیزبێك (مەبەستم حیزبە كلاسیكییەكانە) بۆی نییە پرسیار لەو بابەتانە بكات كە بابەتی جێگیرن لە ئایدیۆلۆژیاكەی، بەپێچەوانەوە فەلسەفە كە هەمیشە عەودالی پرسیارەو فەلسەفە بەبێ پرسیار فەلسەفە نییە، ئەگەر ئەرستۆ پێیوابێت قسەكردن بریتییە لەسیاسەت ئــەوا لێرەوە پرسیاركردنیش بریتییە لەسیاسەت، مومكین نییە سیاسەت بتوانێت هەناسەبدات لەدەرەوەی پرسیار، (سیاسەت بەمانە حەقیقییەكەی نەك بەمانا حیزبییەكەی). پرسیار ئەو دیدەیە، ئــەو چــاوەیــە كە هەمیشە چاودێریی هەڵسوكەوتەكانی دەســەڵات دەكـاتو لێپێچینەوە لە سستیو گەندەڵیو.......هتد دەكاتەوە.

دیــداری مەسعود بـارزانـی لەگەڵ بەرپرسانی دەزگـاكـانـی راگەیاندنی حیزبەكانی هەرێمی كوردستان، وانەیەكی زۆر روونبوو بۆئەوەی ئەو چەند دێڕەی سەرەوەمان بۆ بسەلمێنێت، ئاوێنەیەك بوو ئیدی بەڕوونی چرچولۆچی دەموچاوو ماكیاجە تۆخەكەیانی ئاشكراكرد، ئەو دیــدارە پێیوتین كەحیزب چۆن پرسیار دەخنكێنێتو سیاسەت لاڵدەكاتو مرۆڤیش دەكات بە كۆیلە، پێیوتین تەكییەی حیزب دەروێشەكانی چەند لاڵن چەند خوێنساردو خەمساردوهەناسەساردن، پێیوتین لەبەڵێ زیاتر نەخێر نابیستیت، سەردانەواندن یەكێكە لەیاساكانو سەربڵندی غائیبە، لەڕاستیدا من جگە لە پرسیاری بەڕێز زیـرەك كەمال گویم لەهیچ پرسیارێك نەبوو، رۆژنامەنووسێك نەیتوانی دێڕێكی مەعقول، رستەیەكی مانادار، پرسیارێك بكات، جگە لەپیاهەڵدانو پـاڕانـەوەو دەربڕینی (ولاء) بۆ سەرۆك. هەندێك لەو رۆژنامەنووسانە سەردەمانێك هاوڕێم بوونو پێكەوە مشتومڕی جدیمانكردووە، ئەوەی من لەوانم چاوەڕواندەكرد هەرگیز ئەمە نـەبـوو، ئــەوەی مـن بینیم كۆی ئایدیاكانمی ئـاوەژووكـردەوە، گەرچی دەمــزانــی ستراكتوری حیزب وایــەو گەرەكیەتی مرۆڤەكان بكات بەكۆیلە، بەڵام من بڕوام نەدەكرد هاوڕێكانم ئەوانەی لەو دیدارەدابوون بەوشێوەیە بچووك ببنەوەو هەندێكجار ئەوەندەبچووك دەبوونەوە هەستت نەدەكرد كەمرۆڤێك قسەدەكات، بەڵكو ریكۆردیكی كۆنترۆڵكراوە بۆئەوەی ئەو پیاهەڵدانانە بڵێتەوە.

دیارە حیزب جگە لەپرسیار كۆمەڵێك شتی دیش دەكوژێت، وەك جوامێریو بوێریو حەقیقەتو گیانی لەخۆبوردوویی. هەندێك لەو رۆژنامەنووسانە داوای ئەوەیان دەكرد كە سەرۆك پێیانبڵێت بڕۆن چیتان لەدەستدێت بیكەن بەرامبەر رۆژنامە ئەهلییەكان، ئەوان مەراقی ئەوەیان بوو كە دەستبەسراوو دەمبەستراو بڕیاربەستراون بەرامبەر بەرۆژنامە ئەهلییەكان، چونكە لەسەرەوە پێیانوتراوە لەو هێڵەی بۆتان كێشراوە زیاتر ناتوانن بپەڕنەوە، سوكرات دەڵێت: «مرۆڤەكان، بەپرسیارەكانیان هەڵسەنگێنە نــەك بەوەڵامەكانیان»، یەكێك لەبەناو پرسیارەكان ئەوەندە كۆمیدی بوو سەرۆكی خستە پێكەنین، ئەو رۆژنامەنووسە حیزبییە دەیویست سروودی لیستێك قەدەغەبكرێت، چونكە دەبێتەهۆی ئــەوەی خەڵك هاندەدات دەنگیان پێبدەن. ئاسایشێك ئەم تەرحە ناكات، یەكێك ئیزرەمێك مافی خوێندبێت وابیر ناكاتەوە، ئێ خۆ ئەتاتوركییەكان هەمان هەڵوێستیان هەبوو بەرامبەر بەكوردەكانی باكوور هەرچەندە ئێستا ئەوانیش ئەو مافەیان پێڕەوا دەبینن.

كوشتنی پـرسـیـار دەبـێـتـە هۆی مـرداركـردنـەوەی رەخنەو لەخاچدانی موبادەرەو خنكاندنی رۆحی بابەتیەتو ئینجا زیندەبەچاڵكردنی داهێنان. كێ هەیە نەزانێت رۆژنامە حیزبییەكان خاڵین لە رەخنەو ئیبداع، بەتاڵن لەرۆحی بابەتییانەو دوورن لە حەقیقەتو نزیك لەپیاهەڵدانو گاڵن لەڕاستی، هۆكەی وەك رۆژی رووناك دیارە حیزب پێویستی بەرۆژنامە نییە لەبەرئەوەی وەزیفەی رۆژنامەو كاری رۆژنامەوانی دوورە لەستراتیژی حـیـزبـەوە، رۆژنـامـەنـووس هەمیشە دەبـێـت چاودێربێت بەسەر حیزبو حكومەتەوە، دەبێت بەئاگابێت لەخروقاتو گەندەڵیو فزییەكانی حیزب، دەبێت ئەدای فەحس بكاتو چاودێری بكاتو خاڵە لاوازەكانی دەستنیشان بكات، ئێ ئەم شتانە هەمووی پێچەوانەی رۆژنامەو رۆژنامەنووسی حیزبین. رۆژنامەنووسی حیزبی هەڵدەپەڕێت بۆ خروقاتەكانو فزییەكان دەشارێتەوەو چەپڵە بۆ گەندەڵی لێدەدات، وەك ئەوەی بینیمان لەدیدارە رۆژنامەنووسییەكەی بەڕێز كاك مەسعود برادەرێك وتی، ئەگەر لەئەوەندە هەزار ئەوەندە بدزرێت قەیدی چییە، خوای گەورە ئەمە چ تەرحێكە، عیسای من ئەمە چ زەنگێكە لەم نیشتمانەدا دێتەبەرگوێ. ئەگەر تۆ دەتەوێت گەندەڵییەك كەشفبكەیت چ پێویست دەكات پاكانە بۆ گەندەڵییەكانی بەرپرسەكەت بكەیت، یان دەتەوێت بەقەد ئــەوەی پێتدراوە شاباش بكەیت، براله ئێمە دەمێكە شارەزای ئەم ئاوازانەینو بەئاسانی دەتوانین مەقامەكان جوێ بكەینەوە، دەزانین جورئەت چەند ستەمە كاتێك دەبیت بە دەمسپی حیزب.

خوێنەر دەبێت بزانێت ئەو هەموو پــارەیــەی كە لەكەناڵو رۆژنامەكاندا سەرفدەكرێت، تەنیا بەهەدەرچوونی ســەرمــایــەی ئــەم وڵاتــە نییە، بەڵكو سەرەڕای ئەمەش ئەم كەناڵو رۆژنامانە سالانێكە رێـگـرن لـەبـەردەم گەشەی میدیاو بنیاتنانی كۆمەڵگەی مەدەنیو گەشەكردنو پەرەپێدانی هاوڵاتییان لە هونەری بیستنو بینین، ئەوان وێنەیەكی شێواوو ناڕاست بڵاودەكەنەوە، خوێنەر لەسەر ئەو ریتمەی خۆیان رادەهێنن، بانگی ناڕاست دەدەن بەگوێیانداو ئەوەی بڵاویدەكەنەوە شایانی بڵاوكردنەوە نییە، من نازانم فلانە وەزیر سەردانی فلانە زێرابی سندوقی دەكات چ پەیوەندییەكی بەرۆژنامەوە هەیە، ئەو بابەتانەی لەو رۆژنامانەوە دێنەدەرەوە بابەتگەلێك نین روماڵی كێشەو كەموكوڕییەكانی ئەم دەڤەرەبن، هەواڵە جیهانییەكانیش ئەوە هەموومان دەزانین دەستی دوو و سێن، بۆیە لەئێستادا چاكترین رێگا ئەوەیە ماڵئاوایی لە دنیای رۆژنامەوانی بكەن. زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە قازانجە.

The Christian Science Monitor
The Wall Street Journal

# «پێدەچێت عێراق رابردووی خۆی دووبارە بکاتەوە»

شالاو فەتاح

## رۆژی سەروەری نیشتمانی (٢٠٠٩/٦/٣٠)

شەش ساڵ دوای «داگیرکردنی عێراق» لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/٣٠)دا، هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی هێزەکانی ئەمریکا سەنتەری شارەکان بەجێدەهێڵن‌و لە دەرەوەی شارەکان دەمێننەوەو تەنیا «مافی شەرعیی بەرگری لەخۆکردن»یان دەمێنێت، دواتریش لەتەواوی عێراق دەکشێنەوە. ئەمەش لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە وەک «خاڵی وەرچەرخان» لەقەڵەمدەدرێت‌و کرایە «رۆژی وەرگرتنەوەی سەروەری نیشتمانی عێراق».

بەبڕیارێکی حکومەتی فیدراڵ ئەم رۆژە لە عێراقدا کرا بە پشووی رەسمیی، راوێژکارێکی مالیکی لەوبارەیەوە وتی هەموو عێراقییەکان دڵشادن بەم رۆژە، چونکە ئیدی خۆمان بەرپرسین لە ئاسایشی خۆمان. بەڵام ئەم رۆژە لە عێراقەکەی دیکە (هەرێمی کوردستانی عێراق) نەکرا بە پشوو، دیارە جیاوازییەکان تەنیا لەمەدا کورتنابنەوە، بەڵکو سەردەکێشن بۆ ململانێ‌و ململانێکانیش وەک بڵاوکراوە جیهانییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن کێشەی کوردو عەرەبە لەسەر نەوت‌و دەسەڵات، کێشەی کوردیش لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە دەبێتە گەورەترین کێشەی عێراق نەک کێشەی تیرۆریستان.

## گەڕانەوەی ناکۆکییەکان

لەبارەی گەڕانەوەی سەروەری عێراق، مایکل رۆبن لە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جۆرناڵ)ی ئەمریکییدا دەنووسێت، «کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق سیاسەتێکی باشە واشنتۆن پەیڕەی دەکات، بەڵام دوور نیە عێراقییەکان رابردووی خۆیان لە توندوتیژی‌و ململانێ دووبارە بکەنەوە». هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە دەسەڵاتی باڵای سیاسیی‌و دینی رابەری رۆحی شیعەکان لە ئێران بەسەر گشت شیعەکانی ناوچەکەدا خۆرئاوای تووشی شۆک کرد. رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر (سی ئێس ئێم)ی ئەمریکی دەنووسێت: لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە کێشەی کورد تاکە کێشەی گەورەی بەردەم حکومەتی عێراقەو چارەسەرکردنیشی ئاسایشی عێراق بەرەو پێش دەبات، چونکە ئێستا کێشەی ململانێی نێوان کوردو عەرەب لە کێشەی ئەلقاعیدەو توندوتیژیی سەرشەقامەکان‌و بۆمبەکان کاریگەرترە. ئەم رۆژنامەیە ئاماژە بە کێشەی پارساڵی خانەقین دەکات وەک کێشەیەک کە تەنیا کۆبوونەوەی راستەوخۆی مالیکی‌و بارزانی رێیگرت لەوەی جەنگ لەنێوان پێشمەرگەو هێزەکانی حکومەتی ناوەندا رووبدات. ئاژانسی رۆیتەرز ئاماژە بەوە دەکات، کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هەڵکشانی ناکۆکییەکانی نێوان کوردو شیعەو دوورنییە پێشمەرگەو حکومەتی ناوەند تووشی شەڕ ببن‌و سوننەش بەهۆی پەراوێزخستنیانەوەو سوود لەمە وەربگرن‌و دووبارە بیر لە گرتنەوە دەستی دەسەڵات بکەنەوە.

## کێشەی کەرکوک

رۆژنامەی (سی ئێس ئێم) ئاماژە بەوەدەکات، لەدوای کشانەوەی هێزەکان هیچ شتێک هێندەی کەرکوک شوێنی ململانێ نابێت، چونکە کوردەکان بەشارێکی کوردی دەزانن (لەڕووی مێژووییەوە)، بەڵام ئەم شارە ئێستا عەرەب‌و مەسیحی‌و تورکمانیشی تێدا نیشتەجێیە، دیارە کێشەکەش راستەوخۆ بەکێشەی نەوتەوە بەستراوە، حکومەتی ناوەند دەیەوێت کۆنترۆڵی نەوتی ئەم پارێزگایە بکات، بەڵام دەستوور کۆمەڵێک پێوانەی تێدایە کە رێگە لە هەردوو هێزەکە (حکومەتی ناوەندی‌و حکومەتی هەرێم) دەگرێت دەسەڵاتی تەواویان بەسەر کەرکوکدا هەبێت، هەربۆیەش مالیکی دەیەوێت دەستوور هەموار بکات ئەگەر بتوانێت هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٠) بباتەوە. ئاژانسی رۆیتەرز دەنووسێت: کشانەوەی عێراق پێدەچێت ئەگەری توندوتیژیی تائیفی زیندووبکاتەوە لەعێراقدا، کوردەکان کێشەیان لەگەڵ مالیکی هەیە لەسەر نەوت‌و خاک، ئەوان دەترسن لەوەی لەژێر حوکمی مالیکیدا ئەو سەربەخۆییەیان لەکیس بچێت کە لەدوای جەنگی دووەمی کەنداوەوە بەهۆی پاراستنیان لەلایەن خۆرئاواوە هەیانبووە.



فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەبەغدا، کلیلی ئەمنی دەداتە فیرقەی خەیالەی یەکەم    فۆتۆ: AFP

# سەعد حەریری لەناو تارمایی باوکیەوە هەنگاو دەنێت



سەعد حەریری

جەمال ئیختیار

سەعد حەریریی کوڕی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان‌و سەرۆکی دەوڵەمەندی هاوپەیمانێتیی پاڵپشتیکراو لەلایەن خۆرئاواوە راسپێردراوە حکومەتی نوێی لوبنان پێکبهێنێت‌و گروپە جیاوازەکانی ئەو وڵاتەش سەرقاڵی پێکهێنانی هاوپەیمانین بۆ دروستکردنی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی.

میشێل سلێمان سەرۆک کۆماری لوبنان، سەعد حەریری (٣٩) ساڵی راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بۆ لوبنان، دوای ئەوەی لەهەڵبژاردنی لوبناندا کە ئەم مانگە بەڕێوەچوو هاوپەیمانێتیی زۆرینەی سوننە کە لەلایەن ئەوەوە رێبەرایەتی دەکرا، لەبەرامبەر حیزبوڵڵای لوبنان کە گروپێکی شیعەیە سەرکەوتنی بەدەستهێناو زۆرینەی کورسییەکانی بردەوە.

رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز) بڵاویکردەوە، وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن سەعد حەریرییەوە لوتکەی ئەو گەمەیەیە کە لە (٢٠٠٥)دا بە کوشتنی رەفیق حەریری ملیاردێرو سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان دەستیپێکرد، سەعد حەریری لەلایەن خۆرئاواو میانڕەوەکانی عەرەبەوە وەکو میسرو عەرەبستانی سعودیە پشتیوانی لێدەکرێت، کە نارازین بەپەرەسەندن‌و گەشەکردنی حیزبوڵڵای لوبنان، کە گروپێکی ملیشیای شیعەیەو حەسەن نەسروڵڵا سەرکردایەتی دەکات‌و سەر بە ئێرانە.

سەرۆک وەزیرانی نوێ لوبنان یەکێکە لە کەسە هەرە ناسراوەکانی لوبنان‌و یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەبات‌و لە خۆرئاواو عەرەبستانی سعودی هاوپەیمانی زۆرن، بەڵام بەشی زۆری ناوبانگی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ رەفیق حەریری باوکی کە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان بوو، لە ساڵی (٢٠٠٥)دا تیرۆر کرا.

تیرۆرکردنی حەریری سەرەتای ئەو گۆڕانە گەورانە بوو کە لە لوبنان دەستیپێکردو لەو چوارچێوەیەدا سوپای سوریا کە ساڵانێکی درێژ بوو لە لوبنان جێگیرکرابوون ناچارکران ئەو وڵاتە بەجێبهێڵن‌و لە کەش‌و هەوایەکی لەو شێوەیەدا هەڵسوڕانی سیاسیی سەعد حەریری دەستیپێکرد.

سەعد حەریری کەمپەینی خۆی بەداواکردنی عەدالەت بۆ کێشەی کوشتنی باوکی دەستپێکردو خۆی‌و لایەنگرانی لە ناوەوەی لوبنان‌و لە خۆرئاوا لەو چوارچێوەیەدا کاریاندەکردو لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر سوریا هەبوو، حکومەتی دیمەشقی بەوە تۆمەتباردەکرد کە بەرپرسیارە لە تەقینەوەی ئەو ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەی بووە هۆی کوشتنی باوکی، حکومەتی سوریا لەبەرامبەردا نکۆڵی لەو تۆمەتانە دەکات‌و تێوەگلانی لە تیرۆرکردنی حەریری رەتدەکاتەوە.

لەدوای هەڵبژاردنەکانی لوبنان، هەڵوێستی سەعد حەریری نەرمتر بووەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان.


رامی خوری، بەرپرسی دامەزراوەی (عیسام فارس بۆ سیاسەتی گشتی) لە زانکۆی ئەمریکی بەیروت، پێیوایە، بانگەشەی حەریری لەگەڵ ئەوەی دووساڵ لەوەوپێش زۆر توندبوو، جیاوازەو ئێستا ئەو نەرمترەو داوای ئاشتەوایی دەکات.

سەعد حەریری پێشتر وەکو گەنجێکی دەوڵەمەند ژیانی دەبردەسەر، بەڵام ئێستا وردەوردە گۆڕاوەو بووەتە سیاسەتمەدارێکی لەسەرخۆ، رامی خوری رایوایە، کە ئاماژەکانی تێکەڵاون‌و پێویستی بەوەیە زیاتر خۆی بسەلمێنێت بۆئەوەی بتوانێت ببێتە سیاسییەکی سەرکەوتوو لە شانۆی سیاسی لوبناندا.

پێشبینیدەکرێت کە دروستکردنی حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی لەلایەن سەعد حەریرییەوە لایەنەکانی لوبنان زیاتر هانبدات پێکەوە کاربکەن‌و ناوچەکەش بەرەو ئارامیی زیاتر بەرێت، هاوکات حکومەتی ئەمریکا بەڵێنیداوە کە پشتیوانی لە کابینەی نوێی لوبنان بکات‌و لە چوارچێوەی نوێکردنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ناوچەکەدا، ئەمریکا بڕیاریداوە کە باڵیۆز رەوانەی سوریا بکات، پێشتر واشنتۆن لە ساڵی(٢٠٠٥)دا باڵیۆزی خۆی لەو وڵاتە کێشابووەوەو یەکێک لەو مەسەلانەی کە ناکۆکی لە نێوان دیمەشق‌و واشنتۆن دروستکردبوو، دەستێوەردانی سوریا بوو لەکاروباری لوبناندا‌و بە رای چاودێران رۆڵی سوریاو کاریگەریی لەسەر لوبنان لە رابردوو و ئێستادا گرنگەو ئەمریکاش دەیەوێت ئەو وڵاتە هانبدات رۆڵی ئیجابی لەو بوارەدا بگێڕێت.

رۆژنامەی مینیا پۆلیس دەنووسێت، دروستکردنی کابینە لەلایەن سەعد حەریرییەوە ئاماژەی ئەوە دەدات، کە لوبنان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوەو سەقامگیریی‌و ئاسایش بۆ لوبنان دەهێنێت‌و واپێدەچێت کە لایەنە رکابەرەکان زیاتر لە جاران هەوڵبدەن بۆ سەقامگیریی‌و سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەو باشتر پێکەوە کار بکەن.

# بۆچی خەڵک گۆڕانی دەوێت؟



ئاسۆ عوسمان

ئەگەر چەند ساڵێک بگەڕێینە دواوەو ئاوڕێک لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی دووهەزارو پێنج بدەینەوەو لاپـەڕە رەشکراوەکانی یەکێتیو پارتی لەودەمەدا بخوێنینەوە دەبینین پڕیەتی لەبەڵێنی جێبەجێنەکراو، لەبیرمانە بەڵێنی ئەوەتان پێداین ئەگەر سەرکەوتن بەدەستبهێنن گوندەکان ئاوەداندەکەنەوەو سلێمانیو هەولێر دەکەن بەدوبەی، دهۆکیش دەگەیەننە هاوشانی ئەنقەرە، هەلی کار بۆ خەڵک دەرەخسێنن، ناوچە دابڕاوەکان دەگێڕننەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئازادیی بیروڕا دابیندەکەن، یاسا سەروەر دەکەن، زانکۆکان پێشدەخەن، هەڵەبجە دەکەنە شاری نموونەیی، ئاوڕ لە کەسوکاری شەهیدەکان دەدەنـەوە، کەرتی تەندروستی پێشدەخەن. بەکورتیو کرمانجی کوردستانتان دەکرد بەنیشتمانی خەونەکان. ئەوە چوارساڵ بەسەرحکومڕانی ئێوەدا تێپەڕدەبێت، ئێستاش دوارۆژەکانی حکومڕانیتان لەکۆتایی نزیک بووەتەوە. دەمەوێـت ئەو پرسیارەتان لێبکەمو پێتان بڵێم ئەرێ براینە کام لەم بەڵێنانەتان جێبەجێکردووە؟ ئەرێ لەخۆتان پرسیوە لەسایەی چواری ساڵی حکومڕانی ئێوەدا بۆ گوندەکانمان چۆڵبوون؟ بیرتان چوو، پێتاندەوتین شارەکان دەکەین بە دوبەی، پێمان ناڵێن دوبەی لەشەوو رۆژێکدا چەند سەعات کارەبای دەبڕێت؟ لەکوچەو کۆڵانەکانی ئەو شارەدا چەند تاسەی تێدایە؟، خەڵکی دوبەی وەک گەڕەکەکانی سلێمانی ئاوی پیس دەخۆنەوە؟ بڕواش ناکەم کەس هەبێت لەم کوردستانەدا بەنموونەی ئێوە سەردانی دوبەی کردبێت، دەفەرموون یەکێکتان غیرەت بتانگرێتو جیاوازییەکانی سلێمانیو دوبەی باسبکەن. ئەرێ ئێوە پیاوانی بەڵێندەر چیتان بۆ گەنجانی ئەم وڵاتە کردووە؟ کوا هەلی کار بۆ (لاوان)؟ لەسایەی دەسەڵاتی ئێوەدا رۆژانە بەدەیان گەنج سەری خۆیان هەڵدەگرن. ئەگەر بەکورتی لەتەک ئێوەدا دوو قسە بکەینو لێتان بپرسین کام لەئێوە ئەو بەڵێنانەتان لەبیرماوەو کێتان دەست بەرزدەکەنەوە؟ ئەگەر ئێستا بتانخەینە ژێر تاقیکردنەوەو پێتان بڵێین ئەو بەڵێنانەی کە بەخەڵکتان داو من لەم پەرەگرافانەدا باسم نەکردوون چیبوون؟ دڵنیام لەنمرەی سەد سفر وەردەگرن. خۆشتان وتەنی ئەو بەڵێنانە بۆ جێبەجێکردن نەبوون، تەنیا پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بوون.

بۆیە خەڵک ئێستا دڵنیابووە کە ئەمجارەش بەڵێنی بەلاش بەخەڵک دەدەنو دەزانن ئەگەر ئەمجارەش ئێوە سـەر بکەونەوە لـەوەی کە کردووتانە زیاترتان پێناکرێت، دەبێت ئەو مافەمان پێبدەن ئیتر ئێمەش دەنگتان پێنەدەینو ئەمجارەیان سزاتان بدەینو داوای

**بۆیە خەڵک ئێستا دڵنیابووە کە ئەمجارەش بەڵێنی بەلاش بەخەڵک دەدەنو دەزانن ئەگەر ئەمجارەش ئێوە سەر بکەونەوە لـەوەی کە کردووتانە زیاترتان پێناکرێت، دەبێت ئەو مافەمان پێبدەن ئیتر ئێمەش دەنگتان پێنەدەینو ئەمجارەیان سزاتان بدەینو داوای گۆڕان بکەین**

گۆڕان بکەین، ئێوەش بۆ یەکجار، بەڵێ، تەنیا یەکجار، چاکەیەک لەگەڵ ئێمە بکەنو رێگە بدەن با خەڵکی بەئازادانە دەنگبدات هەڕەشەی نانبڕین مەکەن، خەزێنەی حکومەت مەخەنە خزمەت سەرکەوتنی لیستەکەتان، لەباتی دەمانچەکڕین بیر لەوەبکەنەوە خزمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکەن کە لەکاتی هێنانەوەی روفاتی کەسوکارەکانیاندا راویاننان، لەبری ئەو دۆلارانەی دەیبەخشنەوە بەسەر سەرۆک عەشیرەتەکاندا، گوندگان ئاوەدان بکەنەوە، خوێندنگاو فەرمانگاکانی حکومەت مەخەنە خزمەت لیستەکانتانەوە، خوێندکارانو فەرمانبەران، بەوە ناچارمەکەن ئەگەر دەنگتان پێنەدەن سزایان بدەن! براینە هیچ کەسێک لەمێژوودا بەقەدەر ئێوە دەمی لەدیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی نەکوتاوە، بۆ یەکجاریش بێت رێز لەقسەو بەڵێنەکانتان بگرن. لەبەرئەوەی ئێستا خەڵک هۆشیارەو داوای گۆڕان دەکات، ئێوە بتانەوێت یان نا گۆڕان هەر دەبێت، خۆ ئەگەر پێتانوابێـت دەبێت دەسـەڵات هەر بەدەست ئێوەوە بێتو کوڕەکانیشتان دوای خۆتان سەرۆک بن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن، چارەنووسی خۆتانو گەلەکەتان دەخەنە بەردەم مەترسییەوە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێـت لەوە زیاتر ئازاری ویژدانی کۆمەڵگا نەدەن، ئەگەر بەڕاستتانەو ئێوە بەرژەوەندیی میللەتتان بەلاوە گرنگە لەباتی هەڕەشەکردن، ئازادیی بۆ دەنگدەر دابینبکەن، لەباتی هێرشکردن بۆ سەر لیستەکان رێگەیان پێبدەن ئەوانیش وەک ئێوە بانگەشەی خۆیان بکەن، لەباتی دەنگکڕینو بەهەدەردانی پارەی میللەت بیر لەچاکسازیی بکەنەوە. ئێوە لەبەردەم دوو رێگادان «یان دەبێت جاری دیکتاتۆربوونی خۆتان بدەن، یان دەبێـت هەڵبژاردنێکی شەفافانەو بێ ساختەکاریی ئەنجامبدەن». وەک خۆشتان دەڵێن ئێوە خەرمانێکتان لەخزمەت لەم چوار ساڵەدا جێبەجێکردووە، دەفەرموون بەبێ هەڕەشەو ساختەکاریی بێنە مەیدانەکەوە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش قبووڵبکەن.

Lawa_0@hotmail.com

# کـوردو هـەڵبـژاردن



شۆخان فەرج

لەدەستپێکی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن، چەندین دیاردەی نائاسایی، چەندین کاری نەشیاو هەستپێدەکەین، لەگەڵ کردنەوەی بارەگای لیستی گـۆڕان چەندین گەنج رووبـەڕووی توندوتیژیی بوونەتەوە لێیاندراوەو سوکایەتییان پێکراوە، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئـەوەی کە لافیتەکانی لیستی گـۆڕان بدڕێندرێن لە شەوی درەنگدا، ئەم دیاردانە دڵخۆشکەرنین، جێگەی نیگەرانین، تەنانەت زەنگێکی مەترسیدارە، لە ئێستادا کورد پێویستی بەوەیە کە کێبرکێی دوور لەتوندوتیژیی، دوور لە دەمارگیری، دوور لە هەرکارێکی نەشیاو کە پێشێلکردنی یاسایە، بکات. ئێمەی کورد زۆرترین ئەزموونمان هەبووە لە رابردوودا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەردی کوشندەی کورد خۆ خۆریو شەڕی ناوخۆ بووە، هەمیشە رێگیربووە لەبەردەم گەشەسەندنی ئەم نەتەوەیەدا، هێندەی شەڕیان کـردووە لەگەڵ یەکدا، هێندەی رووبـەڕووی یەکبوونەتەوە نیوهێندە رووبەڕووی دوژمنەکانمان بووینایەتەوە بەیەکگرتوویو دەست لەناودەست ئێستا کورد پێگەیەکی دیکەی هەبوو، دوورنەبوو دەوڵەتی خۆی هەبوایە. نەتەوەیەکی چل ملیۆنی تائێستاش خاوەنی دەوڵەتێکی خۆمان نین، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین هۆکار لە پشتی ئەوەوە بووە کە کورد دەوڵەتی خۆی نەبێت، کورد خۆشی بەشێک بووە لەو هۆکارانە، تائێستاش کورد نەیتوانیوە خۆی رزگار بکات لـەودەردە کوشندەیە، کە من بە شێرپەنچەی مێشکی کوردی دەبینم. باشترین نموونە بۆ ئەم نەوەیەی ئێستا ئەوەبوو کە بە چاوی خۆمان شەڕی نێوان یەکێتیو پارتیمان بینی، بینیمان کە چۆن دوو برا لەگەڵ یەکدا ببوون بە دوژمن، بە رێژەیەک یەکێتییەک بە خوێنی سـەری پارتییەک تینوو بـوو، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، تەنانەت شەڕە پەڕۆ گەیشتبوویە رادەیەک یەکێتییەک نەیدەوێرا جلی زەرد لەبەربکات، پارتییەکیش نەیدەوێرا جلی سـەوز لەبەربکات. ئـەم دیاردانـە ناهۆشیاریی تاکی کوردی ئەوکاتەمان بۆ دەردەخـات، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوەی کە دەمانوەستێنێت لەدوای چەندین ساڵی دوورودرێـژ بەسەر تێپەڕبوونی شەڕی ناوخۆ، دەبینین هەندێک لایەن، هەندێک کەس، وتەبێژەکان، هەر بەو زمانەی ئەو سەردەمە قسەمان بۆ دەکـەن. بەدڕینی لافیتەو پەلاماردانی خەڵکی هەوڵدەدەن بمانترسێن، دیسان ماڵی کورد تێکبدەنەوە، جارێکی دیکە تۆوی رق لەدڵو دەروونی تاکی کوردی بچێننەوە، بۆیە دەبێت حیزبە دەسەڵاتدارەکان لەئاستی لێپرساوێتیدا بن، ئێوە خۆتان بە خەمخۆری میللەت دەزانن، نابێت ئەندامەکانتان هانبدەن بۆئەوەی توندوتیژیی بکەن، ئێوە وەکو خۆتان دەڵێن دڵنیان رێژەیەکی زۆرباش بەدەستدەهێنن لە هەڵبژاردن، پێویست ناکات بکەونە دڵەڕاوکێو بکەونە گیانی لیستو لایەنەکانی دیکەو رێگە لە پڕوپاگەندەی لیستەکانی دیکە بگرن، هەروەها رۆشنبیران رۆژنامەو قەڵەمە ئازادەکان دەبێت دەوری خۆتان هەبێت لەوەی خەڵک هۆشیار بکەنەوەو زۆر بەهێمنی دوور لە توندوتیژیی پڕوپاگەندە بۆ ئەو لیستە بکەن کە خۆتان دەتانەوێت، دەبێت هۆشیاریان بکەنەوە کە لەلایەنو لیستو کەسایەتی دیاریکراوەوە بەکاریان نەهێنن، دەبێت پێیان بڵێن نانەوەی هەر پشێوییەک لە کوردستاندا بـەزەرەری هەموو کورد کۆتایی پێدێت. لەدواجاردا دەڵێم، ئێمەی کورد هیچمان کەمتر نییە لـەو گـەلانـەی کـە زۆر هۆشیارانە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداردەبن، بەشێوەیەکی زۆر هێمن پڕوپاگەندە دەکـەن، ئێمەش با بەوشێوەیەبین، چیتر هێندە دەمارگیر نەبین، هێمنانە بەپێی ئەو یاسایەی کە بۆمان دانراوە مامەڵە بکەینو پڕوپاگەندە بکەین.

shana84@hotmail.co.uk

# لەم هەرێمەی ئێمە کێ کێیە؟ کێ رۆژنامەنووسە؟

هێمن بابان رەحیم



لەکۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک رۆژنامەنووس، ئەگەرچی تێبینی لەسەر کەسەکانو هەڵبژاردنیان هەیە، سەرۆکی هەرێم چەند رۆژی رابردوو لێزانانە پرسیارێکی هەم سادەو هەم جدی لەبارەی کێیەتی رۆژنامـەنووسـەوە وروژانـد، بـەڵام جگە لە چەند رستەیەکی ئەزبەرکراوو وشکی نێو یاسای رۆژنـامـەگـەریـی، وەڵامـێـکـی دروستو تەواوی وەرنەگرتەوە کە قایلی بکاتو ئـەو توانایەی پێبەخشێت کە رۆژنامەنووس لە نا رۆژنامەنووس جیابکاتەوە.

بۆ وەڵامـی ئەو پرسیارە سەرەتا هەقە بپرسین، کێن ئەوانەی ئێوە هەڵتانبژاردبوون بۆئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەو رۆژنامەنووسانەی لە مەیداندا بەدەم راپۆرتو چاوپێکەوتنەوە شلۆق بوون یان ئەو برایانەی لەپشتی کورسییەکانەوەو بەمیزاجی خۆیان پۆلێنکاری دەکـەنو زۆرجـار بەکاری پەیامنێرو رۆژنامەنووسە راستەقینەکان رازی نینو بۆخۆشیان کەمترین شتێک لەسەر رۆژنامەنووسی دەزانن، بەڵام کراون بە بەرپرسی دەزگـا، خاوەنی ئیمتیاز، سەرنووسەری رۆژنامە، بەڕێوەبەری نووسین، بەرپرسی راگەیاندنی چیوچی، بۆچی چوار پەیامنێری جدیمان بەرچاو نەکەوت، بەڵکو بە دەیان دەموچاوی سپیکەلەی وامان دەبینی کە قەد قەد رۆژنامەنووسە راستەقینەکان نایانناسن.

ئێمە بە دەست واقیعێکەوە دەناڵێنین نابێت هیچ کامێکمان خۆمانی لێ قورتار بکەین، ئەویش قەیرانی پێناسەیە، لە کوردستاندا زۆر بە زەحمەتی دەزانرێت کێ کێیە، چونکە هەریەکەمان لەهەموو مەسەلەکاندا خۆمان بە شارەزا دەزانین، پێشمان عەیبو حەیفە نازانین ئەودیوی ددانەکانمان تێپەڕێنێتو لە زیندانی دەممان بێتە دەرەوە، ئیدی کەس نازانێت کێ کێیە، من دەپرسم ئایا لە کوردستاندا دەزانرێت کێ سیاسەتمەدارە؟، کێ خاوەن ئەزموونە؟، کێ مامۆستایە؟، کێ فەرمانبەرە؟، کێ دڵسۆزە؟، کێ نیشتمانپەروەرە، کێ جاشە، کێ سیخوڕە، کێ بەشەرەفە، کێ بێشەرەفە، ئاڵۆزییو پشێوییەک لە ناساندن هەیە، فوکردنی حیزب، بەرپرس، دەزگا، وەزارەت، راگەیاندن، بەو کەسو لایەنانەی ئارەزوو دەکاتو سڕینەوەی ئەو کەسو لایەنانەی ئەو خۆشی پێیاندا نایەت مەسەلەکەی تەواو شێواندووە، لەم وڵاتە کەسایەتییەک لەلای بەشێک سیاسەتمەدارو دیپلۆماتکاری عەیارە (٢٤)و فەما فەوقە، کەچی لای ئەوانی دی جاشێکی بێ عەیارە، بێ عەیار لەوەی نەوەک بەتەنیا پێیوایە جاشە، بەڵکو بە خۆفرۆشو جاشی ئەم دەستو ئەو دەستی دەزانێت، نازانین لەکوێوە بزانین کەسەکە کامییانە، دیپلۆماتکارو نیشتیمانپەروەری فوول عەیارەکە ئەوە، یان جاشی دەستی ئەمو ئەو.

بەداخەوە لە هەرێمەکەی من نانەوا رۆژنامەنووسە، چایچی مودیر عامە، گۆرانیبێژ سیاسەتمەدارە، جاش پیاوی باشە، پیاوی باش جاشە، جاسوس رۆژنامەنووسە، هەروا بێتەوە پێناسەکان تێکەڵن، نادیارن، کەس بە کەس نییە، ئەمڕۆ بەم رۆژنامەیە دەگوترێت ئەهلییە، سبەی دەبێتە حیزبی، ئەمڕۆ پەیامنێرێکی سادەیە، سبەی سەرنووسەری بڵاوکراوەیەکە، پێوەرەکان تێکچوون.

هەمان رێسا بەسەر رۆژنامەنووسانیشدا جێبەجێ دەبێت، ئێمە نازانین کێ رۆژنامەنووسە، کێ خاوەن ئەزموونە، کێ زیاتر دەزانێت، کێ دەبێت رێزی زیاتری لێبگیرێت، چونکە خزمەتی زیاتری بە راگەیاندنو میدیا دەکات، وەکو چۆن سیاسەتمەدارەکانی وڵاتەکەم رێز لە ئەزموونو خەباتو مێژوو خزمەتی یەکتر ناگرن، ئەو پەتایە ئێمەشی گرتووەتەوە، منی رۆژنامەنووس ئەگەرچی تواناکانم سنوورداربێت، پێم گوناهە ئەوی هاوکارم کە خـاوەن یەک دنیا پەیوەندیو قەڵەمی بوێرترو سەلیقەی باشترە لەمن باشتربێت، قەد دان بەو راستییەشدا نانێین، وەک ئەوەی سیاسەتمەدارەکانمان نایننێن، کەوابوو کێ کێیە، کەس کەس نییە، کەسمان خۆمان نین.

کەوابوو دەبێت رۆژنامەنووسان لە خۆیانەوە دەست پێبکەنو بیسەلمێنن کە کێ رۆژنامەنووسەو کێ لەنێو بوارەکە بۆ مەبەستی سیخوڕی چێنراوە، یان بۆ مەبەستی دیکە چێنراوە، دەبێت سەندیکای رۆژنامەنووسانیش چیتر لەو ئەرکەی خۆی هەڵنەیەت کە رۆژنامەنووسو نا رۆژنامەنووس لەو سوپایەی لەخۆی خڕکردوونەتەوە جیابکاتەوە، با چیدی بۆ موجامەلەو خزمخزمێنەو حیزب حیزبێنەو لەبەرچاوی کاڵی ئەمو لێوی سووری ئەو خەڵک نەکات بە رۆژنامەنووس، چونکە بەڕاستی پێویستمان بەگێڕانەوەی رێزوحورمەتی تایبەت بۆ رۆژنامەنووس هەیە.

### خوێندنەوەیەک بۆ پرسی دەستووری کوردستان

# کێ پەرۆشی دەستوورە؟



هاوڕێ تۆفیق

پـرۆژەی دەستووری کوردستان بەو شێوەیەی کە دەســەڵات خـۆی ویستی پەرلەمانی ماوەبەسەرچوو پەسەندی کرد، بۆ ئەوەی هاوکات لەگەڵ دەنگدانی پەرلەماندا هاوڵاتییان رای خۆیانی لەسەربدەن، بە بــاوەڕی مــن پـەرلـەمــانو دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەڵەیەکی سیاسیو مێژووی ئێجگار گەورەیان کرد، ئەوەی جێگای تێڕامانە بۆ شـەرعیەتپێدان بـەو پەسەندکردنە، بەرزبوونەوەی دەنگۆیەکە کە دەیەوێت وا لە خەڵکی بگەیەنێت کە خەڵکانێک هەن دژی دەستوورنو نایانەوێت هەرێم پێشبکەوێتو خاوەن دەستوور بێت! هەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەمڕۆ ئـەوانـەی لەپشت پەسەندکردنی دەسـتـوورەوەن، سەرقاڵی تەرویجکردنی گوتارێکی ناسیۆنالیستین لەبەر رۆشنایی کۆنسێپتێکدان، بەوەی کە (ئەوان خەمخۆری دۆسێی نەتەوەیی کوردن، دەیانەوێت هەرێم خــاوەن دەســتــوور بێت، لــەو رێگایەوە دامەزراوەی دەستووری دروست بکرێتو کوردستان شەرعیەتی دەستووری هەبێت، بــەو هـۆیــەشــەوە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان بەهێزبکرێت)، ئەم کۆنسێپتە ئێستا بووەتە یەکێک لەو فێڵە سیاسیانەی کە دەیانەوێت رووناکی مەسەلە بنەڕەتیەکە لێڵ بکەنو پرسیارە جدییەکانی ســەر ئەو مەسەلەیە کە بوونی هەیە فەرامۆش بکرێت، وا لە هاوڵاتییانی کوردستان بگەیەنرێت، کە ئەوان خەمخۆری کوردستانن، لێرەدا دەبێت ئەو راستیە بڵێین کە هەموو میللەت هاوڕایە بەوەی کە هەرێمەکەی خاوەنی دەستوورو شەرعیەتی دەستووری بێت، بەڵام کێشەکە ئەمەیە، کام دەستوور؟ ئەمەیە پرسیارە بنەڕەتیەکە بە مانایەکی دیکە ئایا بەسبوونی دەستوور بۆخۆی سیحری بەهێزی ئاسایشی نــەتــەوەیــیو پاراستنی ئــەرکو مــافو ئازادییەکانی تاکوکۆمەڵە؟ ئەو دوو پرسیارە، دوو رەگــەزی بەهێزی تێکشاندنی ئەو کۆنسێپتەی سەرەوەیە کە دەسەڵاتدارن بانگەشەی بـۆ دەکــەن، بێگومان ئەو دەستوورانەی رەنگدانەوەی خواستو ویستی کۆمەڵایەتیو سیاسی هەموو کۆمەڵگا نەبنو بەشداری راستەقینەی کۆمەڵی تێدا نەبێت، ئەوا دەبنە دەستووری سەر کاغەز، چونکە دەستوور پەیمانێک، رێکەوتنێکە لـەنـێـوان گــەلو دەســەڵات بـۆ ئــەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیانو ژیان بەگشتی رێکبخەن، بەهێزی دەستوور بە تەنیا لە نـاوەرۆکو پاشان پابەندبوونی پێوەی لە رێگای دامــەزراوەی فەرمیو دەستووری دەوڵەتەوە نییە بە تەنیا، بەڵکو بەشێکی زۆری هێزی دەســتــوور لــەو وزە رووحـیــەوە سـەرچـاوە دەگـرێـت، کە هاوڵاتییان بە رادەیەکی سەربەخۆو هۆشیارانەوە دەنگو متمانەی پێدەدەن، کۆدەنگی کۆمەڵایەتی بۆ دروست دەکەن، بەوەش کەشوهەوایەکی جەماوەریی ئەوتۆی بۆ دروست دەبێت کە کەس نەتوانێت لێی لابـدات، هەر بۆ ئەو مەبەستە گرنگە هاونیشتمانیان هەم زانیاریو هەمو هۆشیاری پێویستو جدیان لەسەری هەبێت، هەر بۆیە پێویستە ئـەوە بڵێین دژایەتیکردنی ئەم دەستوورە پەسەندکراوە بە مانای دژایەتیکردنی بە دەستووریکردنی کوردستان ناگەیەنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەرۆشییە بۆ ئایندەی دیموکراتیو ئازادیی تـاکو سیستمی پەرلەمانی کوردستاندا رشتنی دەستوورێکی مۆدێرن، چونکە ئەوەی ئێستا نوسراوە ناتوانێت هەرێم بەو ئاراستە تــەواو دیموکراتیەدا ببـات، هــەر بۆیە دژایەتیکردنی شەرکردنە لەسەر ئایندە، ئەو ئایندەیەی کە کۆمەڵگاو رژێمە سیاسییەکەی لە رێگای پەرلەمانێکی بەهێزەوە خەریکی ئاوەدانکارییو کێبرکێی دیموکراتیانە بێت. ئەوەی لە پرۆژەی دەستووری کوردستاندا تەبەنیکراوە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی سێ کێشەی بنەڕەتی تێدا بەدی دەکرێت، یەکەمو جەوهەریترینیان پەیوەندی بە ناوەرکی دەستوورەکەوە هەیە، دووەمیان پەیوەندی بە کاتو بەرواری پێشکەشکردنی دەستوورەکەو زانیاری هاوڵاتییان لەسەریو سێیەمیان رەهەندی شەرعیەتی پەسەندکردنی دەستوورەکەوە هەیە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم، بەپێی دەستووری کوردستان شێوەی حوکمڕانی کوردستان لە دەسەڵاتەکانی (یـاسـادانـان، دادوەریـی، جێبەجێکردن) پێکهاتووەو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەسەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران پێکهاتووە، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردنە هەروەک لە مـادەی (٦٠)ی دەسـتـووری کوردستاندا هاتووە، واتە سەرۆکی هەرێم لە سەرۆک وەزیـران خاوەنی دەسەڵاتی زیاترە، ئەمە جگە لەوەی سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزی چەکدارو دەزگـای ئاسایشە وەک لەهەمان مادەی (٦٠) دیاریکراوە، بەو شێوەیە سیستمی حوکمڕانی کوردستان سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتیە، بەو مانایەی لە هەرێمی کوردستان لە یەککاتدا سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بوونیان هــەیــە، ئـەمـە لـە کاتێکدا لـە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوونی نییە. هەڵبژاردنی ئەم سیستمەش بەپێچەوانەی شێوازی حوکمڕانی عێراقەوەیە کە سیستمێکی پەرلەمانیە، سەبارەت بە چۆنێتی هەڵبژاردنی ســەرۆک، بەپێی دەستووری فیدراڵی عێراق سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامان دەردەچێت، وەکو لە مادەی (٦٧)ی دەستووری فیدراڵی ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی مادەی (٦١) ی دەستووری هەرێم سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، سەیرترلەوە، سەرۆکی هەرێم کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردێت بە سیستمی زۆرینەی سادە (اغلبیة البسیطة) دەردەچێت وەک لە مادەی (٨) یاسای ژمارە (١) سەرۆکایەتی هـەرێـم ساڵی ٢٠٠٥ داهـاتـووە. بە نموونە ئەگەر سێ کەس رکابەربن (أ، ب، ج ) کەسی یەکەم (أ) تەنیا ١٠٪ دەنگ بەدەستبهێنێتو کەسی دووەم (ب) ١٢٪ بەدەستبهێنێتو کەسی سێیەم (ج) ١٥٪ بەدەستبهێنێت، ئەوا بەپێی نیزامی زۆرینەی سادە، کەسی سێیەم (ج) کە بە تەنیا ١٥٪ دەنگی میللەتی هێناوە، بەڵام بە براوەو سەرۆکی هەرێم ئەژمار دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی وڵاتانی زۆرێکی دونیای دیموکرات دەبێت بە شێوازی سیستمی زۆرینەی رەها بێت (اغلبیة المطلقة) بێت، واتە سەرۆک (٥٠+١) بێنێتو ئەگەر رکابەرەکان نەگەیشتنە ئەو رێژەیە، ئەوا هەڵبژاردن دووبــارە دەکرێتەوە بۆ ئـەوەی سەرۆک شەرعیەتو متمانەی لایەنی کەمی نیوەی میللەتی هەبێت، نەک وەک ئەوەی کوردستان کە سەرۆک بە زۆرینەی سادە براوە دەبێت بەشێک لە بنەما سەرەکیەکانی دەستووری کوردستان بۆخۆی پێچەوانەی دەستووری عێراقە، لەڕووی پرەنسیپی (سمو الدستور) نابێت دەسـتـووری هـەرێـم لــەڕووی بنەماسەرەکیەکانەوە ناکۆک بێت لەگەڵ دەستووری فیدراڵیدا، کەواتە ئەمە بۆخۆی کێشەیەکی دەستووری گرنگەو دەتوانین تانەی نادەستووریی لێبدەین، هەروەها لەڕووی سیاسییەوە کوردستان پێویستی بە سەرۆکێکە کە لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیار بێت، پەرلەمانیش چاودێریی کارەکانو ئەدای بکات، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کوردستاندا دەسەڵاتەکان بە هاوسەنگی دابەش بکەین، ئەم دابەشکردنە هاوسەنگەش بۆ ئەوەیە ئەگەر یەکێک لە دەسەڵاتەکان تووشی لادانو خراپەکاری هات دەسەڵاتەکانی دیکە فریای بکەون، بەمانایەکی دیکە موجازەفە نەکەین بەوەی دەسەڵاتێکی زۆر لە دامەزراوەیەکدا کۆبکەینەوە کە بەلادا رۆیشت، ئەوا بەهۆی خراپبوونی ئـەوەوە هەموو کۆمەڵگاش تووشی هەڵدێر بکات، ئەمە جگە لەوەی دەمانەوێت هاوسەنگی هێز رابگرین، کە ئەوە بۆخۆی رێگایەکە لە رێگاکانی زەمانەتی پــەراوەی دیموکراسی کێشەیەکی دیکە «هێزی چەکدارە» بەپێی ئەم دەستوورە سەرۆکی هەرێم فەرماندەی هێزی چەکدارە وەک لە مـــادە(٦٠) هاتووە، بێگومان لە سیستمی پەرلەمانی هەروەکو دەستووری عێراقی فیدراڵدا دیاریکراوەو هەیە، سەرۆک وەزیران فەرماندەی هێزی چەکدارەو ئەویش لەژێر چاودێریی پەرلەماندایە نەک سەرۆک وەک لە مادەی (٧٥) دەستووری فیدراڵدا هاتووە، پرسیارەکە ئەمەیە، سودی چییە سەرۆک فەرماندەی هێزی چەکدار بێت؟ یەکێک لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە گەرەنتی دیموکراسی لە کوردستان دەکات، بریتییە لەوەی هێزی چەکدار لە هــەردوو رووی بـیـروبـاوەڕ(فـەلـسـەفـە)و دامــەزراوە چاکبکرێتەوەو بگۆڕدرێت، لە دامەزراوەیەکی حزبیەوە بکرێت بەدامەزراوەیەکی دەوڵەتیو نیشتمانیو لە فەلسەفەی دەمارگیری حیزبیو نەتەوەیەیەوە بگۆڕێت بۆبیروباوەڕی نیشتیمانیو دیموکراسی، هەروەها هێزەکانی چەکدار لەژێر فەرماندەی سەرۆک وەزیراندا بنو سەرۆک وەکو باوکێک بۆ هەرێم وابێتو بێلایەنانە رەفـتـاربـکـات، نـەک پاوانی دەسەڵاتبکات! واتە هێزی چەکدار لەڕووی دامەزراوەییەوە نەبەسترێتەوە بەسەرۆکی هـەرێـمـەوە بۆ ئـەوەی پـاوانـخـوازی لە دەسەڵاتێکدا کۆنەکرێتەوە، کێشەیەکی دیکە دەستووری کوردستان، پەیوەندی بەکاتو بەرواری پەسەندکردنەکەیەوە هەیە، ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە کە قسە لەسەر دەستوور دەکرێت بۆ پەسەند نەکرا؟ بۆ لەنەمانی کاتی شەرعیەتی یاسایی پەرلەماندا پەسەند کرا؟ ئەم پرسیارە تەنیا رەهەندێکی سیاسی نییە کە بێگومان گرنگە، بەڵکو رەهەندێکی یاسایشی هەیە ئەویش پەسەندکردنی دەســتــوور لــەلایــەن پـەرلـەمـانـێـکـی مـاوەبـەسـەرچـووەوە هەڵگری کێشەی شەرعیەتی قانوونییە، کە پێی دەڵێن (لە کەداری شەرعیەت) (ناقص الشرعیة) کە بێگومان شتی بیناکراو لەسەر شتی ناشەرعیی کاریگەرییەکەی لە رووی یاساییەوە بەتاڵە. سەبارەت بە کێشەی دووەم کە پـەیـوەنـدی بـە زانـیـاری هاوڵاتییانەوە هەیە، پێش هەموو شتێک بەلانی کەمەوە پێویستیمان بە چەند مانگێک هەیە بۆ هەڵمەتی فەرمی لەلایەن کۆمسیۆنو نافەرمی لەلایەن رێکخراوەکانی بیانیو نیشتمانیو کۆمەڵی مەدەنییەوە سەبارەت بە رۆشنبیریی دەستووری بۆ خەڵک، هەتا وەکو هاوڵاتییان بزانن دەستوور مانای چییە؟ جۆرەکانی چین، گرنگیەکەی چییە؟ ئەمانە دەبـنـە هـۆی ئـەوەی هاوڵاتی کوردستان لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەدا تـەواو تێگەیشتنو هۆشیارییان هەبێت، هەروەها دەبێت دوا رەشنووسی دەستوور برگە بە بڕگەی، بابەت بە بابەتی گفتوگۆی کراوەو جدی بۆ بکرێت هەتا وەکو هەموو لایەک بە تەواوی لێی تێبگەن، سەبارەت بـەوەی کە رەشنووسی یەکەم مـاوەی ساڵێکە لە سایتی پەرلەمان دانراوە، کە بەڵێ وایە، بەڵام دوا رەشنوس کە چەند رۆژێک پێش ئێستا بڵاوکرایەوە کێ بینیویەتی؟ باشە لەم ماوە کەمەدا کە کەمتر لە مانگێکی مــاوە، چی دەکرێت هەتا وەکو خەڵکی لێیتێبگەن ؟؟؟ لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بکەین بۆ ئـەوەی کە بەڵێ ئەم هەرێمە پێویستی بە دەستوورێک هەیە، بەڵام دەستوورێک بە رێگاو شێوازێکی یاساییو ئاساییو سروشتیدا بڕواتو بەپێی پێوەرە دیموکراتیەکان دابنرێت، دەستوورێک ئیرادەی خەڵک دابڕێژێت نەک ئیرادەی حیزب!

Hawre_81@yahoo.com


# "کەرکوکو دەستووری کوردستان"



لەتیف فاتیح فەرەج

کــەرکــوک شارێکە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، ئەم شارو پارێزگایە بەناهەق لەگەڵ زۆر شوێنو ناوچەی دیکەدا لەدەستووری عێراقیدا ناونران «ناوچە کێشە لەسەرەکان»و بەندی ١٤٠ی دەستوور تایبەت بەو پرسە دانـراوە. عێراقییەکان بەخەڵکی کەرکوکیشەوە دەنگیان بەو دەستوورەدا. ئێستا لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا مادەی دووەم لە یەکەم بڕگەدا کەرکوکو ناوچە کێشە لەسەرەکانی بە قەوارەی جوگرافیو مێژووی کوردستانی عێراق دانراوە، لەبڕگەی دووەمی هەمان مادەدا پشت بەجێبەجێکردنی بەندی ١٤٠ بەستراوە بۆ دیاریکردنی سنووری سیاسی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە بەگشتی هەندێک ناوچەی کوردستانی باشوور فەرامۆشکراوەو لەبری هەموو موسڵ کە لە تەواوی تەمەنی دەسەڵاتی عوسمانیدا بـاشـووری کـوردسـتـان بـووە بەشێک لـەو شـارەو لە کوتیش چەند شوێنێک فـەرامـۆشـکـراوە، بــەڵام دەسـتـوورەکـە چاوپۆشی لە کەرکوکو چەندین شوێنی دیکە نەکردووە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە کەرکوکییەکانو خەڵکی ئەوشوێنانە دەنگی پێبدەن، چونکە ناکرێت خەڵکێک لەبری ئەوان دەنگ بەچارەنووسیان بدات، دەبێت راستگۆیانەو راشکاوانە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئـەو شوێنانەی بە کوردستانی زانیوەو لەلایەکی دیکەشەوە بەپاڵپشت بەبەندی (١٤٠) بەناوچەی کێشە لەسەری زانیوە، کار بۆ ئەوە بکات لانیکەم دەنـگ بە دەسـتـوورەکـە بـدەن، بەبڕوای من ئەمە کارێکی قورسە، کەواتە دەبوایە ئەو پەلەپڕوزێیەی لەتێپەڕاندنی دەستوور نەکرایە، لەکاتێکدا (١٨) ساڵە هەرجارە بەبیانوویەک ئەم ناوچەیە وەکو ناوچەیەکی بێ دەستوور کاریکردووە، تەنانەت پەلاماری ئەو شوێنانەش دراوە کە ئەمڕۆ دەستوورەکەی لێوەدەردەچێت، دەستوور بۆ خەڵکی کوردستانە، کوردستان بەشێکی زۆری خاکو خەڵکەکەی هێشتا نەگەڕاوەتەوە ئامێزی هەرێمەکە، تێپەڕاندنی بەبێ دەنگی ئەو بەشە زۆرە، پشتگوێخستنی ئەو خاکو خەڵکەیە، ئێستاش ئەگەر بڕیارە دەستوور لەڕۆژی (٧/٢٥) دەنگی لەسەر بدرێتو ئـەوەش وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وتــی، کە خۆی سەرۆکی هەرێمەکەشە «دەبێتە چقڵی چاوی دوژمنانوناحەزان»، دەبێت کەرکوکییەکانو هەموو ئەو ناوچانەی دیکە سندوقی تایبەت بە پرسی دەستووریان بۆ دابنرێت، ئەگەر ئەوە کرا دەزانین چقڵی چاوەکە بۆ کێ بووەو بۆ کێ وتراوە، ئەگەر نا ئێمەش بە گومان بین لەو وتەیە کە زیاتر لەوە دەچێت ئاراستەی کوردستانیان، بەتایبەت ئەوانەی تێبینییان هەیە کرابێت، دەستووری هەرێمی کوردستان دەستووری خەڵکی کوردستانە، نابێت بۆ بەشێک لە خەڵکی کوردستان وەکو چقڵی چاو تەماشا بکرێت، پێویستە سەرۆکی هەرێم کە خۆشی سوور دەزانێت پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٤-ەوە شەرعیەتی جەماوەریی نەماوە، داوای لێبووردن لەو دەستەواژە تەمومژاوییە بکات، دەکرا لەبری ئەوە بەزمانی گوڵەکە، هەر ئەو زمانەی سەرکردەکانی یەکێتیو پارتی جەختی لەسەر دەکەن، پەرلەمان لەدانیشتنێکی فراواندا لەگەڵ هێزو لایەنو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو میدیا دانیشتبانو هۆکارەکانی دەنگدان بەدەستووریان شیکردبایەوەو ئەوجا دەنگیان لەسەر دەستوور دابا، تێپەڕاندنی دەسـتـووری هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ رای خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکان، سووکایەتیکردنە بەو خەڵکە کە لـەڕابـردوودا قوربانییەکی زۆریـان لەسەر کوردستانیبوون داوە، ئەگەر لەسەودای ئەو ماوە کەمەی لەبەردەستە، پەرلەمانو حکومەتی کوردستان بتوانن بەغداد رازی بکەن بـەوەی سندوق بۆ دەنگدان لەسەر دەستوور لەو ناوچانە دابنرێت، کارێکی باشە ئەگەر نا ئەوە دەستووری هەرێمی کوردستان لەئایندەدا هیچ پەیوەندییەکی بەم ناوچانەوە نابێت، مادەی دووەمیش دەبێتە ئەو قسە رووتەی کە ئەحمەد موختار بەگی جاف دەڵێت "ناچێتە ناو گیرفانەوە" سەرۆکی هەرێمو ئەندامانی پەرلەمان ئەو راستییە باش دەزانن کە دەبێت دەستوور خەڵک دەنگی لەسەر بدات، ئێستا کە کەرکوکییەکانو ناوچە کێشەلەسەرەکان دەنگ نادەن، چ پێوەرێک لە بەرچاوگیراوە، یان لەڕاستیدا بایەخ بەدەنگی ئەو خەڵکە نادرێتو ئەوان پێیانوایە خەڵکی دیکە دەتوانن لەبری ئەوان بڕیار بدەن، من بەهیوای ئەوەم کە ناونانی کەرکوک بە قودسیو دڵ هەر بۆ راکێشانی سۆزی دانیشتووانی ئەوپارێزگایە نەبێتو بەکردەوە، قودسو دڵەکە دەنگیان هەبێت، جێی خۆیەتی بپرسم باشە ئەگەر کەرکوک دڵی کوردستانە، چۆن دەبێت کوردستان بەبێ دڵەکەی دەنگ بەدەستوور بدات، کەواتە مەسەلەکە لەتێپەڕاندنی دەستوور بەو پەلەپڕوزێیە نابێت وەک دەستکەوتی حیزبی لێکبدرێتەوە، کەس نکۆڵی لەوە نییە کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)وە نوێنەرانی یەکێتیو پارتی لێرەو لەوێو لەبەغدا شەڕی باشیان لەسەر کەرکوک کردووە، بە تێبینییەکانیشەوە لەسەر بەندی (١٤٠) یەکێک لەبەرهەمەکانی ئەو شــەڕە ئەو بەندەیە کە فۆرمی عێراقیبوونی هەموو عێراق دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەدیوێکدا ئەوە دەستکەوتێکی کەم نییەو ئەمە ناکاتە ئەوەی هەڵەو کەموکوڕییشمان نەبووبێت، کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی کوردستانی باشوور بەشێکی گرنگن لەکوردستان، ئەمە جگە لەوەی دیوارو لەمپەری پاراستنی کوردستان بوون لەهەموو هێرشو پەلامارێکی رابـردوو، ئێستا مافی خۆیانە بەشداری لە بڕیاری ئایندەی خۆیان بکەن، ئەگەر نا پەلەکردن لە بەرێکردنی دەستوور بەبێ رای ئەوان، خەڵکی ئەم ناوچانە دەخاتە گومانەوە، لەمادەی دووەمــی دەستووری هەرێمدا کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان دەخرێتە چوارچێوەی هەرێمەوە، ئەمە کارێکی سەنگینە، بەڵام لەمادەی حەوتەمدا مادام گەلی کوردستان بەویستی خۆیان عێراقیان هەڵبژاردووە بۆ ژیانکردن تێیدا، دەبێت بۆ پرسیاری ئەو ویستە قسە لەگەڵ کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکانیشدا بکرێت، بە بڕوای من دەبێت دەستووری هەرێمی کوردستان لـەسـەر مەسەلەی کـەرکـوکو ناوچە دابڕاوەکان یان ئەوەتا نەخرێتە دەنگدانەوە، یاخود رێوشوێنێکی یاسایی بۆ رای خەڵکی ئەم ناوچانە بدۆزرێتەوە.

# کۆمەڵگاو حەتمیەتی گۆڕان



**حەمەی ئەحمەد رەسوڵ ***

زۆر ئاستەمە لەم جیهانەدا کۆمەڵگایەک بدۆزیتەوە کە بە دۆخی گۆڕاندا تێپەڕنەبووبێت.. چونکە هۆکاری ئابووری‌و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هەمیشە لە گۆڕاندان‌و لەگەڵ خۆیاندا دەتوانن پێکهاتەو ستراکتۆری کۆمەڵگا بگۆڕن، بۆ وێنە کۆمەڵگای دەوارنشینی بووەتە کۆمەڵگای شوانکاریی، تا گەیشتووەتە کشتوکاڵی‌و دواجار بەرەو کۆمەڵگایەکی پیشەسازیی وەرچەرخاوە.

گۆڕان چەمکێکی زانستی‌و فەلسەفییە، گۆڕانی کۆمەڵایەتیش چەمکێکی سۆسیۆلۆژییە، دەتوانرێت گۆڕان بە کاردانەوەی کارێکی وەکو کودەتا یان شۆڕش یان جەنگ یا شەڕ یان داهێنانێک بەرجەستە بکرێت، بۆ نموونە لە مێژوودا بەرێکەوت (ئاگر) دۆزراوەتەوە، بەڵام لە واقیعدا گەورەترین گۆڕانکاریی لە ستایلی ژیانی مرۆڤ‌و کۆمەڵگادا دەستەبەرکردووە..

هەروەها مادەی (ئاسن) توانیویەتی ئامێری کێڵان‌و مەکینەو ماشێن بەرهەم بهێنێت‌و دواجار جۆری کارکردن‌و بیرکردنەوەو دابەشکردنی کاری مرۆڤی گۆڕیوە، کە ئەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگای گۆڕیوە، بیرمان نەچێت دروستکردنی کارگەکانی بەرهەمهێنان لە شاردا، (بازاڕ)ی ئافەریدەکرد کە توانیویەتی خەسڵەتی نیشتەجێبوونی مرۆڤ لە شاردا بچەسپێنێت‌و (شار)ی خولقاند، شاریش توانی گۆڕانکاریی لە پێکهاتەی خێزان‌و ئاراستەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤ‌و پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان لە کۆمەڵگادا دروستبکات...

بەڵام کۆمەڵگا کوردییەکەمان لەپاڵ هۆکاری ئابووریدا، فاکتەری ئایینی‌و سیاسیش دوو هۆکاری بنچینەیی بوون لە بەفۆرمولەکردن‌و ستراکتۆرکردنیدا، بۆیە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان چەقیان نەگرتووەو سست‌و پەرشوبڵاوبوون لە وەرچەرخاندنی کۆمەڵگادا بەرەو پێشکەوتن‌و کرانەوە. شایانی وتنە چەمکی گۆڕان شەرمنانە لە بونیادی کۆمەڵگای کوردیدا، لە خێڵەکییەوە بۆ شارستانێتی دەرکەوتنی بەخۆوە دیوە.. گۆڕانکاریی لاوەکیش لەگەڵ گەورەتربوونی شارەکاندا هاتووەتە ئاراوە، بەڵام لە شارۆچکەو گوندەکاندا زۆر بێهێزبووە.. لە سەدەی بیستەمدا دەتوانین دیاردەی (جەنگ‌و راپەڕین) بە دوو فاکتەرو کانگای گرنگی گۆڕان دابنێین، کە پێکهاتەی خێزان‌و دەزگاکانی گۆڕی..

لەم سەدەیەشدا پرۆسەی رزگارکردنی وڵات‌و رووخانی دیکتاتۆر توانی دەرگا بەڕووی جیهانگیریی‌و تەکنەلۆژیادا بکاتەوە، کە دەرئەنجام وەرچەرخانێکی کتوپڕو ناکاوی وەهای دروستکرد کە چەمکی گۆڕان وەکو شۆکێک لە مرۆڤ هاتەپێش، کە لەگەڵ خۆیدا هۆشیاریی بە تاکی کورد بەخشی، تا گەیشت بە خەملاندنی عەقڵیەتی وەرگرتنی چەمکی گۆڕان لە منداڵێکی کۆڵانەوە تا بە مامەپیرەیەکی مزگەوت دەگات، بەجۆرێک وشەی بەڵێ بووە بە نەخێر.. قەناعەتی زۆرینە کەمتربووەتەوە، دەروێش‌و هەوادار بوونەتە رەخنەگرو یاخی.. بتەکان شکاون‌و پیرۆزو موقەدەس سادەو ئاسایی بوونەتەوە.. سەردەمی ملکەچی بەسەرچووە..

هەنووکە جیهان گوندێکی چکۆلانەیە، دروشمی (گۆڕانەکەی ئۆباما) هەر بەپێی حەتمیەتی مێژوو لە ئەمریکاوە نووسەران‌و تێکۆشەران‌و عەقڵ‌و فیکری نوێخواز گەیاندیانە سلێمانی.. داهێنەرانی لیستی گۆڕان‌و هەوادارانی زۆر چاک ئەوە دەزانن کە هەنووکە کۆمەڵگای کوردی گەیشتووەتە دۆخی کولان‌و داوای گۆڕان دەکات، کە ئەمەش رەنگدانەوەیەکی سروشتیی دۆخی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئەم قۆناغە هەستیارەیەو عەقڵیەتی گۆڕانخوازیی فشار دەخاتە سەر ستایلی دێرین‌و کۆنی حوکمڕانیەتی دەسەڵات‌و پێڕەوی حیزبە خۆسەپێنە شمولییەکان.. گەلۆی برادەرینە هەنووکە گۆڕان‌و گۆڕانخوازان بەگوێی ئەم چرکەساتەدا دەچرپێنێت‌و هاواردەکات، دەڵێت ئەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان: بەسەو ئیدی پێویستە کاژی کۆن‌و ژەنگرتووی شێوازی حوکمرانیی فرێبدەین‌و ستایلی ژیانی کۆمەڵگا هاوچەرخەکەمان بگۆڕین.

*** توێژەری کۆمەڵایەتی**

# چۆن سەرۆک پەرلەمانێک مان هەیە



**نەجم عەبدوڵڵا**

لەسیستمی دیموکراتیی نوێنەرایەتیدا گەل هەڵدەستێت بە هەڵبژاردنی ژمارەیەک لەنوێنەران بۆ پیادەکردنی دەسەڵات بەناوی ئەوانەوە (گەل)و بۆماوەیەکی دیاریکراو.

لەسەر ئەم بنەمایە نوێنەران دەتوانن پیادەی دەسەڵاتی تەواوی کاروبارەکان بکەن، چونکە گەل خۆی ناتوانێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەودەسەڵاتە پیادەبکات. ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش لەبەرئەوەی لەلایەن هاوڵاتییانی کوردستانی عێراقەوە هەڵبژێردراون‌و متمانەی تەواویان پێدراوە بۆماوەیەکی دیاریکراو(چوارساڵ)، کەواتە دەسەڵاتێکی تەواویان هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری کوردستاندا، بۆیە دەبێت ئەندامانی پەرلەمان کار بۆ بەرژەوەندیی سەرجەم هاوڵاتییانی کوردستان بکەن نەک گوێرایەڵی لایەنی دیکە بن لەبڕیارداندا‌و بەرژەوەندیی تەسکی لایەنێک لەبەرچاو بگرن‌و بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان فەرامۆش بکەن، چونکە گوێرایەڵی نوێنەرانی خەڵک بۆلایەنێک لەبڕیارداندا بەشێوەیەکی نەرێنی(سلبی) رەنگدەداتەوە لەسەر قەناعەت‌و بڕیارەکانیان.

ئەو بڕواو متمانەیەی کە هاوڵاتییان دەیدەن بەنوێنەرەکانیان، بۆئەوەیە کە ئەو نوێنەرانەش جێی ئەو بڕواو متمانەیە بن‌و کەمتەرخەمی تێدا نەکەن، چونکە گەل پیادەی دەسەڵاتەکانی دەکات لەرێگای ئەو نوێنەرانەوە کە هەڵیاندەبژێرێت.

کاری ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)تەنیا یاسادەرکردن نییە، بەڵکو یەکێک لەکارە گرنگەکانی دیکەی چاودێریکردنی دەزگای جێبەجێکردن‌و کاروباری داراییشە، هەروەها هیچ دەسەڵاتێک لە هەرێمەکەدا ناتوانێت بە تاک بڕیار بدات گەر لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا نەبێت کە یاسا بۆی دیاریدەکات، ئەو یاسایەش کە دەردەکرێت لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییانی هەرێمەکەیەو دەبێت یەکەمجار مایەی ریزلێنان بێت لای سەرۆکی پەرلەمان خۆیەوە، بۆیە لێرەوە دەتوانین باس لە کەمتەرخەمیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بکەین، چونکە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری تەواوی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم هەرێمە نەبن، ئەوا وەکو فەرز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی پێگە (منصب)کەی دەبێت لە وردو درشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم هەرێمە ئاگاداربێت، ئەگەر وا نییە ئەی بۆ سەرۆکە؟ واتە سەرۆک ئەنجامی کۆتایی سەرجەم لیژنەکانی پەرلەمان دەچێتە لای ئەو.

بەڵام سەرۆک پەرلەمانێک کە ئاگای لەبردنی بودجەی خەڵک نەبێت کە بەئەمانەت دەخرێتە ژێر دەستییەوە، لەلایەن حیزبێکەوە کەخۆی تێیدا دەسەڵاتی باڵای هەیە (جارێک دەڵێت سێ ملیۆنەو جارێکیش دەڵێت سی ملیۆنە)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەجەنابی سەرۆک پەرلەمان‌و باڵادەستی ناوحیزبەکەی خۆی، یان بەڕاستی ئاگای لەبەڕێوەبردنی هەرێمەکەو حیزبەکەی خۆیشی نییە، کە ئەمە کارەساتە. ئەی چۆن دەتوانێت ببێتە پێشەوا بۆخەڵکی دی؟ یا ئەوەتا خەڵکی کوردستان بەگێل دەزانێت کەئەوەش هەر بێئاگایی خۆی دەردەخات، چونکە دەبێت بزانێت ئێستا خەڵکی کوردستان هۆشیارەو زۆر بە وردی چاودێریی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە دەکەن، بۆیە دەتوانین بڵێین سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کەمتەرخەمە لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی‌و هەقوایە خۆی دەست لەو پۆستە هەڵگرێت (هەرچەندە ماوە یاساییەکەی تەواو بووە)، چونکە دەرکەوتووە لەجێی ئەو بڕواو متمانەیە نییە کەخەڵکی کوردستان پێیانبەخشیوە.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٤ — R١**

پرۆژە: گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ بەشێک لە گەڕەکی زەرگەتە (دووبارە).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (٧٠٠٠٠٠٠) حەفتا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١– بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٧٢ — R١**

پرۆژە: پرۆژەی ئاوی گوندی سیوەنگ لە شاربازێر.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٦ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٥ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ١٠) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١– بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ١٥ — R٢**

پرۆژە: ئاوەڕۆی لوولەی‌و سندوقی لە قەرەناو.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٧/٨ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٩ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٧/١٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١– پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢– ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣– هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤– بری تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥– پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦– ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧– وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨– ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩– بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠– نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١– بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێری‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# نەوەیەک لە چاوەڕوانیی گۆڕاندا

مەریوان عەلی*



هیچ مەترسییەک لە گۆڕاندا نییە، هیچ کێشەیەک لەبەردەم وەڵامـــدانـــەوەی پرسیارەکانی سەدەدا نییە، کێشەیەک نییە ناوی ترس بێت لە هەڵتەکاندنی تۆکمەترین بنەماکانی گەندەڵی، ناکەوینە قەیرانێکی بێ چارەنووس، گەر سیستەمی بێ دامودەزگایی بگۆڕین، گرفتێک نییە نەوەی سەردەمی خۆمان بە پرسیارەکانی خۆیان ڕابهێنین، چ مەترسییەک لە گۆڕییە گەر نەوە نوێکان بتوانن ئازادانە دەستکاری ئەو شتانە بکەن کە ئەوان بە چاکی دەزانن بگۆڕێت.

ئایا کێشەیەک دەقەومێت ئەگەر بەر لەو برینە ئەخلاقییە قوڵانە بگرین کە لەسەر جەستەی سیاسی ئێمە داچۆڕیوەتەخوارێ؟ چ کێشەیەک دەقەومێت گەر هاونیشتمانیانی هەرێم ڕاستییەکان بزانن؟ گەر بڕیارەکان لە پەرلەمان بدرێن نەک لە چواردیواری قایمو نەزانراودا ؟ چ کێشەیەک ڕوودەدات گەر هاوڵاتییان زۆرترین زانیارییان لەسەر بودجەی وڵاتەکەیان هەبێت؟ چ کێشەیەک ڕوودەدات گەر حکومەت بودجە بدات بە حیزبەکان نەک بە پێچەوانەوە؟

ئێستا لەسەروبەندی وەڵامـدانـەوەی زۆرترین ئەو پرسیارانەداین، ئێستا کاتی وەرچـەرخـانو گۆڕانی ڕادیکاڵانەیە، کاتی ئەوەیە چیتر سامانی مادیو مەعنەوی ئەم هەرێمە بە هـەدەر نـەڕوات، کاتی ئەوەیە بڕیارەکان لە لۆژیکی ئەقڵو دامـودەزگـا دەوڵەتییەکانەوە سەرچاوەبگرێت، نەک لە ئەنجومەنی خێزانەکانەوە، ساتی لێپرسینەوەو دەستخستنەسەر کەموکوڕییەکانە، ئەو ڕۆژگارانە ئاوابوون کە بە هەڕەشەو گوڕەشەی ناوخۆییو دەرەکی بیر لە گۆڕانو دواڕۆژێکی پرشنگدارنەکەینەوە، ئێمە کە چاومان هەڵهێنا بووینە کوڕی سەردەمو زەمانێک کە دەریایەک خوێن لە پشتمانەوە ڕژابوو، کات کاتی ئەوەیە پرسیارەکانی سەدەی خۆمان لە سوورایی ئەو خوێنەوە بێتە دەرەوەو سومبلی کوردبوونو نەتەوەییبوونو دیموکراسیبوون بکەین بە بەری ئەو ڕۆحەی بەناو ناسیونالیزمی کوردیدا گوزەردەکات، کاتی ئاشتکردنەوەی کوردایەتییە لـەگـەڵ مافی وەک یەکی هاوڵاتیبوونو هاونیشتمانیبوونو مافی مرۆڤ، گەر سەدەی ڕابردوو پڕاوپڕبووبێت لەکوشتنو وێرانکارییو خوێنڕشتن، ئەوا مافی خۆمانە ئەم سەدەیە، بە سەدەی بەختەوەرییو ئازادییو دیموکراسی ڕەنگرێژبکەین، کێن ئەوانەی پێشەنگی ئەم گۆڕانە قوڵو ڕادیکاڵانەیە دەکەن؟

نـەوەی نـوێ، نـەوەی پارێزگاریکەر لە جیاوازیخوازییو ئیستکردن لەبەرامبەر نادادپەروەریی، نەوەی نوێ ماتەوزەی گۆڕانو خولقێنەری ئەو پرسیارانەیە کە بێ شەرم بەرامبەر نەوەکانی ڕابردوو دەیکات، نەوەیەک دەتوانێت نوێنەرایەتی سەردەمەکەی خۆی بکات، کە بە قوولی لە ڕەهەندەکانی گۆڕان تێبگات، لەوە تێبگات ئەو بۆیە لەم سەردەمەدا دەژی تا بەشداری جدی هەبێت لەو کاروانەی گۆڕان دەخولقێنێت، نەوەیەک دەتوانێت وێنای ئایدیا جیاوازەکان بکات، کە ڕێز لە کلتووری جیاوازیخوازیوئازادییەکانی بەرامبەر بگرێت، بـاوەڕبـوون بە گـۆڕان جەوهەری نەوەی نوێ پێکدەهێنێت، گەر شتێک هەبێت ناوی بەرین بە مۆڕالی نەوەی نوێ! ئەوەیە کە ئەم نەوەیە گوێبیستی ئەو حیکایەتانە نەبێت کە دەرئەنجامەکەی پەراوێزخستنی خۆیان بێت، گەر شتێک هەبێت نـاوی بەرین بە ڕۆحی دیموکراسی! ئەوەیە کە نەوەی نوێ ئازادانە بتوانێت شوێن بە نەوەکانی دیکە لێژبکاتو ڕووبەڕووی پرسیارە سەختەکانی سەردەمی خۆیان بکاتەوە، گەر شتێکیش هەبێت ناوی بەرین بە ئەندێشەی گۆڕان، ئەوەیە کە نەوەی نوێ چیتر بچووک نەکرێتەوە لەبەرامبەر چەند خواستێکی تێپەڕو کاتیدا، بەڵکو نەوەی نوێ، لە قووڵایی ئەو ئەندێشانەوە وێنای جیهانو ڕۆحێک بکات کە هێشتا یەکەمین پێ نەخراوەتە سەر زەمینەکەی.

*سەرنووسەری ڕۆشنگەری

# جوێندان
# وەک دوایەمین هەناسەی شەڕانگێزیی



ئاسۆ جەبار

دیاردەی جوێندانو سوکایەتیکردن بە ڕۆژنامەنووسو بڵاوکراوە سەربەخۆکان، دیاردەیەکی تـازە نییە، فیعلێکی کۆنە، ئەتوارێکی ڕاستەقینەی بەرپرسو عەنتەرو هەرقلەکانی حیزبە، لەپشت هەر جوێنو چاوسووورکردنەوەیەکەوە هەڕەشەیەکی گـــەورە ئـامـادەیـە بـۆ دەمکوتکردنو بێدەنگکردنی هەر دەنگێکی ناڕازییو هەر مرۆڤێک کە دەخوازێت پەنجەرەیەک لە ڕاستییەکان بکاتەوە. لەڕاستیدا لێشاوێک بەرپرسو دەستڕۆیشتووی حیزب بوونەتە کوشندەیەکی ڕاستەقینەی ئازادیی بیروڕاو کـار لەسەر کپکردنو خامۆشکردنی ڕاستییەکان دەکەن.

تائێستا هەر لە سەرۆکی حکومەتەوە تا سەرۆکی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەو بەرپرسو دەسـەڵاتـداران، جوێنی زۆر سوکوناشرینیان داوەبەڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەو ڕۆشنبیرانو تەواوی کۆمەڵگا، من لەم نووسینەدا کۆمەڵێک جوێنو قسەی ناشرینی ئەو بەرپرسانە دەهێنمەوە بیری خەڵکو ڕۆشنبیران.

لە دوایەمین ئەو جوێنو بوختانانەوە دەستپێدەکەین... نێچیرڤان بارزانی کە سەرۆکی حکومەتە، لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا دەڵـێـت: «شەڕێکی موخابەراتی دژی ئێمە هەیە کە لەلایەن ڕاگەیاندنەکانی ئێمەوە جێبەجێدەکرێت»، ئەم قسەیەی نێچیرڤان بارزانی دەقاودەق واتە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان کاری موخابەراتی دەکەن، بێگومان مەبەستی میدیای ئـازادە، خۆ مەبەستی خەباتو کوردستانی نوێ نییە، ئەگەر ئەم قسەیە هەر سەرۆکێکی دیکتاتۆرو ستەمکار بیکردایە، تارادەیەک ئاسایی بوو وەک حاڵەتێکی دیکتاتۆریو سەرکوتکردن حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام بەداخەوە سەرۆکی حکومەتێک ئەم قسانەی کردووە کە خۆیان بە دیموکراسیو بەرگریکاری مافەکانی مرۆڤ دەزانن.

دواجـــار ئـەنـدامـێـکـی مەکتەبی سیاسیو زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی لەکۆبوونەوەیەکدا دەڵـێـت: «ئاوێنەو ڕۆژنـامـەو هـاوڵاتـی زەرەی کـەرن» (سەرچاوە سایتی ئاوێنە، ٢٠٠٩/٦/١٧)، ئالێرەدا جوێندانو هەڕەشەکردن دەگاتە ئاستێکی ترسناکو مەترسیئامێز.

لـەڕاسـتـیـدا جـوێـنـدان بـە میدیای ئـــازاد، جوێندانە بە سەرلەبەری ئەو ڕۆژنامەنووسو نووسەرو هاوڵاتییانەی تائێستاکە دێڕێکیان لەم ڕۆژنامانەدا بڵاوکردووەتەوە، جوێندانیش بە کۆمەڵگا جوێندانە بە تەواوی ئینسانەکان، بەداخەوە ئەم کلتوورە تا دوایەمین هەناسە نمایشی ناشرینیو قێزەونی خۆی دەکات.

لـەڕیـزکـردنـی ئـەم جـوێـنو زمانە تەشهیرئامێزانەی دەسەڵاتدارانی کورد هەر لە سەرۆکی حکومەتەوە تا زمانحاڵی حیزبەکانو تـا بـەرپـرسو عەنتەرو پاڵەوانەکانی جوێنو قسەی ناشرین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی حیزبیو حکومی لە چ ئاستێکی مەترسیدارو هەڕەشەئامێزدان بەرامبەر میدیای ئازادو ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنووسان، تێکڕا کۆکن لەسەر دژایەتیو سەرکوتکردنو قبوڵنەکردنی هـەر ڕەخـنـەو ڕوانینو جیاوازییەک.

ئەوانە کێن بوون بە مامۆستای ئەدەبو خوتبەبێژی ئەخلاق..؟ کێن ئەو جوێنفرۆشە عەنتەرانەی دنیایان خـواردووەو جوێن بە خەڵک دەدەن..؟ هەر بەرپرسەو بەپێی ئارەزووی عەزەڵاتی خۆی دێتو جوێن بە خەڵکو نووسەرو ڕۆژنامەنووسان دەدات، جەلال تاڵەبانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرەکان دەڵێت: «سەگ بە مانگەشەو دەوەڕێـت»، ئەمە سەرۆکی وڵاتەکەتە وا دەڵێت، کەسێکی دیکە وەک ڕامبۆ لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەگەریدا بەسنگێکی فراوانەوە وتی، کۆمەڵگای کوردی وەک سەگ وایە، وەختێک نانی دەدەیتێ پێت ناوەڕێت، هەروەها دەڵێت خەڵکی لادێکانی ئێمە بێشەهامەت ترین خەڵکن، بەرپرسێکی دیکەش بە تەلەفۆن بە ڕۆژنامەنووس ڕەحمان غەریب دەڵێت: «بێدەنگبە ئەگینا وەک سەگ ئەوتۆپێنم»، مەسعود بەرزانیش، سەرۆکی هەرێم، لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە ڕۆژنامەی خەباتدا دەڵێت: «ئەوانە دژی خەباتی میللەتی کورد دەنووسن»، بەرپرسێکی دیکەش بە نووسەرێک دەڵێت: «خەڵک دڵی گەرمە، ئـەوەنـدە ڕەخنە مەگرە لە کۆڵانێکدا دەتکوژن»، پاشان فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بە ڕۆژنامەی ئاوێنەو ئاسۆ سـەراوی دەڵێت: «بێئەدەبو بەرەڵڵا».. ئەمە جگە لەو هەموو هەڕەشەو جوێنە سوکانەی کە بەرپرسەکان دەرهەق بە خەڵکو ڕۆژنامەو ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان کردوویانەو تائێستاش وەک کۆمەڵێک پاڵەوانی جوێنو قسەی سوک بەردەوامن.

کلتووری جوێنو وەشاندنی قسەی سوکو بێمانالەو عەقلیەتە دەرەبەگخوازییو کوێخاگەرییەوە سەرچاوەدەگرێت کە دەخـوازێـت تا دوایەمین هەناسەکانی سەرتاپای خۆی لە قوڕاوی شەڕانگێزیدا شەلاڵ بکات، شەڕانگێزە تەنیا کردەیەکی کرداریو هەستپێکراو نییە، بەڵکو بەرلەوەی پراکتیزەکردن بێت، خەیاڵو خولیاو دنیابینییە، هەستێکی قوڵی مەرگدۆستیو سڕینەوەی بەرامبەرە.

لـەڕاسـتـیـدا جـوێـنـدان لوتکەی بێدەسەڵاتییە لـەڕووی شارستانییەوە، ترۆپکی گەشەپێدانی جەهلو کۆنخوازییەو گـەڕانـەوەیـەکـی سەرسەختانەیە بۆ بەدەوییەتو ژیانی دەشتەکی.

تـائـێـسـتـا چـەنـدیـن بـەرپـرسو پایەگەندەڵی حکومیو حیزبی بەربەستێکی گەورەن لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووساندا، هاوکات هەڕەشەیەکی مەترسیئامێزن لەبەردەم ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنـامـەو نـووسـەرە سەربەخۆکان، ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، هەندێکیان پێیانبکرایە سەرجەم نـووسـەرو ڕۆژنـامـە سەربەخۆکانیان دەکرد بە قەنارەدا، بەڵام لەبەر ڕای گشتی جاریێ وەستاون، بەڵام دەتوانن هەڕەشە بکەنو جوێنی سوک بدەن بە خەڵکو ڕۆژنامەنووس بفرێننو فەلاقەی بکەنو پلانی دەمکوتکردنو کوشتن داڕێژن.

ئەو بەرپرسو عەنتەرو هەرقلانەی حـیـزب کـە پـێـیـانـوایـە ئـەوانـەی کە حەقیقەتەکان ئاشکرادەکەن، بێئەدەبن، ئەو ڕۆژنامەنووسو ڕەخنەگرە بوێرو ئـازایـانـەی پـەردە لەسەر ڕاووڕوتـی نیشتمانو داگیرکردنی زەویـوزارو هـەڵـدانـەوەی فایلی ڕەشـی هەندێک مەسئولی جاسوسو کۆمەڵگافرۆشو نیشتمانفرۆش هەڵدەدەنەوە، موخابەراتن، ئایا ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە سەربەخۆیانە بێئەدەبو موخابەراتن کە گەندەڵیو تاڵانخۆری بەرپرسو عەنتەریاتی حیزبو بودجەو نەسریەی سیحریی بەرپرسانی حیزبو حکومەت ئاشکرادەکەن، یان ئەوانە بێئەدەبن کە دەیـان کۆمپانیاو خانوو و کۆشکو تەلاریان خستووەتە ژێـر غەبغەبەی خـۆیـانـەوە، ئایا ئەو ڕۆژنامەنووسە بەسەلیقانە بێئەدەبن کە تەنیا خاوەنی قەڵەمو نووسینەکانیانو کاری ئەوان ڕوونکردنەوەی ئەو سەرچاوە لێڵەیە کە گەندەڵیو ڕاووڕوتی بەرپرسەکان لەئاستێکدایە کە بێدەنگی بەرامبەری بۆخۆی بێئەدەبییەکی گەورەیە.

ئەدەبو ئەخلاق لەلای ئێوە، بریتییە لە بێدەنگی بەرامبەر ناعەدالەتیو پـڕۆژەخــواردنو عــەرزەخــواردنو کۆمپانیاخواردن، ئەدەب لەلای دەرەبەگو دیکتاتۆرە بچووکەکان جگە لە بێدەنگییەکی گـەورەو گرانی هاوڵاتییانو کۆمەڵگا هیچی دیکە نییە، ئەخلاق لـەلای ئێوە بریتییە لەوەی خۆتان بکەن بە خاوەنی بێ قەیدوشەرتی سەرلەبەری سەرچاوەکانی ژیـان، جوانترین ئەخلاق لـەلای ئێوە بەرزکردنەوەی تەلارو خانووەکانتانە، قەشەنگترین ئەدەب لەلای ئێوە بریتییە لەوەی کە دەڕۆن بەڕێگادا دەبێت سەدان ئۆتۆمبیلو حیمایەتان بـەدواوە بێت، ئا ئەمەیە ئەخلاقیاتە جوانەکانی ئێوە.

تەنیا دیکتاتۆرەکان زەندەقیان چووە لە ئۆپۆزسیۆنو گروپە جیاوازو ڕەخنەگرەکانو ناوەندو دەستەبژێرە نـاڕازیـیو ڕۆشـنـبـیـرو نـووسـەرە سەربەخۆکانو ڕۆژنامە ئازادەکان. ئەو دەسەڵاتانەی بەنیازن تا قیامەت بەری ڕەنجی سەرلەبەری هاوڵاتییان دروێنە بکەن، ئەوانەی شەڵاڵن لە گەندەڵیو گیرفانیان پڕە لە ناعەدالەتی، ئەوانەی فـڕیـان بـە دنـیـای مـۆدێـرنو چەمکە هـەرە زیندووەکانی هاوچەرخبوونو وەرچـەرخـانـی شارستانیو گـۆڕانو کرانەوە نەماوە، بێگومان تۆقیون لە ڕەخنەو نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکان.

ئـەوانـەی بـە دەراسـەی حیزب بەختەوەریی دروێنە دەکـەن، ئەوانەی پێیانوایە عاقڵترینو ژیرترین پیاوی دنیایینو هیچ پـلانو پـڕۆژەیـەکـی زیندوویان نییە بۆ سازکردنی ناوەندێکی گفتوگۆو لێکحالیبوون، دەبێت دواجار لەوەتێبگەن کە کوشتنو خامۆشکردنی هەر گفتوگۆو دیالۆگێکی شارستانی، دەرئەنجام دەکاتەوە کوشتنی ڕوانینو دنیابینییە جیاوازەکان، زیندووکردنەوەی ئەو بەشە تاریکو پەنهانەی ستەمکارییو دیکتاتۆرییو تاکپەرستیو ڕەهاگەرایی، تێکڕا هەموو ئەمانە دەبنە هەوڵگەرێکی ترادسیۆنی بۆ خالیکردنەوەی کۆمەڵگا لە هەر ئەکتیڤیتیو بزاوتێکی پراکتیکیو بەتاڵکردنەوەی کلتوور لە هەر خەمێکی مەعریفیو شارستانی.

ئەو دەسەڵاتانەی پێیانوایە حەقیقەت لە گەرووی خۆیاندایەو خۆیان بە خاوەنی بێقەیدوشەرتی حەقیقەتو ڕاستییەکان دەزانـــنو بێ هـەڵـەو کەموکوڕین، سەدەرسەد دەسەڵاتگەلێکی دیکتاتۆرو ستەمکارن، وەک چۆن ئەو جەنگاوەرانەی پێیانوایە ئازادییو سەربەخۆیی مرۆڤەکان لە لولەی تفەنگەکانیاندایە، لەڕێی ئەم ستەمە ئەخلاقییەوە خۆیان دەکـەن بە میراتگری هەمیشەیی سەرلەبەری ســەرچــاوە ئـابـووریو سیاسیو فەرهەنگیو شارستانییەکان.

ئەو دەزگاو بەرپرسو عەنتەرانەی پێیانوایە دەبێت هەموومان حکومەتو بەرپرسەکانمان خۆشبوێتو قسەیان پێنەڵێینو ستایشکارو شوکرانەبژێریان بین، ئەوانەی پێیانوایە دەبێت کەس ڕەخـنـە نـەگـرێـتو قسە بـە حیزبو حکومەتو بەرپرسو دامەزراوەکانی نەڵێت، سەدەرسەد مرۆڤگەلێکی بێئاگاو وێرانن لەڕووی مەعریفیو شارستانییو فەرهەنگییەوەو گرفتاری جەهلێکی کـوشـنـدەبـوون بـۆ پراکتیزەکردنی ستەمکارییو بێدەنگکردنی کۆمەڵگا.

ترسنۆکترینو فاشیلترینو جاهیلترین دەســەڵات ئـەو دەســەڵاتـانـەن کـە لە شاعیرو نووسەرو ڕۆژنامەکان دەترسن، زەندەقیان چووە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە سەربەخۆکان، خوازیارن بەندیخانەو پۆلیسخانەو خومخانەکانیان پڕبـکـەن لـەو نـووسـەرو شاعیرو ڕەخنەگرە سەربەخۆیانەی کە ڕووی ڕەشی گەندەڵیان ئاشکرادەکەن، ئەوانەی گەڵوگیپاڵی دزیو ڕاووڕوتی مەسئولو هەرقلەکانی حـیـزبو ئەحبابەکانی ئاشکرادەکەن، ئەوانەی ڕووی گەشی نـاعـەدالـەتـیو غـەبـغـەبـەی جەهلی دامودەزگاو کۆمپانیاکانیان دەخەنە سەر کاغەز.

ئەوانەی پێیانوایە دەبێت بەرامبەر هەموو ناعەدالەتییەکی گـەورەو گران بەرامبەر سیخناخبوونی گەندەڵی دەبێت بێدەنگییەکی گـەورە هـەبێت، ئەوانەی بەپێی یاساکانی بەعسو عەنتەریاتی حیزبی دەیانەوێت قفڵو زنجیر بدەن لەدەمی ڕۆژنامە ئازادو سەربەخۆکان، ئـەوانـەی بـەکـردار دەسـتـەیـەکـی مافیاگەریو پیاوکوژیان دروستکردووە بۆ ترساندنو تۆقاندنو خوێنڕشتنی ڕەخنەگرانو ڕۆژنامەنووسە بوێرو سەربەخۆکان، تێکڕا ئەم کوشندانە دەبنە جەلادە ڕاستەقینەکان بۆ خوێنڕشتنی حەقیقەت لەبەردەرگای ژیاندا، تێکڕا دەبنە هێزگەلێکی نادیارو شاراوەو نهێنی کە لە دەزگا نهێنیو حەشارگە حیزبییەکانەوە هەڵدەقوڵێنو هەر لەو حەشارگەیانەوە پـلانـی هـەڕەشـەکـردنو کوشتنو سەرنگومکردنی حەقیقەتەکان دادەڕێژن، هەر لەو حەشارگە تاریکانەوە کار لەسەر ئیستاتیکای مەرگو فەنتازیای کوشتنی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی نووسینو قەڵەمە ڕەخنەگرەکانی دەرەوەی عەنتەریاتی حیزب دادەڕێژن.

ئـەو نـووسـەرو ڕۆشنبیرانەی کە ڕەخـنـەدەگـرنو بەرگری لە ئازادیی ڕادەربـڕیـن دەکـەن، ژمـارەیـان زۆر کەمە، بەڵام ئەوانەی بەرگریی لە جەهل دەکـەنو بوونەتە مامۆستای جەهلو پێشێلکارییەکان ژمارەیان خەیاڵییە، بەڵام دواجار تەنیا ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانە وەرچەرخانی ئەدەبیو ڕۆشنبیرییو شارستانی دروستدەکەن کە سەربەخۆو ڕەخنەدەگرن، تاسەر ئێسک بەرگریی لە ئازادیی ڕادەربڕین دەکەنو حەقیقەتەکان ئاشکرادەکەنو ئەو تەوقی بێدەنگییە دەشکێنن کە خراوەتە ملی کۆمەڵگاو هاوڵاتییان.


لەڕاستیدا ئەرکی ڕۆشنبیر تەنیا قسەکردن نییە لەسەر دیـاردەو کێشە گـەورەکـان، بەڵکو ڕەخنەگرتنیشە لە هەر دیاردەیەکی ناشرینو ناشارستانی کە دەســەڵات بـــەردەوام لـە هەوڵی بچووککردنەوەیاندایە.

ئـەو دەســەڵاتـانـەی دەیـانـەوێـت مافی ئازادیی ڕادەربڕین پێشێلبکەنو دژایەتی ڕۆژنامەنووسانو ڕەخنەگرانو ڕۆشنبیران بکەن، سەرەتا یاساگەلێکی هەمەجیو دواکـوتـوو دادەڕێــژن بۆ بـەرپـاکـردنـی دنیایەک کۆتوبەندی سیاسیو ئەخلاقیو ئەمنی قەومی، دواتر بۆ کۆنترۆلکردنی بارودۆخەکە هەڵدەستن بە جوێندانو تۆمەتبارکردنی ڕۆژنامەنووسانو میدیای ئازاد، بەوەی کە کاری موخابەراتی دەکەنو جاسوسی وڵاتانو دەبێت وەک سەگ بتۆپێنرێن، هــەزاران جوێنی سـوکو ناشرینیان پێبدرێت، بەڵام دواجار سەرلەبەری ئەو جوێنو قسە سوکانە ناگاتە بلندی ڕوانینو دنیابینییە سەربەخۆو ئازادەکان، وەک چۆن ڕەزالەتی سیاسیو حیزبی ناگاتە بەرپێی ڕەخنەو خەمی گەورەی گۆڕانی ڕیشەیی، بە هەمانشێوە سەرلەبەری ئەم جوێنانە وەک دوایەمین هەناسەی ئەو جەللادانە حسابی بۆ دەکرێت کە لە دوایەمین ڕۆژەکانی ژیانیاندا جگە لە جوێنو قسەی سوک، هیچی دیکەیان نییە بیخەنە سەر خەرمانی ناشرینیو قێزەونییەکانی خۆیان.

لەکاتێکدا ئـەم پـارچـە خاکەتان وێرانکردووەو کردووتانە بە کەلاوەیەکی گـەورە، لەڕێی ناعەدالەتیو بێگوێیو نابەرپرسیارێتیو ناشەفافیەتو دیـکـتـاتـۆریـەتو سـەتـەمـکـاریـیو هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانو گاڵتەکردن بە موقەدەساتی هاوڵاتییانو شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ، سەرباری هەموو ئەم ناحەقیانە تاکە فیعلێکی ناشرینو ناشارستانی مابێتەوە وەک دواهەناسەی شەڕانگێزیی، جوێندانە بە میدیا سەربەخۆو جیاوازەکانو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانو تەواوی کۆمەڵگا.




# هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی قەوارە سیاسی و پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق- ٢٠٠٩





www.ihec.iq

**هەڵمەتی هەڵبژاردن**

بریتیە لە هەڵمەتی ڕاگەیاندن و باوەر پێهێنانی ڕەوا کە قەوارەی سیاسي یان هاوپەیمانی یان پاڵێوراو پەڕێوەی دەبات بۆ باوەر پێهێنانی دەنگدەران تا دەنگەکانیان لە بەرژەوەندی ئەودا بدەن ، دەبێت ئەم هەڵمەتە لە چوارچێوەی ئەو حوکمانەی کە لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق مومارەسە بکرێت کە لە ژمارە ( ١ ) ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ دا و یاسای ژمارە ( ٥ ) یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پەیرەوەی ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ ( پەیرەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ) هاتوون کە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەرچووە ، سەرەڕای بنەماکانی ڕەفتاری قەوارە سیاسیەکان کە لەلایەن سەرۆکەکانی قەوارە سیاسیەکان و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم واژووکراون .

**ماوەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

ریکلامی هەڵبژاردن لە ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوانەوە دەست پێ دەکات و بە چل و هەشت کاتژمێر پێش دەست پێکردنی پرۆسەی دەنگدان کۆتایی پێ دێت .

**مومارەسەکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن :**

تەنها قەوارە سیاسي و هاوپەیمانی و پاڵێوراوە پەسندکراوەکان مافی مومارەسەکردنی ریکلامی هەڵبژاردنیان هەیە.

**دابینکردنی خەرجی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن :**

قەوارەی سیاسي یان هاوپەیمانی یان پاڵێوراو دابینکردنی خەرجی هەڵمەتی هەڵبژاردنی یان ڕێکخستنەکانی پشتگیری دەکەوێتە ئەستۆی خۆی بەو مەرجەی دەبێت سەرچاوەکانی ئەو خەرجیانە ڕەوا بن ، کۆمیسیۆن بە هیچ جۆرێك خەرجی و پشتگیری قەوارەکان یان هاوپەیمانیەکان یان پاڵێوراوان لە هەڵمەتەکانی ریکلامیان ناگرێتە ئەستۆ .

**شوێنەکانی مومارەسەکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

١ قەوارە سیاسیەکان دەبێت پابەندبن بەو شوێنانەی کە شارەوانیە تایبەتمەندەکان لە پارێزگاکانی هەرێمدا بۆ مومارەسەکردنی ریکلامی هەڵبژاردن دەستنیشانیان دەکەن ، و ڕێگاکانی هەڵواسینی ریکلامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە درێژایی ماوەی ڕێپێدراو بۆ هەڵبژاردن و بەم شێوەی خوارەوە دەبێ :

• نوسینی ریکلامی هەڵبژاردن لە سەر لافیتە یان دانانی پۆستەر یان بڵاوکراوەکانی هەڵبژاردن یان وێنە لەسەر تابلۆی دار و دەبێ هەڵواسیانیان لەسەر دیوار دیوار بێ .

• نوسین لەسەر دیوار بە بۆیاغ یان سپرای یان بەکارهێنانی ماددەی لکێنەر قەدەغەیە .

٢.قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ریکلام یان بەرنامە یان وێنەی پاڵێوراو لە بنکەکانی دەنگدان

٣. بەکارهێنانی ئەو بینایانەی کە لە لایەن هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی دەوڵەت و سەروەت و سامان و داهاتی تری دەوڵەتەوە بەکاردێن بە دەزگاکانی ئاسایش و سەربازیشەوە لە ریکلامی هەڵبژاردن قەدەغەکراون .

٤ نابێت قەوارە سیاسي و هاوپەیمانی و پاڵێوراوەکان لە ریکلامی هەڵبژاردن شوێنەکانی پەرستن بەکاربێنن ، بەڵام لە هاندانی دەنگدەران بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و برەودان بە پرۆسەی هەڵبژاردن بەکارهێنانیان قەدەغە نییە.

**زەوتکردنی دەسەڵاتی فەرمانبەری**

ڕێ نادرێت بە فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەسەڵاتداریەتی خۆجێیەتی لەهەر پلەیەکی فەرمانبەرایەتی دابن ناوەندەکانی فەرمانبەرایەتیان زەوت بکەن بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان قەوارەیەکی سیاسی یان پاڵێوراوێك.

**کارتێکردن لە دەنگدان**

هەموو دەنگدەرێك بە شێوەیەکی ئازاد مافی دەنگدانی خۆی مومارەسە دەکات و نابێت کار لە ویستی بکرێت ، هەروەها قەدەغەیە لەسەر هەر قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانێك یان پاڵێوراوێك دیاري یان بەخشین یان هەر سوودێکی تر پێشکەش بکات یان لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە مەبەستی کارتێکردن لە دەنگدان بەڵێن بدات بە پێشکەش کردنیان.

**ناوەرۆکی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

١ قەدەغەیە لەسەر قەوارەی سیاسي و هاوپەیمانی و پاڵێوراوەکان کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان بیرۆکەی وابگرێتەخۆ بانگەشە بۆ وروژاندنی توندوتیژی نەتەوایەتی یان ئاینی یان تائیفی یان تیرەگەری یان هەرێمایەتی لە نێوان هاوڵاتیان بکات ، جا ئەمە چ لە ڕێگای دروشمەوە بێ یان بە وێنە و پۆستەرەکانی سەر دیوار و پەخشی تەلەفزیۆنی و رادیۆوە بێ یان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیە جۆراوجۆرەکانی ترەوە بێ .

٢ دەبێت وازبهێندرێت لە مومارەسەکردنی توندوتیژی و رق و کینە یان ترساندن یان پاڵپشتی تیرۆر یان مومارەسەکردنی یان بەکارهێنانی یان هاندان لە سەر ئەوانە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، ئەوانە چ بەشێوازی دەربرینی ڕاوبۆچوونەکانە بێ یان بە ڕێگەی وتاردان و نوسین و پۆستەر و ئامرازەکانی بینراو و بیسراوەوە بێ یان هەر ئامرازێکی تر بێ.

٣ لەسەر قەوارە سیاسیەکان یان هاوپەیمانیەکان یان پاڵێوراوەکان قەدەغەیە ، دەرکردنی زانیاری ساختە یان ناوزڕاندن دژی پاڵێوراو یان قەوارەی سیاسی بەشداربوو لە پرۆسەی هەڵبژاردن یان دژی کۆمیسیۆن یان دەرکردنی زانیاری نادروست بەمەبەستی کارتێکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن .

٤ پابەندبوون بە هێرش نەکردنە سەر یان ڕووبەڕوو نەبوونەوەی هەر ریکلامێکی هەڵبژاردنی تری تایبەت بە قەوارە سیاسیەکان یان هاوپەیمانیەکان یان پاڵێوراوەکان.

٥ خەرجکردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لە ماڵی گشتی یان لە ماڵی وەقف یان بە پارەی پشتگیری دەرەکی قەدەغەیە .

٦ نابێ هیچ پاڵێوراوێك ڕۆژی دەنگدان بەرنامەی کار بەخۆی یان بەهۆی غەیری خۆیەوە بڵاوبکاتەوە .

٧ نابێ هیچ کارمەندێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یان ئەندامانی دەسەڵاتداریەتی خۆجێیەتی ڕۆژی دەنگدان بەرنامەی کار بەخۆی یان بەهۆی غەیری خۆیەوە بڵاوبکاتەوە.

٨ نابێ ریکلام یان دابەشکردنی بەرنامەی کار یان بڵاوکراوە یان بلیت بە ناوی پاڵێوراوێك بڵاوبکرێتەوە کە لە تۆماری پاڵێوراوەکانا تۆمار نەکرابێ.

٩ نابێ هیچ حزبێك یان کۆمەڵێك یان ڕێکخستنێك یان قەوارەیەك یان کەسێك یان هەر لایەنێك شێوەیەك لە شێوەکانی پاڵەپەستۆ یان ترساندن یان بە کافر دانان یان بە خائین دانان بەکاربهێنن

**لابردنی کەلوپەلەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

لەسەر قەوارەسیاسیە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکانە هەڵواسراوی ریکلامی هەڵبژاردن پاش تەواوبوونی هەڵبژاردن لابەرن ئەمەش بەپێی ڕێنماییە دەرچووەکان لە کۆمیسیۆن ، بە پێچەوانەی ئەمە کۆمیسیۆنی باڵا بۆی هەي ڕێوشوێنی یاسای تایبەت لەو بارەیە جێبەجێ دەکات .

**بنەمای ڕەفتاری قەوارە سیاسیەکان تایبەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

١. بە ئاشکرا ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی قەوارە سیاسیەکانی تر لە بەشداریکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دەربڕینی بیروراو و پرۆگرامەکانیان.

٢. بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەیەك بێ بە هۆی هێنانەدی کەشێکی ئاشتیانە کە تەواوی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە بگرێتەوە.

٣. هاوکاریکردن لەگەڵ قەوارەسیاسیەکانی تر بۆ دوورکەوتنەوە لە بەستنی کۆبونەوە یان چاوپێکەوتن یان هەر چالاکیەکی تر لە هەمان کات و شوێن.

**قەوارەسیاسیەکان پێویستە وازبهێنن لە:-**

١. دزینی کەلوپەلی هەڵبژاردنی هەر قەوارەیەکی سیاسي تر یان خراپ کردنی یان شێواندنی.

٢. ڕێگەدان بە هەڵگرتنی چەك یان پیشاندانی یان وێنەی چەك لە چاوپێکەوتنەکان یان کۆبوونەوەکان.

٣. بڵاوکردنەوە یان دابەشکردنی هەر بابەتێك بەوە ناسراو بێت کە ساختەیە بە مەبەستی سەرلێشێواندنی دەنگدەران.

٤. خستنەرووی ریکلام یان پۆستەرەکان یان دانانی ناو یان دروشم لەسەر موڵك و ماڵی تایبەت بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕاشکاوانەی خاوەنەکانیان.

**سزاکانی تایبەت بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن**

کۆمیسیۆن دەتوانێت سزا بسەپێنێت بەسەر هەر قەوارەیەکی سیاسی یان هاوپەیمانی یان پاڵێوراو کە سەرپێچی حوکمەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن یان بنەماکانی ڕەفتاری قەوارەسیاسیەکان بکات، سەرەڕای گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی کە دەستەبەری جێ بەجێ کردنی ئەو سزایانە بکات کە دەقیان لە یاسای ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەموارکردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و

**بەم شێوەی خوارەوە وە هاتووە :**

یەکەم : هەرکەسێك بەیاننامە یان وێنە یان بڵاوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لە دەرەوەی ئەو شوێنانە هەڵبواسێت کە بۆ هەڵواسین تەرخان کراوە بە ماوەیەك بەندکردن سزا دەدرێت کە لە مانگێك زیاتر نەبێت .

دووەم : هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بە ماوەیەك بەندکردن سزا دەدرێت کە لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ :

١ بە ئەنقەست دەست درێژی کردە سەر وێنەی پاڵێوراوەکان یا بەرنامەکانیان کە لە شوێنی تایبەتیدا هەڵواسراون ، بۆ حیسابی کەسێکی دیکە یان لایەنێکی دیاری کراو بە مەبەستی زیان گەیاندن بەو پاڵێوراوە یان کارتێکردن لە ڕەوتی پرۆسەی هەڵبژاردن .

٢ کشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی کە ئەو کارە ڕاست نییە ، ئەمەش بە مەبەستی کارتێکردن لەسەر دەنگدەران یان گۆڕینی دەنگەکانی پاڵێوراو بۆ بەرژەوەندی خۆی .

٣ دەست درێژی کردنە سەر ئامرازەکانی ریکلامی هەڵبژاردن ، ئەوەی کە بە یاسا ڕێی پێ دراوە لەبەر هەر هۆیەك بێ جا چ بە سڕینەوە یان بە دڕین یان بە شتی تر یان هەر دەستکارییەکی لەم جۆرە .

سێیەم : هەرکەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت :

١ گەر هەواڵی ناڕاستی لە نێو دەنگدەراندا لەسەر ڕەوشتی یەکێك لە پاڵێوراوان یان ناوبانگی بڵاوکردەوە یان پەخشی کرد بە مەبەستی کارتێکردن لە بیروڕای دەنگدەران لە ئەنجامی هەڵبژاردندا .

٢ بەکارهێنانی دروشمە ئاینییەکان یان پەرستگاکان بۆ مەبەستەکانی کاری حزبی یا ریکلامی هەڵبژاردن .

چوارەم : ئەگەر دەرکەوت قەوارەی سیاسی بەشداری لە ئەنجامدانی هەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردندا کردبێ و ، دەقی لە یاسادا هاتبێ ، ئەوا غەرامەیەکی دارایی لی وەردەگیرێ کە بڕەکەی ( ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ) پەنجا ملیۆن دینارە .

**سکاڵاکانی تایبەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردن:-**

سکاڵاکانی تایبەت بە هەڵمەتی هەڵبژاردن پێشکەش بە نوسینگەی نیشتمانی یان نوسینگەی هەڵبژاردنی هەرێم یان نوسینگەکانی کۆمیسیۆن لە پارێزگاکانی هەرێم دەکرێت بەجۆرێك دەبێت ناوی سکاڵاکار و ئامرازەکانی پەیوندیکردن پێیەوە لە خۆ بگرێت.

دەتوانرێت سکاڵاکان لەڕێگای ئەم ناونیشانە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە بنێردرێت یان لە ڕێگای پەیوەندی کردن بەم ژمارە مۆبایلانەی خوارەوە:-

Shakawi.kreo@yahoo.com

٠٧٧١١٣٣٥٩٣٤ - ٠٧٥٠٣٠٣٢٤٧١

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

رۆژی دیکە دەیگۆڕین
٢٥

گۆڕان بەرەو

٥٧

گۆڕان
التغيير
CHANGE

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

No. 7 Date. 1-7-2009 ٢٠٠٩-٧-١ ژمارە: (٧)

# نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکدا بۆ کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان:

# ئەوەی بۆ شەهیدێکی سەرکردە دەکرێت، دەبێ هەمان ئەو شتە بێت کە بۆ شەهیدێکی سەنگەر دەکرێت

بۆ ل٣




گۆڕان پێویستییەکی جەماوەرییەو هیچ هێزێک ناتوانێت رێگری لێبکات فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

## لەدوای سزادانی لیستی کوردستانی، هێشتا پێشێلکارییەکان بەردوامن

**فەلاح نەجم**

لیستێکی دیاریکراو لە شاری سلێمانیو قەزاو ناحیەکاندا، هەلمەتێکی گەرانیان دەسپێکردووە، بۆ زانینی ئینتیمای هاولاتییان بۆ لیستە بەشداربووەکانی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو کارە بەتەواوەتی پێچەوانەی رێنماییو یاساکانی کۆمسیۆنە، چونکە هیچ لیستێک مافی ئەوەی نییە کە تەحقیق لە هاولاتییان بکات».

وتیشی: «هەر لیستێک ئەو جۆرە کارانە بکات، لیستەکانی رکابەری دەتوانن داوای یاسایی لەسەر تۆماربکەن، بەگوێرەی گەورەییو بچووکی سەرپێچییەکە کۆمسیۆن سزایان دەدات».

بەهۆی بوونی ژمارەیەک سەرپێچی لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، کۆمسیۆن سزای لیستی کوردستانی داوە، کە یەکەم لیست بووە کۆمسیۆن سزای بدات.

## بە ئۆتۆمبێلی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاغجەلەر بانگەشە بۆ لیستێکی دیاریکراو دەکرێت

**دلێر عەبدولخالق**

ئۆتۆمبێلی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاغجەلەر بانگەشەو ریکلام بۆ لیستێکی دیاریکراو دەکاتو ئۆتۆمبێلەکانی بە وێنەو پۆستەرەکانی ئەو لیستە داپۆشیوە، هەبوونی ئەم حالەتەش لەکاتێکدایە کە بەپێی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆن بەکارهێنانی کەلوپەلو ئامێری حکومیی بەهەموو جۆرێک قەدەغەیە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا.

سەرچاوەیەک لە بنکەی ئاغجەلەری لیستی گۆران بە (بەرەو گۆران)ی راگەیاند: لەسنووری ناحیەی ئاغجەلەر بە کەلوپەلو پێداویستییە حکومییەکان کە هی هەموو لایەنێکەو موڵکی گشتییە، بانگەشەو ریکلام بۆ لیستێکی دیاریکراو دەکرێت، لەو چوارچێوەیەشدا ئۆتۆمبێلێکی سەرۆکایەتی شارەوانی ئاغجەلەر رۆژانە بە پۆستەرو وێنەکانی ئەو لیستەوە بە سنوورەکەدا دەسوورێتەوەو بانگەشەو ریکلام دەکاتو ئاڵای ئەو لیستەی هەڵگرتووە.



ئەم دروشمانەی حیزب چی دەکات بەو ئۆتۆمبێلەی حکومەتەوە؟

## نەوشیروان مستەفا لە پەیامێکدا بۆ کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان:

# ئەوەی بۆ شەهیدێکی سەرکردە دەکرێت، دەبێ هەمان ئەو شتە بێت کە بۆ شەهیدێکی سەنگەر دەکرێت

**لە پەیامێکی تایبەت بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان جەغد دەکاتەوە لەسەر پێویستی گرنگیدانی تایبەت بەو دوو چینە ئازار چەشتووەی گەلەکەمان و داوادەکات «جیهانێکی تازەی وا بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دروستبکرێت کە جیهانەکەی جارانیان لەبیربەرێتەوە»، هەروەک ناوبراو هۆشداری دەدات کە پێویستە خوێنی شەهیدان نەکرێتە «بەردەباز بۆمەرامی شەخسی» و رونیدەکاتەوە «شەهیدانی ئێمە لەپێناو کوردستانێکی دادپەروەرو پرلە یەکسانی خوێنیان بەخشی، پێویستەئێمەش بەرێزگرتنی کەسوکاریان و بونیاد نانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرو سیستەمێکی سیاسی کراوە پاداشتیان بدەینەوە».**

*** دەقی پەیامەکە**

### خوشکو برایانی بەڕێز
### ئەم کاتەتان باش

ئەمجارە دەمەوێت لەسەر یەکێک لە سەروەریەکان نەتەوەی ئێمە قسەتان بۆ بکەم کە ئەویش پرسی شەهیدانو کەسوکاری ئەنفالکراوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستانو ئەم دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون، هەر هەمووی بەرهەمی خوێنی شەهیدانو فوربانیدانی هەزاران خێزانی کوردستانە بە رۆڵەو نەوەکانی خۆیان، بەدرێژای رۆژانی خەباتی پێشمەرگایەتیو ساڵانی دوورودرێژی شۆڕش هەزاران کەس لە پێناوی ئازادی کوردستاندا خۆیان کردە قوربانیو بەمەش پرشنگدارترین پەڕەی مێژووی ئێمەیان تۆمارکرد.

ئەوەی دەبێت ئێستا بەدەنگی بەرز بیلێینو هەموو خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە بۆ دروشمو ئامانجەکانی بزوتنەوەی کوردستان خۆیدا بەکوشت، نەک بۆ دەسەڵاتی هەندێک کەسو خێزانو باڵادەستی هەندێک حیزبی دیاریکراو.

خەڵکی ئێمە بۆ رزگاری کوردستانو دادی کۆمەڵایەتی خۆی کردە قوربانی نیشتیمانو وڵات، نەک کورسی دەسەڵاتی هەندێک کەسو خێزانی دیاریکراو. خوێنی شەهیدانی کوردستانو ئەو قوربانیە زۆرانەی رۆڵەکانی کوردستان لەپێناوی وڵاتدا بەخشیویانە، دەبێت وامان لێبکات بەسەرسەختیەوە بەرگری لەوە بکەین نیشتیمانێکمان هەبێت پڕ لە بوونی دادی کۆمەڵایەتی.

پاداشتی خوێنی شەهیدانی کوردستان ئەوە نیە نیشتیمانێکمان هەبێت کورسی دەسەڵات بۆ کەمایەتییەک پاوان بکرێت، و سامانی وڵات بەر لە خەڵکی بۆ پڕکردنی گیرفانی چەند کەسو خێزانێک بەکارهێنرێت.

پاداشتی خوێنی شەهیدان دروستکردنی کۆمەڵێکی کراوەو سیستمێکی سیاسی کراوەو مۆدێرنە کە دەستگۆڕکێی دەسەڵاتی تێدا دەکرێتو چونیەک بەرگری لەمافو ئازادییەکانی هاوڵاتییانی دەکات.

دەبێت هەموومان دژی ئەوە بین قوربانییەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد وەک بەردەبازێک بۆ بەرژەوەندی تەسکی شەخسی یان حیزبی بەکار بهێنرێت.

ئێمە لەکاتێکدا ئێجگار بەرز تێکۆشانو خەباتو قوربانیدانی خەڵکی کوردستان دەنرخێنین، بەتوندی دژی ئەوە رادەوستین ئەم سەروەرییە نیشتیمانی و نەتەوەییانە وەک مولکی شەخسیو بۆ بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیو شەخسی بەکار بهێنرێت. بڕواشمان وایە دروستکردنی کوردستانێکی ئازادو دادپەروەر کە شەهیدانی ئێمە لەپێناویدا خۆیان کردە قوربانی، وەفای خوێنی ئەو شەهیدانەیە.

لێرەوە بڕوامانوایە ئەرکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بەڕێزو تەقدیرەوە تەماشای کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بکاتو پاداشتی ئەم قوربانیدانە مەزنانە بداتەوە کە ئەو خێزانە لەپێناوی وڵاتو رزگاری کوردستاندا داویانە. لەهەموو وڵاتێکی تەندروستو زیندودا کاتێک سەربازێک شەهید دەبێت، کەسوکارو خێزانەکەی بەشێوەیەکی شایستە قەرەبوو دەکرێنەوە.

بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەکەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوی کوردستان لە هەلومەرجێکی ناڵەبارو نەبوونیەکی زۆردا دەژین. هەندێکیان تائێستاش لەخانوی کرێدا دەژین و کارو کاسبیەکی ئەوتۆشیان دەست ناکەوێت. بەتایبەتی گەر ئەو راستیە بزانن زۆرینەی زۆری شەهیدو ئەنفالکراوەکان لە خێزانە هەرە هەژارو فەقیرەکانی کورد بووون کە سەرمایەی مادیو سەرچاوەی گوزەرانی ژیانیان باش نەبووە.

ئەم راستییەش ئەوەندەی تر هەمومان بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بەم خێزانە تێکۆشەرانە کە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویستی مادیو مەعنەوییان بەمانەوەی کوڕو پیاوەکانیان هەبووە بۆ ئەوەی ژیانیان دابینبکات، بەڵام لەهەموو ئەو پێداویستیانە وازیانهێناوەو قوربانیان بە کوڕو نەوەو مێردو باوکیان داوە.

بەڕاستی جێگەی شەرمکردنە خێزانی شەهیدانو ئەنفالکراو ببینین کە لەباری سەختی ژیاندا ناچار بەوە بووە لەبەردەمی دەرگای ئەم بەرپرسو ئەو بەرپرس دابنیشێت، بۆ ئەوەی لایەکی لێبکاتەوە. مایەی شەرمکردنە خێزانی شەهیدانمان هەبێت ناچار بە سواڵکردنو تەشەبووس و راوەستان بن لەریزی درێژدا بۆ موچەیەک کە بەشی خواردنی رۆژانە ناکات. **(ئەو نیشتیمانەی رێزو تەقدیری ئەو خێزانانە ناکات کە بەنرخترین سەرمایەی مرۆیی خۆیان لەپێناویدا بەخشیووە، نیشتیمانێک نیە جێگەی شانازیو خۆشەویستی خەڵی خۆشی بێت).**

**بۆیە ئێمە لە لیستی گۆڕان لەکاتێکدا بەچاوێکی پڕ رێزو حورمەتەوە تەماشای کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دەکەین، بڕوامان وایە دەبێت سەبارەت بەکەسوکاری شەهیدان ئەم کارانەی خوارەوە بکرێت.**

١)دابینکردنی خانوو بۆ هەموو کەسوکاری شەهیدان کە پێشتر بۆیان نەکراوە.

٢) **(بەهیچ شێوەیەک جیاوازی لەنێوان شەهیداندا نەکرێتو پۆلێن نەکرێن بەسەر گەورەو بچووکدا. هەموو شەهیدێکی ئەم وڵاتە لەهەر پلەو پایەیەکی پێشمەرگایەتیدا بووبێت، لەهەمان ئاستو بەهەمان رێزو تەقدیرەوە مامەڵە بکرێن).** ئەوەی بۆ شەهیدێکی سەرکردە دەکرێت، دەبێ هەمان ئەو شتە بێت کە بۆ شەهیدێکی سەنگەر دەکرێت.

٣) ئێمە لە لیستی گۆڕان بڕوامانوایە لەبری دابینکردنی موچەیەکی مانگانەی رەمزی کە رەنگە بەشی بخۆو مەمرەیەک ناکات، قەرزێکی گەورەی دوور مەودا بە قستێکی رەمزی بۆ کەسوکاری شەهیدان دابینبکرێت کە بتوانن پرۆژەی ئابوری گەورە یان بچوکی پێ دابمەزرێنن. دەبێت چیدی خێزانو کەسوکاری شەهیدان موحتاجی دەستی کەس نەبنو خۆیان ساحێبی کارو ژیانی خۆیان بن. ئەرکی حکومەتی هەرێمە فەزایەکی پڕ رێزو حورمەت بۆ شەهیدان دروستبکات کە بتوانن بەئاسانی لەسەر پێی خۆیان بوەستنەوە.

دەبێت جۆرێک رەفتار بکەین هەموو ئەو کەسوکارو خێزانانەی شەهیدان بۆ یەک ساتیش هەستنەکەن کوڕو نەوەو باوکو مێردو براکانیان نەدەبوو خۆیان بکەنە قوربانیی وڵات.

سەبارەت بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش، ئێمە لە لیستی گۆڕان بڕوامانوایە دەبێت:

١) **چەند شارێکی نمونەیی لەچەند ناوچەیەکی کوردستان دروستبکرێتو بەسەر خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا دابەش بکرێن. دەبێت جیهانێکی تازە بۆ کەسوکاری ئەنفاکراوەکان دروستبکەین کە تیاییدا بەسەربەرزییەوە هەستبکەن رەنجو ئازارو قوربانیەکانیان نە بە هەدەر رۆیشتووەو نە ئەو جیهانەی ئەمرۆ بە قوربانییەکانی ئەوان دروستبووە، وەک جیهانی جارانە.**

٢) بۆ ئەنفالکراوەکانیش بڕوامانوایە لەبری موچەیەکی مانگانەی رەمزی، قەرزی دورمەودایان بۆ دابینبکرێت کە بتوانن لەسەر پێی خۆیان رابوەستن.

٣) هانی سەرمایەدارانو دەولەمەندانی ناوخۆو دەرەوەی وڵات بدرێت سەرمایەگوزاریی لە ناوچە ئەنفالکراوەکاندا بکەنو پرۆژەی ئابووری جیاواز بکەنەوە.

٤) لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هاوکاری مادی تایبەت بۆ منداڵو خوێندکارانی ئەنفالکراو دابینبکرێت، بۆئەوەی بتوانن بەئاسانیو بێ ترسی گوزەرانی یان خوێندن تەواو بکەن.

خوشکو برایانی بەڕێزو کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراو، دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن بۆئەوەی پێکەوە هەوڵبدەین نیشتیمانێک دروستبکەین کە لەئاست قوربانییەکانی ئێوەدا بێتو هەمووتان شانازی پێوە بکەنو بۆ ساتێکیش هەستنەکەن رەنجو عەزابتان بە هەدەر رۆیشتووە.

> **بەڕاستی جێگەی شەرمکردنە خێزانی شەهیدانو ئەنفالکراو ببینین کە لەباری سەختی ژیاندا ناچار بەوە بووە لەبەردەمی دەرگای ئەم بەرپرسو ئەو بەرپرس دابنیشێت، بۆ ئەوەی لایەکی لێبکاتەوە. مایەی شەرمکردنە خێزانی شەهیدانمان هەبێت ناچار بە سواڵکردنو تەشەبووسو راوەستان بن لەریزی درێژدا بۆ مووچەیەک کە بەشی خواردنی رۆژانە ناکات. ئەو نیشتیمانەی رێزو تەقدیری ئەو خێزانانە ناکات کە بەنرخترین سەرمایەی مرۆیی خۆیان لەپێناویدا بەخشیووە، نیشتیمانێک نییە جێگەی شانازییو خۆشەویستی خەڵی خۆشی بێت**

# سفرەی دەسەڵات

**عەدنان عوسمان**



کەم نین ئەو بەرپرسانەی رۆژ نییە بەشێوەیەک لە شێوەکان منەتی رابردوو خەباتی رابردوو ماندووبوونی رابردوویان بەسەر خەڵکی ئەم وڵاتەدا نەبارێنن. ماوەیەکیشە چەند بەرپرسێک لێرەو لەوێ باس لە سفرەی دەسەڵاتو حیزب دەکەن، کە گوایە ئەوان ساڵانێکە سەرقاڵی ئامادەکردنو رازاندنەوەیین، کەچی ئێستا خەڵکانێک دەیانەوێت بێماندوبوونو بە ئاسانی بێنە سەر ئەو سفرەیە!

بە راستی سەیرە مرۆڤ تا ئەوکاتە شۆڕگێڕو خەباتگێڕو تێکۆشەر بێت کە لەگەڵ ئەو بەرەیەدا بێتو ئیتر هەر رۆژێک بەهەر هۆیەکەوە بێت دوورکەوتەوە لەو بەرەیە هەموو ئەو ناسنامانەی لێوەربگیرێتەوەو بکرێتەوە بە کەسێکی ئاساییو هەموو ئەو تەمەنەی لە خەباتو تێکۆشان، لە شاخو لە زیندان، لە شارو دێ لەپێناوی ئەو جوڵانەوەیەی بڕوایان پێی هەبووە سەرفکردووە بە نوکە قەڵەمێکی ئەم بەرپرسانەی کە تەنانەت خۆیان ساڵانێک لەژێر بەرپرسیارێتی ئەو کەسانەدا کاریانکردووە بسڕێتەوە.

عەجەب زەمانێکە تەنانەت نیشتمانپەروەریو تێکۆشانیش مۆرەکەی تەنیا لای ئەم بەڕێزانە بێتو هەر ئەوانیش مەرجەعی پێدانی فەتوای شۆڕشگێڕێتیو مەردایەتیو دلسۆزی بن،

ئەو کەسانە کە رۆژ نییە باسو خواستی مۆدێرنەو دیموکراتییەتمان پێنەفرۆشنەوە، بۆ دەبێت بەو سادەییە قسە لەسەر گۆڕینی ئینتمای سیاسیو حیزبی بکەنو وەک هەر کەسێکی نەشارەزاو بێئاگا لە زانستی سیاسەت مۆری خیانەتو نا دلسۆزی لەو کەسانە بدەن کە ئێستا هاوڕایان نین؟ یا لە راستیدا ئەوە بەشێکە لە چوارچێوەی فیکریو شێوازی دەربڕینی هەموو حیزبە تاکرەوو نادیموکراتەکان، کە تەنیا چاویان خۆیانو ئەلقە گوێڕایەڵەکانی خۆیان دەبینێتو ناتوانن بیر لەوەبکەنەوە کە لە دەرەوەی ئەوانیش ژیان بەرێوەدەچێت،

بەڵام با لەو بوختانو عەقلیەتە نەزۆکە گەڕێین، چونکە شایانی وردبوونەوەو وەڵامدانەوەی قوڵ نییە، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین ناوەرۆکو پێکهاتەی ئەو سفرەیەیە کە دەسەڵاتو ئەم حیزبانە بۆ ئێمەیان ئامادە کردووە:

لێرەدا دوو پرسیار زۆر پێویستە بکرێن: یەکەم پارەی ئەم سفرەیە لە کوێ هێنراوە؟ سەرچاوەکەی چییەو کوێیە؟ دووەمیش ئایا ئەو دەسەڵاتە هەر چۆن لە توانایدا هەیە سفرەمان بۆ برازێنێتەوە لە هەمانکاتیشدا لە تواناو دەسەڵاتیدا هەیە کە نەیرازێنێتەوەو هەموو رۆژ بمانباتە سەر سفرەی خالی؟

کورد زۆر باس لە پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکاتو رێک لەم ساتەوەختانەدا بە روونی ئەم حاڵەتە دەبینین، جارێ هەمووومان دەزانین پارەی ئەو سفرەیە بەشێکی کەمە لەو بودجەیەی بۆ ئەم هەرێمە دیاریکراوەو بڕیاروایە سەرجەمی بۆ کاری خزمەتگوزاریو مووچەی فەرمانبەران سەرفبکرێت، بەڵام ئەوان بەشێکی ئەم بودجەیەو چەندین بودجەی دیکەش وەلاوەدەنێن بۆ سەرفیاتی تایبەتی خۆیانو هێشتنەوەی دەسەڵاتی رەهای خۆیان بەسەر کۆمەڵگەوە، کە ئەوەش کارێکی نایاساییو ناشەرعیە، دروستکردنی باڵەخانەو باشکردنی رێگاوبانەکانو کاری خزمەتگوزاری بەشێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت، سەیرە ئەوە بە بەشێک لە مونجەزاتی حیزبو شۆڕش بزانرێت! بەراستی جێگای شەرمەزاریە رۆژانە ئەو دیمەنانە بڵاوبکرێنەوە کە باس لە کارە خزمەتگوزارییەکان دەکات کە وەک کورد گوتەنی رۆنی خۆمانەو لە سمێلمان دەدەن،

بەڵام بە کورتی مەبەستی ئەم بەڕێزانە تەنیا قسەکردن نییە لەسەر ئەم دیوەی سفرەکانیان، لە راستیدا ئەوان پەیامێکی دیکەیان پێیە بۆ میللەت: ئەوان دەیانەوێت بڵێن ئێمە لە هەمانکاتدا دەمانتوانی کارێکی وا بکەین تەنانەت سفرەشتان نەبێت، ئەو کارانەی کراون ئێمە دەتوانین نەیکەینو کەسیش ناتوانێت نوزەیەکی لێوە بێت، ئەوان پێماندەڵێن سەرفکردنو نەکردنو خزمەتکردنو نەکردن پەیوەست نییەو لەژێر کۆنترۆڵی پەرلەمانو گەلو میللەتدا نییە، ئەوە تەنیا بڕیارو مەکرومەی ئەوانەو دوورو نزیک پەیوەست نییە بە پلانو نەخشەو بەرنامەی حکومەتو پەرلەمان، واتە ئەوان لە سەرووی هەموو شتێکنو بڕیاری کۆتاییش هەر لای ئەوانە، بۆیە ئاساییە کاتێک مەکتەب سیاسییەک دەبینین بێئەوەی هیچ پۆستێکی ئیداری لەم وڵاتە هەبێت بەڵێنی دروستکردنی هۆڵو دایەنگاو قوتابخانە دەداتو لەملاوەش پارەی ئەم گەلە بۆ وەلائاتی خۆیان تەخشان دەکەن.

# کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

## سیوەیل عوسمان

## با دەزگاکانی حکومەت لەسەر ئەساسی حیزبیو خزمخزمێنە دانەنرێن

سازدانی: ئاری سابیر

**بەرەوگۆڕان: بۆچی خۆت لەسەر لیستی گۆڕان کاندید کردووە؟**

سیوەیل: لەبەر ئەوەی لیستی گۆڕان هەوڵی گۆڕان دەدات لەهەموو بوارەکانی ژیانو گۆڕینی سیستم کە لەبەرژەوەندیی خەلکی کوردستان بێتو هەولدەدات ئەو نایەکسانییەی هەیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا نەیهێڵێتو دەیەوێت یاسا سەروەر بێت لەهەرێمی کوردستانو حیزبو حکومەت لەیەکتری جیابکاتەوە کە ئێستا تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن حیزبەوە بەڕێوەدەبرێن.

**بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێک کاتێک بەڵێن بەخەلک دەدەیت، دوایی چۆن ئەو بەڵێنانە جێبەجێدەکەیت؟**

سیوەیل: ئەگەر ببم بەئەندام پەرلەمان، بەدڵنیاییەوە ئەو بەڵێنەی بەخەڵکی دەدەم جێبەجێیدەکەمو هەوڵدەدەم خزمەت بەهەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگا بکەم بەتایبەتی خێزانی شەهیدو ئەنفالکراوەکانو منداڵانی بێ سەرپەرشتیارو کەسانی بەساڵاچوو کە کەسیان نییە خزمەتیان بکاتو چاودێرییان بکات، کاری جدی دەکەم لەسەر سەربەستی دارایی بۆ ژنان بۆ ئەوەی هەست بەبوونی خۆیان بکەن لەژیان.

**بەرەوگۆڕان: بەرای تۆ ئەو ئەندام پەرلەمانانەی ئێستا تا چەند توانیویانە بەرگری لەمافەکانی میللەت بکەن لەپەرلەمان؟**

سیوەیل: ئەگەر پەرلەمان ئەکتیفو کارا نەبێت ناتوانێت خزمەت بەمیللەت بکات، ئەندام پەرلەمان تا پەیوەندی بە حیزبەوە هەبێت ناتوانێت بڕیار بەدەستبێت، نمونە زۆرن لەسەر ئەم خاڵە، یەکێک لەوانە کە پەیوەندی بەهەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە دەستووری هەرێمە کە بەبێزارییەوە ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان لەسەردا کەزۆر ترسناکە، لەوانەیە هەرێمی کوردستان بەرەو دوا بگەڕێنێتەوە، پێموایە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆیانە کاریان بکردایەو بۆ هەموو بڕیارەکان نەگەڕانایەتەوە لای حیزب لەپێناو خزمەتکردنی میللەت هەرگیز دەنگیان بەو دەستوورە نەدەدا.

**بەرەوگۆڕان: ئامانجی سەرەکیت چییە بۆ پەرلەمان؟**

سیوەیل: ئامانجی من ئەوەیە خزمەت بکەم بەخەڵکی کوردستان، دەمەوێت کاتێک چوومە پەرلەمان هەڵوێستی خۆم هەبێت هەروەها حیزب لەحکومەت جیابکرێتەوەو هەموو دەزگاکانی حکومەت لەسەر ئەساسی حیزبیو خزمخزمێنە دانەنرێن.



**بەرەوگۆڕان: زۆری مووچەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نارەزایی زۆری لەلای خەڵکی کوردستان دروستکردوە، ئەگەر تۆ ببیت بەئەندامی پەرلەمان هەڵوێستت چی دەبێت لەسەر ئەو مووچە زۆرە؟**

سیوەیل: لەیەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوە دەکەم مووچەی ئەندامانی پەرلەمان کەم بکرێتەوەو جیاوازییەکی وای نەبێت لەگەڵ مووچەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالو فەرمانبەراندا، چونکە ئەوان هیچیان لەئەندامانی پەرلەمان کەمترنییە، ئەگەر ئەو داوایەم سەری نەگرت من نیوەی مووچەکەم دەدەم بەخەڵکی فەقیرو هەژار، هەر وەک لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەڕێگەی کۆمەڵەیەکەوە ئەو کارەم کردووەو یارمەتیمان لەکەسانی خێرخوازو فەرمانبەران وەرگرتووەو دابەشمکردووە بەسەر خەڵکی کەمدەرامەتدا.

پرۆفایل:

**سیوەیل عوسمان ئەحمەد، ساڵی ١٩٥٧ لەدایکبووە.**

**ساڵی ١٩٧٦ خانەی مامۆستایانی دهۆکی تەواوکردووە.**

**ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)وە کردووە.**

**ساڵی ١٩٩١ بەشداری لەڕاپەڕیندا کردووە.**

**دەستەی دامەزرێنەری (ی.ژ.ک) بووە لەکۆیە.**

**بەشدرای هەردوو کۆنگرەی (ی.ن.ک)ی کردووە، چەند ساڵێک کارگێڕیی ناوەندی هەولێری ڕێکخراوە دیمکراتییەکان بووە.**

**ئێستا سەرپەرشتیاری پەروەردەییە لەکۆیە.**

## ساڵح ژاژڵەیی

## لیستی گۆڕان لیستی ئۆمێدی هەموو خەڵکە

سازدانی: کاروان سۆران

**بەرەو گۆڕان: ئێوە وەکو کاندیدێکی لیستی گۆڕانو کەسایەتییەکی دیاری ناوچەی شاربازێر، بۆ چ مەبەستێک خۆتان لەم لیستە کاندیدکردووە؟**

* من کە خۆم کاندیدکردووە، ئەوەیە کە لیستی گۆڕان لیستی ئۆمێدی هەموو خەڵکە، ئۆمێد دەکەین کە لە داهاتوودا لیستی گۆڕان بتوانێت گۆڕانکاریی بکات لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، گۆڕانکاریی بکات لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، گەندەڵی نەمێنێت، عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکاتو یاسا بکاتە سەروەر، کە ئەمە بەداخەوە حیزبەکانی دیکە کە تائێستا دەسەڵاتیان هەبووە، نەیانتوانیوە ئەوە بکەن، بۆیە بووەتە هۆی نارەزاییەکی زۆری خەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ دەلاقەیەکی فراوان لەنێوان حکومەتو هاوڵاتییاندا پەیدا دەبێت، بۆیە لیستی گۆڕان تائێستا بووە بە تاکە هیوای خەڵک، خەڵکیش ئەو ئۆمێدەی پێی هەیە کە گۆڕانێکی گەورە لە هەرێمدا دروستبکات، بۆیە بە شانازییەوە خۆم تەرخانکردووەو خۆشم کاندیدکردووەو هەوڵی جدیی دەدەم بۆ سەرخستنی ئەم لیستە.

**بەرەو گۆڕان: پێتوایە ئەم لیستە بتوانێت دەستەبەری مافو خواستەکانی خەڵکی کوردستان بکات؟**

* من پێموایە ئەم لیستە یەکێک لەوانەی کە بەڕێوەی دەبەن، کاک نەوشیروان مستەفایە، کاک نەوشیروان یەکێکە لەوانەی کە جێگای ئۆمێدی خەڵکەو دەسەڵاتو سەروەتی بەجێهێشتووەو وەکو کەسێکی ئاسایی دەژیو دەیەوێت خزمەتی وڵات بکات، ئەوانەش کە لەدەوری کۆبوونەتەوە خۆبەخشنو بەدوای سەروەتو ساماندا ناگەڕێن، بۆیە سەرجەم جەماوەرەکە گۆڕانی دەوێتو بەدوای پارەدا ناگەڕێت، بۆیە لەوبڕوایەدام ئۆمێدی گەورە هەیە کە گۆڕانکاریی گەورە بکاتو داواکارییەکانی بهێنێتەدی، ئەگەر ئەو لیستەش دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتو لە دوارۆژداو نەیتوانی خواستەکانی خەڵکی بهێنێتەدی، ئەویش هەروەک ئەوانی دیکە خەڵک دەتوانێت لە هەلبژاردنی داهاتوودا لایانبەرێت.

**بەرەو گۆڕان: چۆن لە بەرنامەی ئەم لیستە دەڕوانیت، ئایا دەتوانێت جێگای متمانەی خەڵکو ڕەنگدانەوەی داواکارییەکانی ئەوان بێت؟**

* وەکو خۆم کە بەرنامەکەم خوێندووەتەوە، هەموو لایەنەکانی ژیانی تێدایە، داخوازیی هەموو خەڵکی تێدایە، ئەگەر بتوانین زۆربەی ئەو داواکاریانە لەو بەرنامەیە جێبەجێبکەین، خەڵک گلەیی نامێنێت.



**بەرەو گۆڕان: تائێستا ئەم لیستەی ئێوە لەلایەن خەڵکەوە چەند پێشوازیی لێکراوە؟**

* یەکەم ڕۆژی هەلمەتی هەلبژاردن کەرنەڤاڵ بوو لە هەموو شوێنێک، خەڵکی زۆر پێشوازیی لێکرد بەشێوەیەک خەڵک دەهاتن مایەی دلخۆشی بوو، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە چەند خەڵک تامەزرۆی گۆڕانەو چەند نارازییە لەو دەسەڵاتەی کە ئێستا هەیە.

**بەرەو گۆڕان: ئایا دەتوانن تا سەر بەمشێوەیە لە هەلمەتەکە بەردەوامبن؟**

* ئەو ماوەیەی کە هەیە دەبێت زۆر بە چڕوپڕیی کاربکەین، بەڕاستیش ئەو ماوەیە کەمەو دەبێت هەروا بە گەرمی بەردەوامبین تا بەرنامەی خۆمان بە هەموو جێگایەک بگەیەنین.

**بەرەو گۆڕان: ئێوە دەتانەوێت گۆڕان بکەن، داواکاریتان لە خەڵکی کوردستان بۆ ئەم گۆڕانە چییە؟**

* ئێمە دەڵێین ئەم لیستە لیستی هەمووتانەو ئێوە هاوکاریمان بکەن تا سەرکەوێت، لەم ڕێگایەوە گۆڕان دەبێت، بەڵام ئەم گۆڕانە بە هەموومان دەکرێتو بۆ بەرژەوەندی هەموومانە، بۆیە داوا لە خەڵک دەکەم بە گەرمی بەرەوپیری ئەم لیستە بێنو لەسەر سندوقەکاندا دەنگی پێبدەن.

پرۆفایل:

**ساڵح محەممەد قادر، ناسراو بە ساڵح ژاژڵەیی**

**– لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی هەنجیرە سورەی سەر بە ناحیەی ماوەت لەدایکبووە.**

**– خانەی مامۆستایانی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە.**

**– لە ساڵی ١٩٧٥دا پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە.**

**– لە ساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندی بە شۆڕشی نوێوە کردووە.**

**– تا ساڵی ١٩٩٠ لە کوردستان بووەو دواتر چووەتە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەری هاوسەرەکەی.**

**– لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەیەکجاریی گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان.**

## بۆچی دەنگ دەکڕن؟

# «پێویستە پاڵێوارەکان بە دەنگی ڕاستەقینەی میللەت بچنە ئەو شوێنانە، نەک بە دەنگ کڕین»

پشتیوان سەعدوڵڵا

لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا هەندێ لیستی کوردستانی کەوتووەتە پارە بەخشینەوەو بەرتیلدان بۆ ڕاکێشانی دەنگی هاوڵاتییان، پسپۆڕێکی بانگەشەی هەڵبژاردنیش دەنگکڕین بە کارێکی دوور لە بنەماکانی دیموکراسیەتو شارستانی وەسف دەکاتو دەڵێت: دەبێت کۆمەڵگە بەگشتیو لایەنە سیاسییەکان کار بۆ ئەوە بکەن، کە کەرامەتی مرۆڤ بگێڕنەوەو دیاردەی دەنگ کڕین نەهێڵرێت.

بە مەبەستی ڕاکێشانی زۆرترین دەنگی هاوڵاتییان یەکێک لە لیستەکانی هەلبژاردن – کەوتوونەتە پارە بەخشینەوەو دەنگ کڕین بە تایبەتی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی بانگەشەی هەلبژاردندا پارەیەکی زۆریان بۆ ئەو مەبەستە بەخشیوەتەوەو بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامە بەشێکی زۆر لەو ئۆتۆمبێلانەی کە دروشمی لیستی کوردستانییان پێوەیە، بڕێک پارەیان لەبەرامبەردا وەرگرتووە.

بە بۆچوونی پسپۆڕێکی بانگەشەی هەلبژاردن تائێستا لە هەرێمی کوردستاندا سیستمی دیموکراسی نەچەسپێنراوەو ئـــەوەش وایــکـــردووە دیـــاردەی پـــارە بەخشینەوەو دەنـگ کڕینو بەرتیلدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بوونی هەبێت.

ئاشتی حەمە سالح، پسپۆڕ لە بانگەشەی هەلبژاردن بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لە وڵاتێکداین سیستمی دیکتاتۆری هەبووەو تاکە حیزب وڵاتی بەڕێوەبردووە، بانگەشە بۆ ئێمە شتێکی تازەیەو تارادەیەک غەریبە بە ئێمە، لە کوردستاندا تائێستاش ناتوانرێت سیستمی دیموکراسی بەشێوەیەکی پێویست بچەسپێنرێت، بۆ نموونە لە بانگەشەی هەلبژاردندا چەندین جۆری لادانی وەک (دەنگ کڕین، ناوزڕاندن) ئەنجام دەدرێتو دەنگدەر بەشێوەیەک لە شێوەکان چەواشە دەکرێتو ناتوانێت دەنگ بەو کەسە بدات، کە خۆی دەیەوێت نوێنەرایەتی بکات.

لەڕۆژی(٦/٢٢)وەبانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، کە تیایدا (٢٤) لیستو هاوپەیمانێتیو (٥) کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی دەنگدەران، لیستی دەسەلات تەنیا لە دوو مانگی ڕابردوودا بۆ بانگەشەی هەلبژاردن ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەیان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوەو سەرەڕای ئەوەش لە هەولی بەردەوامدان بۆ کڕینی دەنگی دەنگدەران.

ئەو پسپۆڕەی بانگەشەی هەڵبژاردن وتیشی: «دەنگ کڕین بە دوو شێوە ئەنجام دەدرێت، (شێوەی ئیجابیو شێوەی سلبی) هەر قەوارەیەک یان هەر لیستو لایەنێک دەتوانێت لەماوەی چوار ساڵی کارکردنیدا دەنگی میللەتەکەی بکڕێت، بەڵام شێوەی بەرتیلدانو دەنگ کڕین بەشێوەکەی تری، ئەوە پەیوەندی بە بـواری سایکۆلۆژی کیانی سیاسیو دەنـگـدەرەوە هەیە، بۆ نموونە ئاستی بواری ئابووری کۆمەڵگە زۆر تەحەکوم دەکاتو دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو لیستو قەوارەیە بەهۆی هەژاریو لاوازی بــواری ئابوورییەوە سەیتەرە بەسەر عەقڵو هۆشی دەنگدەردا دەکاتو عەقڵو فیکری دەکڕێت».

هەمیشە بەرپرسانی هــەردوو پارتە دەسەلاتدارەکە باس لە مافەکانی مرۆڤـو ئازادی ڕا دەربڕینو ئازادی سیاسی دەکەن، لە کاتێکدا بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ دەستیانکردووە بە پارە بەخشینەوە، کە ئەوەش هەنگاوێکە بۆ شکاندنی کەرامەتو کەسێتی مرۆڤی ئەم هەرێمەو بە بڕوای ئاشتی حەمە سالح دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو دیاردەیە نەهێڵرێت.

هــەروەک ئـامـاژەی بــەوە کــرد، بە کڕینو فرۆشتنی دەنگ هەم لیستەکەو هەم دەنگدەرەکە ئەهمییەت بۆ خۆیان دانانێنو خۆیان دەفــرۆشــن، ئەمەش کـــڕیـــنو فرۆشتنێکی نامەسئولانەو ناشارستانییانەیە، ئەم حاڵەتە لاوازی سلوکییەتی لیستەکەو دەنگدەرە، وتیشی: «هەر دەنگدەرێک خاوەنی کەرامەت بێت، نابێت هێندە خۆی بچووک بکاتەوەو پارە لە لیستێک یان پاڵێوراوێک وەربگرێت بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدات، دەبێت کۆمەڵگە بەگشتیو لایەنە سیاسییەکان کار بۆ ئەوە بکەن، کە کەرامەتی مرۆڤ بگێڕنەوەو دیاردەی دەنگ کڕین نەهێڵرێت، ئەویش بە خزمەتکردنی میللەت دەبێت، پێویستە پاڵێوراوەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم بە دەنگی ڕاستەقینەی میللەت بچنە ئەو شوێنانە، نەک بە پارەو بەرتیل کە ئەوە ڕێگایەکی هەڵەیەو ئەنجامی خراپو هەڵەی لێ دەکەوێتەوە».


فۆتۆ: ئاسێخ عەلی خەیات

دایە، بابە... دەنگتان ویژدانتانە لە بەر دوارۆژی ئێمە توخوا مەیفرۆشن

# شۆفێرانی تاکسی دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن

ئاری سابیر
دیار ئەحمەد

شۆفێرانی تاکسی شارو شارۆچکەکان پاڵپشتیی خـۆیـان بـۆ لیستی گـۆڕان دەخـــەنـــەڕوو، بەوپێیەی لە بەرنامەی لیستەکەدا داکۆکی لە مافی کرێکارانو کاسبکاران دەکرێت.

حەوێز عەزیز (٤٥ســـاڵ)، شۆفێری تاکسی، داوای ئەوەیکرد، کە هەموو کوردێک دەنگ بدات بە لیستی گۆڕان، بەو پێیەی من بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لە لیستی گۆڕان دەکەمو کار بۆ ئەو لیستە دەکەم لەبەر ئەوەی کاندیدەکانی دەتوانن بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد بکەنو خزمەتی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالو گەنجان بکەن،کە تاکوو ئێستا سەدان خێزانی شەهیدو ئەنفال لە خانووی کرێدان، حکومەت هەرێم لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوو نەیتوانیوە کێشەکانیان چارەسەر بکات».

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر شێوازی هەڵمەتەکەدا هاتووەو بـــەڕۆژو بەشەو ژمارەیەکی زۆر لە شۆفێران دەڕژێنە سەر شەقامەکانو پشتیوانی خۆیان بۆ لیستە جیاوازەکان دەردەبــڕن، کە لە نێوانیاندا زۆرترین پاڵپشتی بۆ لیستی گۆڕان هەیە.

پەیامو بەرنامەی لیستی گـۆڕان، لە خالی پێنجەمی بەشی سامانو بودجە لە کوردستاندا، ئاماژە بەوە کراوە کە (کار بۆ ئەوە دەکرێت بەرچاوڕۆشنی لەسەر بازاڕو هۆکارەکانی پاوانکارییو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو پاشاگەردانیو گرانی خۆراکو کەلوپەلو قەیرانی کوالیتی کۆنترۆڵ)، ئەمەش مەبەستی زۆرینەی کاسبکارانی کوردستانە.

سۆران حەمەنەجم، شۆفێری تاکسی لە کۆیە، ئاماژەی بەوە کرد، کە لیستی گۆڕان لەسەرەتای دروستبوونیەوە گۆڕانکاری کردووە لە هەرێمی کوردستاندا، بەوەی دەبینین ئەوانەی لە مـاوەی (١٨) ساڵی ڕابردوو گوێیان لەمیللەت نەدەگرت ئەمڕۆ سەردانیان دەکەنو بەڵێنی گەورە گەورەیان پێدەدەن دەیان پرۆژەیان لەو چەند مانگە خستووتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەمەش هەمووی لەسەر دەستی لیستی گۆڕان بووە.

ســـۆران وتـــی: «بـــەهـــۆی لیستی گۆڕانەوە حکومەت بەخۆیدا چووەتەوەو خزمەتگوزاری بۆ خەڵک ئەنجام دەدات، بۆیە دەنگ بەم لیستە دەدەم تاکوو کۆمەڵێک خەلکی بەتوانا بچنە پەرلەمان».

پەیامو بەرنامەی لیستی گـۆڕان، لە خالی شەشەمی پەرلەمانو حکومەتدا باس لەوە کراوە کە (لیستەکە کار دەکات بۆ دروستکردنی هەلی کار لە سەرجەم بوارەکانی کەرتی گشتیو تایبەتدا، تا کوردستان لە هەرێمێکی بەرخۆرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن، هەروەها حکومەت قـــەرزی درێـــژخـــایـــەن بداتە هاوڵاتیان بـە مەبەستی پشتگیریکردنی پـــرۆژە بەرهەمهێنەکانو کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریی).

جەلال بایز (٣٥ساڵ)، سایەقی تەکسی، خۆشحالی خۆی ڕاگەیاند بەدروستبوونی لیستی گۆڕان، بەو پێیەی لە پەیامو بەرنامەی لیستەکەدا کار بۆ کەمکردنەوەی بێکاریی دەکرێتو جەلال وتی: «چەند ساڵێک بوو بێ ئومێدبووین لە گۆڕانکاری لەنێو بەرپرساندا، هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر گەنج ڕوویانکردە هەندەران، هەر بۆیە دەمەوێت دەنگ بدەم بە لیستی گۆڕان».

ڕۆژی (٧/٢٥)ی داهاتوو هەڵبژاردنە گشتییەکەی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمو ڕاپرسیی لەسەر دەستووری هەرێم دەست پێدەکات لە هەر سێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانیو دهۆک)، کە تێیدا (٤) هاوپەیمانییو (٢٠) قەوارەی سیاسی کێبڕکێی بەدەستهێنانی (١١١) کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

مەسعود محەمەد، شۆفێری تەکسی لە شاری سلێمانی، باسی لەوە کرد کە لە کوردستاندا تەنیا لەسەر دەستی کاک نەوشیروانو لیستی گـۆڕان دەتوانرێت گۆڕانکاریی ئەنجام بدرێت، «هەر بۆیە لیستی گۆڕان دوا ئومێدی هەموو لایەکەو دەنگی پێ دەدەم، ئەگەر حاشام لێکرابێت لە ماڵەوە».

مەسعود ڕایگەیاند: لە کوردستاندا حکومەت لـەبـری ئـــەوەی چـاودێـریو لێپرسینەوەی هەبێت بـەرامـبـەر بە بەرپرسانو حیزبەکان، بووەتە کوڕی حیزبە دەسەڵاتدارەکانو توانای هیچ گۆڕانێکی نییە، بەڵام بەهاتنی لیستی گۆڕان ئەوەش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.

ئەبوبەکر ڕەمـــەزان، شۆفێری تەکسی لە شاری سلێمانی، وتی: «ئێمە بە زۆرینە تەکسییەکانی شاری سلێمانی دەنگ دەدەین بە لیستی گۆڕان، چونکە دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە بەبێ هۆکار ئەشکەنجەی دەروونی میللەتیان دەدا، تاکە ڕێگەش بۆ دەربازبوون لەو ستەمە، لیستی گۆڕانەو بە شانازییەوە بەشداری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە دەکەین».


فۆتۆ: دیار ئەحمەد

چۆن لەبیرمان دەچێتەوە بۆ چۆڕێ بەنزین شەوانە لە بەردەم بەنزینخانەکاندا دەمانەوە

# کێ لە خروقاتەکان دەپێچێتەوە؟

ئیبراهیم عەلی
هەولێر

## سەرۆکی حکومەت خروقات دەکات

نێچیرڤان بارزانی، کە ئێستا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دەکاتو هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە وتارێکدا لە ئاهەنگی بانگەشەکردن بۆ لیستی کوردستانی لە یاریگای هەولێر بەشداریکردوو داوایکرد، کە خەلک دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، ئەمە لە کاتێکدا بە پێی یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنەکان بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندی حیزبیو تایبەتی بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیەو دەبێت کەسی سەرپێچیکار سزابدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا چەند رۆژێک بەسەر ئەو خروقاتەی سەرۆکی حکومەت رۆیشتووە، بەڵام تا ئێستا سزای نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت نەدراوە بەهۆی ئەو پێشێلکارییەی کە ئەنجامی داوە.

غەفور مەخموری سەرۆکی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان پێیوایە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێ سەروەتو سامانی میللەتو کەسە حکومییەکان بانگەشە بۆ لیستێکی دیاریکراو بکەن، ئەگەر بشکرێت ئەوا پێچەوانەی یاسایە.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان بۆ رۆژنامە وتی: «نابێت لە کاتی پروپاگەندەی هەلبژاردن کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بەکاربێتو جگە لەوەش بەهەموو شێوەیەک بەشداری ئەو کەسانەی کە پۆستی حکومییان هەیە پێچەوانەی یاسایە».

## پۆستەری لیستە جیاوازەکان لێدەکرێتەوە

لەدوای دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستیان کرد بە هەڵمەتی پروپاگەندەکردن بۆ لیستەکانی خۆیانو هەڵواسینی پۆستەریش یەکێکە لە رێگەکانی بانگەشەکردن بۆ لیستەکانی خۆیان، بەڵام دوای هەڵواسینی پۆستەرەکان بە چەند رۆژێک ئەو پۆستەرانە لێدەکرێنەوەو تا ئێستاش هیچ ئیجرائاتێک لەم بارەیەوە نەکراوە.

غەفور مەخموری لەبارەی پێشێلکارییەکان بۆ رۆژنامە وتی: «لە ژێر ناوچەی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پۆستەرەکانمان لێکراونەتەوە، هەست دەکەین هەڵمەتێک دەستی پێکردووە بۆ لێکردنەوەی پۆستەرەکان، ئێمە داوادەکەین کە ئازادی بۆ هەموو لایەنەکان هەبێتو دەنگی هاوڵاتیان سەنگی مەحەک بێت».

مەخموری داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات کە رێگە لە لایەنە سیاسییەکان نەگیرێتو ئازادی بۆ هەموو لایەنە سیاسییەکان هەبێت.

لە هەمان کاتدا ناوبراو داوا دەکات، کە هەڵمەتی لێکردنەوەی پۆستەرەکان بووەستێنرێتو بەشێوەیەکی مەدەنیانە مامەڵە لەگەڵ پۆستەرەکان بکرێت.

هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەلبژاردنەکان لەبارەی ئەنجامدانی پێشلکارییەوە بۆ رۆژنامە وتی: «دەبێت لایەنێک هەبێت کە سکاڵا لە کۆمسیۆن تۆمار بکاتو رایبەگەیەنێت، کە پێشێلکاری بەرامبەری کراوە، بەڵام تا ئێستا تەنیا یەک لایەن سکاڵای تۆمار کردووە ئەویش هیچ بەڵگەیەکی وانەبووە کە بیسەلمێنێت کە کێ ئەو پۆستەرانەی دراندووە، بۆیە دەبێت لەمڕووەوە بەڵگە هەبێت».

ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن ئەوەی روونکردەوە، کە بەدوو رێگە لیستەکان سزا دەدرێنو وتی: «بەدوو هەنگاو لیستەکان سزادەدرێن یەکەمیان ئەو لیستانەی کە پۆستەر بە دیواری دەزگا فەرمیەکاندا هەڵدەواسن ئاگادار دەکرێنەوە لەوەی کە خۆیان برۆن لێیبکەنەوە، هەنگاوی دووەم ئەوەیە، کە ئەگەر لێیان نەکردەوە، ئەوا لە رووی ئیدارییەوە سزای دارایی دەدرێن».


ئاشتی ولێبورین و هەڤدوقەبویلکرن ئارمانجا لیستا کوردستانی یە
www.xebat.net
2
دوو شەممە 2009/6/29 ژمارە (3211)
ڕووداوەکانی ڕۆژ
خەبات
١٢
لیستی (دۆڕان)
سەرۆک بارزانی و هەڵویستێت مروڤایەتی ل ڕوژانێت سەخت
فەهیم عەبدوڵڵا
هێمن هەورامی
کۆمەڵگای کوردستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی دیکەی گرنگی ژیانی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیدایە، لەم تاقیکردنەوەیەدا، کە بۆ مێژووی سیاسی و ئاستی پێگەیشتنی هۆشیاری سیاسی تاکەکانی کوردستانە گرنگە، چەند هێز ولایەن و
رای پەرلەمانی کوردستان و خەڵکی کوردستان دیکتاتۆریە، یان سەپاندنی رای کەمینەیەکی کەمی وەک ئێوە سەیرەکەی لەوەدایە، کە رای سەرۆکی
هەژاری و بەرقەراری ئاسایش)نارێکیە؟! سەرۆکی گردەکە، دەیەوێت هانی خەڵکی بدات لەو (نارێکیانە!!)ی سەرەوە، رزگاریان بکات. باشە ئەگەر ئەمە (دۆڕان)نەبێت، بەکام پێوەر بە (گۆڕان)ی ناودەنێن.
پەنا بردن بۆ جاشەکان:
گۆڕانی بنەڕەتی بەکەسانێک دەکرێت کە گرێی دەروونی خۆیان و هەستی تۆڵە کردنەوەی دۆڕان و شکستەکان، نەبووبنە داینەمۆی بانگەشەی گۆڕان بەڵام بەداخەوە، ئەوەی کەمێک وردتر سەیری
ئەگەر رەخنەیەکتان لەکار و سیستەمی ئیداری و سیاسەتی

## بۆچی پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی لێناکرێنەوە؟

لەگەڵ ئەوەی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان لیستە سەرەکییەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنە لە ململانێیەکی سەختدانو هەر لیستەو دەیەوێت زۆرترین کورسی بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، یەکێک لە رێگەکانی شکاندنی لیستەکان لێکردنەوەی پۆستەرەکانیانە، ئەوەی جێگەی گومانە کە تا ئێستا لە هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی لێنەکراونەتەوە، تەنیا پۆستەری ئەو لیستانە لێکراونەتەوە کە لە دەرەوەی پارتیو یەکێتیدان، ئەوەش گومانێک دروست دەکاتو تا رادەیەکیش نادیاری ئەو کەسانە روون دەکاتەوە، کە هەڵدەستن بە لێکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستەکانی دیکە.

لێنەکردنەوەی پۆستەرەکانی لیستی کوردستانی وەک بەڵگەی ئەوە سەیر دەکرێت، کە دەسەڵات لەپشتی لێکردنەوەی ئەم پۆستەرانەوەیە، غەفور مەخموری وتی: «لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان چاودێرەکانی شارەوانی راسپێردراون کە پۆستەرەکان لێبکەنەوە، لە کۆمەڵگەی کەلەکچی ئەو کەسانەی کە پروپاگەندە بۆ لیستەکەی ئێمە دەکەن کە نزیکەی (١١) ماڵ دەبن کارەبای موەلیدەیان لێبریون».

## رێنماییەکان وەک خۆیان جێبەجێ ناکرێن

لەگەڵ ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تەواوی لیستە بەشداربووەکانی لە رێنماییو یاساکانی خۆی ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا وەکو پێویست یاساو رێنماییەکان جێبەجێ نەکراونو کۆمسیۆنیش هیچ بەدواداچوونێکی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نەداوە.

بە بڕوای غەفور مەخموری سەرۆکی لیستی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان بۆ رۆژنامە وتی: «لیستی کوردستانی تەواوی بۆردەکانی ریکلامکردنیان بۆ خۆیان گرتووەو مەجالی رێکلامکردنیان زۆر تەسککردووەتەوە، بۆیە بەو شێوەیە رێنماییەکان جێبەجێ ناکرێن».


فۆتۆ: پشتیوان سەعەدوڵڵا
هیچ جۆرە هەڕەشەو گوڕەشەو خروقاتێک لە ئیرادەی پۆڵایینمان کەمناکاتەوەو بە دڵنیایی دەیگۆڕین

# (٥٧)

## گەندەڵی بۆ؟

-٦-

نەژاد جەلال



ئەوەی بۆ هەمو لایەک نیگەرانییە نادیاری داهات و خەرجییەکانی ئەم هەرێمەیە، ئەوەیە کە دەبوایە دەسەڵاتدارانی هەرێم شەرمندە بونایە لە روی خەلکدا، بەڵام ئەوان زۆر سەربەرزانە بەرگری لەخۆیان دەکەن، هاوکات چەندین بوکەلەش نمایشی رەوایەتی دەدەن بەو داهاتەی کە لە میللەت دەشاردرێتەوە.

حکومەتی هەرێم ساڵانە ١٧٪ی بودجەی عێراقی پێدەدرێت، ئەوەی کە خەڵک دەیزانێت تەنها ئەمەیە، ئیتر چی داهاتی ناوخۆ و گومرگ و نەوتی فرۆشراو بە قاچاغە و...هتد کەس نازانێت چەندەیە و چۆن دێت و چۆن ون دەکرێت؟!.

ساڵانێکە خاوەنشکۆکان دەڵێن: ئێمە ٧٥٪ی ئەو بودجەیەی وەریدەگرین وەک موچە دەیدەین بە فەرمانبەران، بەڵام بەوتەی بەرپرسێکی یەکێتی لە بەغدا ئەوە موبالەغیە ٣٣٪ی ئەو بودجەیەی لە بەغداوە دێت، وەک موچە دەدرێت بە فەرمانبەرانی حکومی، خۆی وتەی بەڵام «ناوێرم ئەو راستییە ئاشکراکەم»، نازانین چ حیکمەتێک هەیە لە شاردنەوە و پێچ و پەناکردن بە داهات و خەرجییەکانی هەرێم، جگە لە تاڵانکردن و بردنی بۆ خۆتان.

لیستی گۆران ئەو ئەرکەی لەئەستۆ گرتوە ئەو پەردە رەشانە لابدات کە داوتانە بەسەر دارایی و داهاتدا، ئێوە تائێستا ئامادەنین حیسابی خیتامی ساڵانە بەرنە پەرلەمان، پەرلەمانیش ساڵانە بەزوی و پەلەپەل بودجەکەتان بۆ پەسەند دەکات، ئەمە گەورەترین تاوانە کە پەرلەمانتاران بەرامبەر بە خەڵکی ئەم هەرێمەی دەکەن، چونکە بەم چەند ساڵە سەلماندیان کە ئەوان پەرلەمانتاری حیزبن و نوێنەری خەل نین، سەلماندیان ئەوان بۆ شەرعیەتدان بە کردە ناشەرعییەکانی دو حیزبی باڵا دەست چونەتە ناو بینای پەرلەمان، نەک بۆ گەیاندنی ئازار و داواکانی خەڵک.

ئێوەیەک کە سوربن لەسەر ئەوەی دو وەزارەتی دارایی یەک نەگرێتەوە، ئامادە نەبن بە ژمارە داهات و خەرجییەکان بە خەلک بلێن، هەمیشە لە هەڵپەکردنی بلۆکردنی پارەدابن لە بانکەکانی دەرەوە، ئەجندای سەرکیتان ئەوە بێت کە خۆتان هەم سیاسی و هەم بازرگان بن، کۆمپانیاکانتان دەستبخەنە بینەقاقای بازارەوە، لە هەمو پرۆژە و کردەیەی بازرگانیدا پشکتان هەبێت، ...هتد، بێگومان لەبەرامبەریشدا خەڵک گۆڕانی دەوێت.

بفامن بیرێک لە رابردوی خۆتان بکەنەوە، خواپیاوەکان، بزانن چیتان دەرهەق بەو گەلە کرد کە ساڵانێکی زۆر بۆ کورسییەکەی ژێر ئێوە خوێن و ئارەقی رشت، دڵنیام ئەگەر ویژدانتان بجولێنن پێکی ژەهری پەشیمانی دەنۆشن، بەڵام کاتێک پەشیمان نابن، خواستی گۆڕانتان سەرهەڵدەدات.

# بڕوا ناکەم لە ئێستادا لە کوردستان ئیرادەی سیاسی پارتیو یەکێتی ئەوەندە بەهێز بێت کە پاڵپشتی لە تەزویر نەکەن

سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

**ڕۆژنامە: ئایا ئەم هەڵبژاردنە گۆڕان دروست دەکات، یان هەڵبژاردنەوەی هەمان ئەو کەسانە دەبێت کە ئێستا لە دەستەڵاتدان؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: هەڵبژاردنی ئەم جارە لە کوردستان، جیاوازی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، بێ گومان ئەمجارە گۆڕان دروست دەبێت، بەڵام من ئەوەندە گەشبین نیم کە بڵێم گۆڕانێکی سەرتاسەری دروست دەبێت، پێموایە لیستی کوردستانی یەکێتیو پارتی دەتوانێت دیسانەوە زۆرینە بەدەست بهێنێتەوە، بەڵام ئەم زۆرینەیەی ئەمجارە وەکو زۆرینەکانی رابردووی ئەم پەرلەمانەی ئێستا نابێت کە زۆرینەیەکی ڕەهابێت، چونکە لیستەکانی دیکە بەتایبەت لیستی چوار حیزبەکەو لیستی گۆڕان کە لە دوای چوار حیزبەکە دێت، ئەوانە هەرکەسەو بە قەبارەی خۆیان دەنگ کۆدەکەنەوەو کورسی بەدەست دەهێنن.

گرنگی ئەم هەڵبژاردنە لەوەدا نییە کە کێ زۆرترین کورسی بەدەست دەهێنێتو کێ کەمتر، بەڵکو گرنگییەکەی لەوەدایە هەڵبژاردن ببێتە پرۆسەیەکی جێگیرو هەموو چوار ساڵ جارێک حکومەتی هەرێمو سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ناچار بێت هەڵبژاردن بکات، دووەمیش مومارەسەی کردارەکی هەڵبژاردن بەلای منەوە زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی دەنگدەرێک کە بزانێت چی هەڵدەبژێرێتو بزانێت کە دەنگی ئەو کاریگەرییەی هەیە لەسەر بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی داهاتوودا، لە هەمووشی گرنگتر بەلای منەوە سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدانەکەیە لە هەرێمی کوردستانو بە شەفافانە بەڕێوەبچێتو تەزویری تێدا نەکرێتو دەستێوەردان نەبێتو هێزەکانی ئەمنو ئاسایش تەداخولی بنکەکانی دەنگدان نەکەنو نەچنە ناو وێستگەکانی دەنگدانەوەو فشارنەخەنە سەر خەڵک بۆ ئەوەی بەزۆر هەڕەشەیان لێ بکرێتو توندوتیژیان بەرامبەر بکرێت بۆ ئەوەی دەنگ بەلایەنێک بدەن، ئەگەر ئەمانە بەجوانی بەڕێوەبچن بێگومان سەرکەوتنە بۆ هەڵبژاردن، ئەگەر هیچ لیستێکی دیکە کورسیش نەهێنێت.

**ڕۆژنامە: بۆ پێشبینی ئەمانە دەکەیت؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: هیوادارم وانەبێت، بەڵام بڕوا ناکەم لە ئێستادا لە کوردستان ئیرادەی سیاسی پارتیو یەکێتی ئەوەندە بەهێز بێت کە پاڵپشتی لە تەزویر نەکەن یان ڕێی لێ نەگرن، ئێمە هەڵبژاردنی رابردوومان لەبەرچاوە.

**ڕۆژنامە: بەڵام زەمینەکە هەمان زەمینە نییە؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: زەمینەکە هەمان زەمینە نییە، چاودێری نێودەوڵەتی زۆرتر لێرەنو ئەوە عێراق لێرەیە، کۆمسیۆنی باڵا هەیە کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکات، ڕەوشەکە جیاوازە لەبەر ئەوە من هیوادارم ئەو ڕەوشەی کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا هەبوو ئەم جارە دووبارە نەبێتەوە، هیوادارم هەموو لیستەکان بەتایبەت پارتیو یەکێتی بیر لەوە بکەنەوە کە سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەردداپە، نەک لەوەدا کە کێ کورسی زیاتر دەهێنێت.

**ڕۆژنامە: باسی دەستوورت کرد، دەبینین پەرلەمانێک کە وادەی یاسایی لە دەستداوە دەیەوێت ئەو دەستوورە تێپەڕ بکات، بە بڕوای تۆ ئەمە ئەجێندای سیاسی لەپشتەوە نییە؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمانی کوردستان مافی ئەوەی هەیە تەمەنی خۆی درێژبکاتەوە، هەرچەندە کارێکی جوان نییە لە ڕووی ئەخلاقی سیاسییەوە، لە چوار ساڵی رابردوودا سەرکردایەتی کورد نەیدەویست دەستوور دابنێت، بەڵام ئێستا کە دەزانێت لەبەردەم هەڕەشەی ئەوەدایە کە ڕەنگە پەرلەمانی داهاتوو، زۆرینەی ڕەها لە دەست بداتو زۆرینەیەکی ساکاری بەدەستەوە بمێنێت، دەترسێت دەستوور بەو شێوەیە نەڕوات کە ئەوان حەزی پێدەکەن بۆیە فرسەتێکی دۆزییەوەو دەیانەوێت لەم مانگەی داهاتوودا ئەگەر چی لە (٧/١)وە پشووی پەرلەمان دەست پێدەکات، بیانەوێت لەم مانگەدا ئیشو کارەکان بەو شێوەیە بەڕێوە بەرن کە خۆیان دەیانەوێت، لێرەدا هەڵەکە لێرەدایە کە لە ڕووی ئەخلاقی سیاسییەوە کارێکی نا ئەخلاقییە، دەیانەوێت لە فرسەتێکی مێژوویدا کە خەڵک سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانە، شتێک بکەن کە پەیوەندی بە هەموو ژیانی خەڵکەوە هەیە، پاشان دەشیانەوێت ئەو دەستوورە بەشێوەیەک دابڕێژن کە لە بەرژەوەندی حیزبەکاندایە بەتایبەت لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوەیە، ئەو دەستوورە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە پڕبە بەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، ئەم دەستوورە کۆمەڵێک ناکۆکی تێدایە کە لەگەڵ دەستووری عێراقیدا یەک ناگرێتەوە، بۆ نموونە لە عێراقدا سیستمی پەرلەمانییە، بەڵام بەپێی ئەم دەستوورە سیستمی سەرۆکایەتییە، ئەگەر دەستوورەکەش تێپەڕێنرێتو حکومەتی عێراقی ناڕازیی بێت دەبێت لە دادگای دەستووری ئەو بڕگەیە لە دەستووری هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێنرێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئەی چۆن بەم کەموکورتییانەوە کە بەڕێزت باسی دەکەیت، پەرلەمانی کوردستان دەیەوێت ئەو دەستوورە تێپەڕێنێت؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: ئەم دەسەڵاتەی ئێستا پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەم دەستوورە لە پەرلەمانی ئایندەدا بە ئاسانی تێناپەڕێنرێت، گۆڕانکاری زۆری تێدا دەکرێت لە پەرلەمانی ئایندەدا، کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم دەستوورە لە بەرژەوەندی چەند حیزبێکو چەند شەخسێکدا نووسراوەتەوەو دەبێت هەر لە بەرژەوەندی ئەوانیشدا تەواو بێت، لە کاتێکدا لە هەموو دنیادا دەبێت دەستوور لە بەرژەوەندی خەڵکدا بێت، ئەمانەش لە کاتێکدان کە ئەم پەرلەمانەی ئێستا قسەی زۆری لەسەرە لە ڕووی شەرعییەتەوە، بەڵام دیسانەوە من پێموایە ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی ئەو دەستوورە تێپەڕێنرێتو تێش دەپەڕێنرێت، چونکە ئەوەندەی من بزانمو ئاگادارم ئیرادەیەکی بەهێز هەیە بەتایبەت لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە دەبێت ئەو دەستوورە تێپەڕێنرێت. ئەگەر ئەو دەستوورە تێپەڕێنرێت ئیشکالەکەی لەوە دایە کە دەستورێک ئەگەر بەو شێوەیە تێپەڕێنرێت شەرعییەتی لاوازە، دەبێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ دروستبوونی ناکۆکی ناوخۆییو لاوازبوونی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دیموکراسی، کوردستانیش دەخاتە ناو قەیرانی شەرعییەت کە ئەمەش کۆمەڵێک دەرگامان بەڕوودا دەکاتەوە لە ئایندەدا کە بە ئاسانی داناخرێن.

**ڕۆژنامە: بەڵام ئەگەر ئەو دەستوورە تێپەڕێنرێت دەچێتە قۆناغی ڕاپرسییەوە، ئەی لێرەدا دەبێت کێ ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: لێرەدا ئەوەی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت دەزگاکانی ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیرانن، لە ئێستاوە دەبێت ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو دەستوورە لە پەرلەمانەوە تێدەپەڕێنرێت، چۆن بیر لەوە بکەینەوە کە بەرگری لەوە بکەین لە ڕاپرسیدا تێنەپەڕێنرێت، ئینجا گرەو لەسەر ئەوە دەبێت کە ئەو دەستوورە لە دەنگدانی گشتیدا بە نەخێر دەربچێت نەک بەڵێ.

ڕۆژنامە: ئیرادەیەکی لەمجۆرەش هەیە؟

ڕێبین ڕەسوڵ: بەڵێ هەیە ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو دەستوورە ڕوون بکەنەوە، من پێموایە ئەو کاتە ئاسانترە کە خەڵک ئەو دەستوورە قبوڵ نەکات، گەورەترین مەترسی کەمن لەو دەستوورەدا دەیبینم ئەوەیە کە ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێتو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە بێت، کێ ئەو سەڵاحییەتە دەداتە دەست سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئەو پەرلەمانە هەڵبوەشێنێتەوە؟ ئەوە خاڵێکی جەوهەرییە.

کێشەکەش لەوەدایە کە ئەو سەرۆکایەتییەی لە ماوەی چوار ساڵی ئایندەدا دەگۆڕێت، کێ زەمانەتی ئەوە دەکات کە ئێمە دەتوانین سەرۆکی هەرێم بەو شێوەیە دابنێین کە خۆمان دەمانەوێت؟ کێشەکە لە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمدایە، نەک بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، یاخود هەموو ئەو گلەییانەی کە لە سەرۆکی هەرێم دەکرێت گلەیی نییە لە خودی سەرۆکی هەرێم، لە هەموو وڵاتێک ئەگەر ئاستی وشیاری سیاسی لاواز بوو، پێویستە سیستمی حوکم لەو وڵاتەدا سیستمی پەرلەمانی بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان وەکو بێژنگێک ڕێگربێت لە دروستبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، نەوەک کەسێک بتوانێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم کاندید بکات بەوەی تەحالوف لەگەڵ کۆمەڵێک عەشایر بکاتو دەنگی ئەوەش بەدەست بهێنێت کە ببێتە سەرۆکی هەرێم لە کاتێکدا ئەو کەسەش موستەحەق نەبێت بۆ سەرۆکی هەرێم، ئینجا بێجگە لەوەش ئێمە دەسەڵاتی کوەیتمان لەبەرچاوە کە ئەمیری کوەیت دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە، لە ماوەی دوو ساڵدا لە کوەیت پێنج هەڵبژاردن لە کوەیت کراوە، کوەیت لەناو قەیرانێکی سیاسی گەورەدا دەژی، ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەو ئەزموونە دووبارە بکەینەوەو لە ماوەی دوو ساڵدا پێنج هەڵبژاردن بکەین؟ یان ئایا ئەگەر سەرۆکی هەرێم پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە ئەو لیستانەی کە لە دەرەوەی پارتیو یەکێتین ڕازی دەبن بەبڕیاری سەرۆکی هەرێم پەرلەمان هەڵبوەشێنرێتەوە؟ ئەمانە هەموو ئەوکێشانەن کە ئەگەر بێتو ئەو دەستوورە تێ بپەڕێنرێت تووشمان دەبێت، ئەمەش بۆیە دەکرێت بۆ ئەوەی هەرکاتێک پەرلەمان بڕیارێکی دەرکردو بەدڵی ئەوان نەبێت، ئەم دەستوورە وەکو زەمانەتێک بەدەست پارتیو یەکێتییەوە، یان بە دەست سەرۆکی هەرێمەوە بمێنێت کە هەرکاتێک بە بڕیارەکانی ئەو پەرلەمانە ڕازی نەبوو، سەرۆکی هەرێم دەتوانێت ئەگەر سێ جار پەرلەمان لەسەر بڕیارەکە سوور بوو، ئەو پەرلەمانە هەڵبووەشێنێتەوە.

**ڕۆژنامە: پێتوایە ئەمە تا چەندە کار دەکاتە سەر دەروونی خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکیشدا دەیانەوێت ڕاپرسی ئەو دەستوورە بخەنە ئەو ڕۆژەی کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی تێدا دەکرێت؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: من پێموانیە ئەوە بکرێتو لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا بکرێت، چونکە ئەگەر بکرێت زۆر خراپەو دەبێت هەموو حیزبەکانو هەموو خەڵک بۆ مەسەلەی هەڵبژاردن خۆیان تەرخان بکەن نەک مەسەلەیەکی چارەنووس سازی وەکو دەستوور، دەستوور پێویستی بە کاتێکی ترەو دەبێت زیاتر ڕۆشنبکرێتەوە، ئەگەر وابێت کێشەیەکی گەورە دروست دەکات، چونکە تۆ دەبێت سەرۆکی هەرێم هەڵبژێریتو پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێریتو دەنگیش بەدەستوور بدەیت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک نەزانێت چی دەکات، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری خەڵکی هەرێمی کوردستان نەخوێندەوارنو نازانن ئەوە پڕ بکەنەوە.

**ڕۆژنامە: ئامادە باشییەک بە خەڵکەوە دەبینیت بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن؟**

ڕێبین: خەڵک حەماسەتێکی باشی هەیە بۆ بەشداربوون لەو هەڵبژاردنە، دیارە بەشێک لە پێوەرەکانی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان لە هەموو دنیادا ڕێژەی بەشداری خەڵکە لەو هەڵبژاردنەدا، من حەماسەتێکی باشم بینی لەو خەڵکەدا کە سەردانی بنکەکانیان دەکردو ناوی خۆیان تۆمار دەکرد، من پێموایە لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی ڕاگەیاندنیش ئەو حەماسەتە زۆرتر دەبێت. واقیعێک هەیە کە پارتیو یەکێتی دەسەڵاتیان هەیەو جەماوەرێکی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەکاتی شاخو لە دوای ڕاپەڕینیش لەگەڵ ئەو حیزبانە بوون، لە ڕووی ئایدۆلۆژیاو ئینتیمای عەشایەرییەوە تائێستاش بەشێک لەو خەڵکانەیان لەگەڵدا ماوە، ڕەنگە خەڵکێکیان لێ زویر بووبێت، بەڵام لە کاتی دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەو خیتابە عاتفییەی کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاویدەکاتەوە جارێکی دیکە خەڵک ڕادەکێشێتەوە بۆ ناو ئەو دوو حیزبە، ئەوەش لەبیر نەکەین کە بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەرژەوەندی ئابووری دەیان بەستێتەوە بەو دوو حیزبە، واتە مەسەلەکە تەنیا ئینتیمای سیاسی نییە، بەڵکو خەڵکێکی زۆر لەوە دەترسێت کە گۆڕان دروست ببێتو بەرژەوەندییەکەی خۆی لەدەست بدات کە لە ڕێگەی ئەو دوو حیزبەوە بەدەستی هێناوە.

**ڕۆژنامە: کەواتە ئەو ئیمکانیاتەی لەبەر دەست یەکێتیو پارتیدایە، ڕۆڵ دەبینێت لە یەکلایی کردنەوەی دەنگەکان؟**

ڕێبین ڕەسوڵ: بێگومان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەکارهێنانی پارە لە هەڵبژاردنەکاندا لە وڵاتێکی وەکو هەرێمی کوردستان کە دەزگایەک نییە چاودێری بکات کە بزانێت ئایا سامانی گشتی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاردێت یان نا؟ یان فەرمانگەکانی حکومەت بەکاردێت یان نا، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ڕێگرییەک نییە لەو ڕووەوە، حکومەتو حیزب ئەوەندە چوونەتە ناو یەکتری تۆ ناتوانیت لە یەکتریان جیا بکەیتەوە.



ڕێبین ڕەسوڵ، نوسەرو ڕوناکبیر، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسک

بەرەو گۆڕان
بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە
لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی
پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان
سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە
٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩
هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦
دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

# پەیامو بەرنامەی سیاسیی لیستی گۆڕان

مندالآنو نەوجەوانانو گەنجانی وڵاتی ئێمە، بەشێوەیەکی کارەستبار پەروەردەو ئامادە دەکرێن، بگرە زۆرجار بێباکانە پشتگوێ دەخرێنو وەک بارێکی قورس بەسەر شانی حکومەتەوە تەماشادەکرێن. دەزگا سیاسیی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی‌و فێرکارییەکان رۆڵی پێویستی خۆیان ناگێڕن لە دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی‌و مەعنەوییەکانی نەوەی نوێدا،

ئەڵقەی حەوتەم

## ٥. سامانی مرۆیی:

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن کەسایەتی مەعنەویی‌و خواستی جەستەیی، بەردی بناغەو یەکەی پێکهێنەری هەر کۆمەڵگەو قەوارەیەکی سیاسییە. گەر حکومەت، مرۆڤ وەک گرنگترین سامانی نیشتمانی تەماشا نەکات، گەر هەموو پلانو کارنامەی خۆی بۆ گەشەدانی نەوعیی بەو سامانە، بێ جیاوازیی تاکو گروپەکانی، تەرخان نەکات، بەرپرسیار دەبێت لەئاست هەموو قەیرانو کێشە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابورییەکاندا کە رووبەڕووی وڵاتو نەوەکانی داهاتوو دەبنەوە. خراپیی کارنامەی حکومەتو دەزگاکانی نوێنەرایەتی‌و بەڕێوەبردن تەنها کاریگەریی خراپ لەسەر سامانی مرۆیی دروست ناکات لەکاتی خۆیدا، بەڵکو کاریگەریی کارەساتبار لەسەر نەوەکانی داهاتووش جێدەهێڵێت.

بایەخدان بە سامانی مرۆیی پێویستی بە هەستی مێژوویی‌و عەقلی ستراتیژی‌و پلاندانانە، پێویستی بەو کەسانەیە کە لە نوێنەرایەتیکردنو فەرمانڕەواییدا سازش لەسەر مافو ئازادییەکانی مرۆڤ ناکەن، ئامادەن لەپێناو پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستاو ئایندەدا، ململانێی شارستانی لەگەڵ هەموو ئەو هێزانەدا بکەن کە بەرژەوەندیی لایەنگرو کەسی نزیکو خێزانەکانی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوە.

گەشەدان بە سامانی مرۆیی پێویستی بە سوودوەرگرتن هەیە لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان، نەک لە سەردەمی ئەمرۆیاندا، بەڵکو لەو قۆناغانەشدا کە توانیویانە وەرچەرخانی مێژوویی گەورە بەرەو چاکسازیی‌و ئاوەدانی‌و بنیاتنانی شارستانی تۆماربکەن.

بەڵام بە هەمان ئەو ئەندازەیەی دەسەڵاتداران بەرپرسن لە گەندەڵکردنو خراپ بەگەڕخستنی سامانی مرۆیی، هاوڵاتیان خۆشیان بەرپرسیارێتییەکی گەورەیان لەسەر شانە لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە متمانەیان پێدەبەخشنو ئەرکی ئامادەکردنی نەوەکانی داهاتوویان پێدەسپێرن. ئێستا لە کوردستاندا هەموو ئامارو داتاو دیاردە کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی‌و تەندروستییەکان، ئەوە دەسەلمێنن کە سامانی مرۆیی ئەم وڵاتە لەبەردەم بێبەرنامەییەکی مەترسیدارو هەڕەشەیەکی راستەقینەدایە.

هەرێمی کوردستان لەڕووی سامانی سروشتی‌و ئابوورییەوە، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیدا، یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان، کەچی لەڕووی سامانی مرۆییەوە بەدەست قەیرانی مەترسیدارو بێبەرنامەیی‌و بێپلانیی کوشندەوە دەناڵێنێت. لەڕووی خزمەتگوزاریی‌و پێداویستییە ژیانییە زۆر ساناکانەوە، هاوڵاتیان گیرۆدەی دەستی چەندین کێشەن کە ساڵانە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم بەڵێنی چارەسەرکردنی دەدەن، کەچی ساڵەکان تێدەپەڕنو بەڵێنەکانیش جێبەجێ نابن.

لەکاتێکدا لیستی گۆڕان هەست بەو بێدادییە گەورەیە دەکات کە لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا هەیە، لەنێوان هەژارو دەوڵەمەند، نێرو مێ، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات، گوندیی‌و شاریی‌و خەڵکی ئەم ناوچەو ئەو ناوچەیە.. بڕوای بە سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوەی پارەو سامانو داهاتی کوردستان هەیە بەشێوازێکی دادپەروەرانەتر، بڕوای وایە سامانو دارایی گشتی ئەمانەتێکە لەلای حکومەت کە دەبێت بیداتەوە بە خاوەنەکەی. لیستی گۆڕان لە پێگەی دەسەڵاتدا بێت یان ئۆپۆزسیۆن، خەباتی دیموکراتی درێژە پێدەدات بۆ کەمکردنەوەی رێژەی ئەو کەسو خێزانانەی کە لە دۆخی هەژاریی‌و بێ حاڵو مالیدان، بۆ چالاککردنی تۆڕی بیمەی کۆمەڵایەتی‌و زیادکردنی بڕە بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو تۆرە.

مندالآنو نەوجەوانانو گەنجانی وڵاتی ئێمە، بەشێوەیەکی کارەستبار پەروەردەو ئامادە دەکرێن، بگرە زۆرجار بێباکانە پشتگوێ دەخرێنو وەک بارێکی قورس بەسەر شانی حکومەتەوە تەماشادەکرێن. دەزگا سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی‌و فێرکارییەکان رۆڵی پێویستی خۆیان ناگێڕن لە دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی‌و مەعنەوییەکانی نەوەی نوێدا، لە ئامادەکردنیان وەک بوونەوەری ئازادو بەرپرس، خاوەن ئەرکو ماف، وەک کەسانی خاوەن لێهاتوویی‌و شارەزا بە زانیاریی‌و تەکنەلۆژیای سەردەمو زمانو کولتوری میللەتان.

### ٥. ١. پەروەردەی مندالآنو نەوجەوانانو قوتابیان:

٥. ١. ١. بە دابینکردنی لانی کەمی دادی کۆمەڵایەتی، حکومەت باوکو دایک، یان سەرۆکی خێزان، بەرپرس دەکات لەئاست خراپ پەروەردەکردنی منداڵ لەناو خێزاندا، لەئاست هەر ئازارێکی دەروونی‌و جەستەیی کە دووچاری بیبێتەوە. وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست لەو پێناوەدا.

٥. ١. ٢. تەرخانکردنی بەشێکی گەورەتری بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ پەروەردەو پێگەیاندنو خوێندنی تەوزیمی، گەشەدان بە باخچەکانی مندالآنو پێشخستنی قوتابخانە سەرەتایی‌و ناوەندیی‌و ئامادەییەکان.

٥. ١. ٣. بچووککردنەوەی قەوارەی پۆلی خوێندن لەڕووی ژمارەی قوتابیان، گەورەکردنیان لەڕووی رووبەرو کەرەستەکانی دابینکردنی ئارامیی جەستەیی‌و مەعنەوییەوە.

٥. ١. ٤. دابینکردنی پێداویستییە مادیی‌و دەروونی‌و ژیانییەکان بۆ مامۆستایانو قوتابیان، لە هەموو شارو شارۆچکەو گوندو ناوچەکانی کوردستان بێ جیاوازیی.

٥. ١. ٥. نەهێشتنو بەرتەسککردنەوەی جیاوازیی لەنێوان ئاستی خزمەتگوزاریی‌و خوێندن، لەنێوان قوتابخانەکانی گوندو شاردا، لەنێوان ئاستی قوتابخانە نموونەییەکانو قوتابخانە ئاساییەکاندا.

٥. ١. ٦. لێپێچینەوەو سزادان سەبارەت بە هەر جیاکارییەک کە لەسەر بنەمای رەگەزی منداڵو هەرزەکار، رەنگو جەستە، پێشینی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی باوکو خێزان، دەوڵەمەندیی‌و هەژاریی، دەرەهەق بە قوتابیان بکرێت.

٥. ١. ٧. پێڕەوکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نوێ کە منداڵ، چ لە رووی رەگەزو چ لە رووی کەسایەتی مەعنەوییەوە، وەک بوونەوەرێکی ئازاد، خاوەن مافو ئەرک، دڵسۆزی بەرژەوەندیی گشتی پەروەردە بکات.

٥. ١. ٨. پێڕەوکردنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیانو ئاشناکردنیان بە زمانەکانی عەرەبی‌و ئینگلیزی لەپاڵ زمانی کوردیدا.

٥. ١. ٩. ئامادەکردنی قوتابی بەوەی تەنها بوونەوەرێکی وەرگرو پاسیڤ نەبێت، بەڵکو تاکێکی بیرکەرەوەش بێت، پرسیارو قسەی هەبێت سەبارەت بە بواری گشتی، لە سیستمی خێزانو قوتابخانەوە تا سیستمی سیاسی‌و فەرمانڕەوایی.

٥. ١. ١٠. بایەخدان بە کتێبخانە، فێرکاریی ئەلیکترۆنی، تاقیگە، شوێنی ئەزموونکردنو بەرفراوانکردنی بیرو هۆشی نەوەی نوێ.

٥. ١. ١١. بایەخدان بە هونەری شێوەکاری، مۆزیکو شانۆ لە قوتابخانەکاندا، وەک وانەی سەرەکی‌و دابینکردنی پێداویستییەکان لەو پێناوەدا.

٥. ١. ١٢. بایەخدان بە وەرزش، پەروەردەی جەستەیی، گەشتی زانستی‌و مێژوویی‌و حەوانەوەی دەروونیی مندالآنو نەوجەوانانو قوتابیان.


٥. ١. ١٣. هاندانی رۆشنبیریی‌و چاپەمەنیی مندالآنو کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە کارتۆنو پێگەیاندنی نەوەی نوێ بە وێنەی رەنگینو زمانی کوردیی پاراو.

٥. ١. ١٤. قەدەغەکردنی کارپێکردنی سەختو بەسوخرەگرتنو سواڵکردن بە منداڵ، گرتنەبەری سزاو رێوشوێنی پێویست لەو پێناوەدا.




داواتان لێدەکەین دەنگ بدەن بە لیستی گۆڕان بۆ ئەوەی مافەکانی ئێمە دەستەبەر ببێت

# بەڵێ دەتوانین بیگۆڕین




لە ژمارەکانی داهاتوودا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ژەنەراڵی پایزدا بخوێنەرەوە

## شەقامی گۆڕان..

ئەو شەقامەی چەند ساڵێکە شوێنی ئاهەنگ و بۆنە ڕەسمییەکانی دەسەڵاتەو عەرزی عەزەلاتی خۆیانی تێدا دەردەخەن و لەشاشەکانیانەوە نیشانی دەدەن، ئێستا یەک پارچە ڕەنگی نیلیی پۆشیوەو گەنجەکانی ئەم شارە تیایدا هاواردەکەن «گۆڕان بەڕێوەیە».

ئەمە دیمەنەکانی شەقامی سالم «سەهۆڵەکە»یە.. ئەم شەقامە لە هەموو بۆنەکانی پێشوودا بەتایبەتی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی یەکێتییەوە دەبووە بابەتی سەرەکی و یەکسەر چەند کامێرایەک ڕاستەوخۆ ڕوداوەکانی ئەو شەقامەیان دەگوێزایەوە، ئەوان چەند ساڵێک ئەو شەقامەیان کردبووە نمونەیەک بۆ ئەو جەماوەرە پانوبەرینەی هەیانە، کەچی ئێستا تەواو بێنازیان کردووەو وێنەیەکی ئەو شەقامە لە شاشەکانی ئەوانەوە نابینین، لەمەشدا هەقیانە چا چ بەشێکی ئەو شەقامە نیشان بدەن کە یەک پارچە ئاڵای گۆڕانی تیا دەشەکێتەوە.

گۆڕانی ئەو شەقامە هێمایەکی زۆر زیندووە بۆئەوەی هەموو ئەم شارەو تەنانەت ئەم هەرێمەش بەرەو گۆڕان دەڕوات، سەهۆڵەکە پێشتر چۆن دەروازەی دەستپێکردنی ئاهەنگەکانی لایەنگرانی دەسەڵاتی کوردی بووە، ئەمجارەش ئەو پێگەیەی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵام ئێستا کلیلی سەرهەڵدانی گۆڕانە.

هەموو شەوێک ئەم شەقامە پڕدەبێت لەو ئۆتۆمبێلانەی ئاڵای گۆڕانیان بەرزکردووەتەوە، کاتێکیش شەقامەکە بەڕووی ئۆتۆمبێلدا دادەخرێت، ئەوا گەنجان و خەڵکی ئەم شارە بەردەوام دەبن لە دەرخستنی حەزیان بۆ گۆڕان.

لە زۆرشاری دنیا ڕوداوێک بووەتە مایەی ئەوەی ناوی شەقامێک یان ناوچەیەک بگۆڕدرێت، بۆ ئێمەی کوردیش ئەمە باشترین دەرفەتە بۆئەوەی ناوی ئەم شەقامە بگۆڕین بۆ «شەقامی گۆڕان» تا ڕێز لەو حەزە جەماوەرییەی خەڵک بگرین بۆ گۆڕان و نەوەکانی داهاتوش تێبگەیەنین ئەم شارە ئەگەر گوێی لێنەگرێت و فەرامۆش بکرێت، ئەوا بۆ یەک ساتیش سڵناکاتەوە لەوەی ئەو واقیعە بگۆڕێت.

خەزان عەلی